دوو هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

دەریدەکات

دواڕۆژ

زمارە (٩٨) ساڵی هەشتەم

٢٠٢٠/١١/٠٦ ـ ١٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی

dwaroj@komala.com


# جەلال مەلەکشا

## قەڵەمی بوێر و یاخی ، دەنگی هەژاران و چەوساوانی کۆمەڵگا




**بێهرووز مەلەکشا**

مامۆستا جەلال مەلەکشا، قەڵەمی بوێر و یاخی ، دەنگی هەژاران و چەوساوانی کۆمەڵگا، نووسەرێکی دەروەست و کەسایەتیەکی شوێندانەرانە لەسەر بیری نەتەوەیی و ئامانجە بەرزە ئینسانیەکان و نیشتمان دۆست بوو، کەلەسەر بەرماڵی خوێنی شەهید سوجدەی بۆ نیشتمان دەبرد. ئەوینی رۆمانتیک لە شێعرەکانی جەلالدا، دەرباز بوون و رزگارییە لە ستەمێکی لە مێژینەی نەتەوایەتی و تەوژمی پۆستاڵی داگیرکەروسەرلێشێواوی کۆسپ و بەربەستە لەبەردەم جەلال و گەیشتن بە دڵدارە خەیاڵییەکەی و هەر بۆیە لە خۆ بوردوویی و گیانبازی لە پێناو گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکان، بەشێکی جیانەکراوە لە شێعرەکانی جەلالن. مامۆستا جەلال لە ئەدەبی بەرگریدا خاوەندارێتی لە وێژە و زمان و بیری نەتەوەیی ومانە ئینسانیەکان دەکات و سەربەستی کورد و رزگاری نەتەوەیی بۆ ئەو تەنیا خەونێکی شاعیرانە نییە، بەڵکوو باوەرێکی مرۆییە و وەک خۆی دەڵێ ؛» وشە یاخیە بێ لانەکان دەستەمۆ دەکات وێنەی فیشەک و شێعرەکانی بە گشتی بۆ هەژاران و چەوساوانی کۆمەڵگاو ئەویندارانی رزگاری دەبن بە چەک» جەلال بۆ بونیات نانی کۆمەڵگای یەکسان وئازاد تێکۆشاو بە قەڵەمەکەی بەگژ داگیرکەران و کلتوری پاشقەرۆ دەسەڵاتداراندا دەچووەوە سنوورە دەستکردەکانی دەشێواند و ئاواتەخوازە کە کاوەی کوڕی بە بێ بەربەستی سنوورە دەستکردەکان، لە سنەوە سەفەر بکات بۆ سلێمانی ، قامیشلی، دیاربەکر، ...لە زاری دادە پیرەی نیشتمانەوە بە کوێ دەشتی کۆمەڵگادا هاوار ئەکات: وەرن با هێلانە شێواوەکەمان بکەینەوە بە نیشتمان ، نەبینە بوازی بێگانە و وڵاتە دابەش کراوەکەمان بدوورزینەوە. جەلال بە هۆی تێکۆشان بۆ بەدی هاتنی ئامانجە بەرزە ئینسانیەکان زیاتر لە سێزدە ساڵی ژیانی لە زیندانەکانی ئێرانی سەردەمی پاشایەتی و رژیمی ئێستادا تێپەر کرد و زۆربەی شێعرە شۆرشگێرانەکانی بەرهەمی زیندانن و ئەگرچی شێوەیەک لە نهیلیسم لە سەرەتای شێعرەکانیدا بەرچاو دەکەوێت وسەرەرای دەردو چەرمەسەرێکی زۆر، بەڵام جەلال کەرامەت و خۆراگری وسەربەستی و پێداگری خۆی دەپارێزێت و هیچکات لە ئاست رۆژمەرگی و سوننەتەکاندا سەر نەوی ناکات و ئامانج و ئاواتەکان ناکات بە قوربانی نان و ناو! جەلال مەلەکشا کە لە هەر بارودۆخ و هەلومەرجێکدا و تا دوا هەناسە وەک رۆڵەی بە ئەمەگ و تێکۆشەر و وەفاداری نیشتمان ، لەگەڵ خەڵکەکەی مایەوە و لە پێناو سەربەرزی زمان و شکۆی شێعردا چەرمەسەری و ئازاری زۆری دیت، بەڵام رەنج بەخەسار نە بوو، سەرەنجام جەستەی ماندووی لەسەر شان و لە باوەشی میلەت و لە خاکی نیشتماندا ئارامی گرت ولەمەودوا ئیتر جەلال، شێعر و چیرۆکەکانی و وشە یاخیەکانی تا هەتایە لە سەنگەری شاخ و شاری کوردستان لەزاری هەر تاکێکی وڵاتپارێزەوە بۆ ئازادی و سەربەستی هاوار دەکەن و هیوای دوارۆژی هەژاران و چەوساوەکان و لە دڵی ئەویندارانی ئازادیدا خورپەی دێت.

## سەروتار

### توندڕەویی ئیسلامی، ئازادیی ڕادەربڕین و کۆماری ئیسلامیی ئێران

**ئەسعەد دورورودی**

کوژرانی وەحشیانەی مامۆستایەک لە فەرانسە بە دەستی ئیسلامییەکی توندڕەو لەبەر ئەوەی لە وانەی ئازادیی بەیاندا کاریکاتۆری پێغەمبەری ئیسلامی نیشاندا بوو، کاردانەوەی گەورە و بەرچاوی لە هەموو جیهان بە گشتی و ئورووپا بە تایبەتی بەدواوە بوو.

لەو وڵاتانە دانیشوان یان دەسەڵاتدارانیان ئیسلامین و ئازادیی ڕادەربڕین لە ژێر سێبەری ئاییندایە، ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک و دەسەڵاتداران پەنجەیان خستە سەر کاریکاتۆرەکان و سەرەڕای ئەوەی بەشێکیان کارە تیرۆریستییەکەیان ئیدانە کرد بەڵام ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەو کەسانەی کاریکاتۆرەکەیان بڵاوکردووەتەوە یان نیشانیان داوەیان بە تاوانبار زانی و لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەو کەسانە بێحورمەتییان بە ئیسلام و موسوڵمانان کردووە و کارەکەیان ناڕەوا و ناشایستە.

لەو شوێنانەی ئازادیی ڕادەربڕین ــ کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا وەکوو مافێکی بنەڕەتیی ئینسانەکان جەختی لەسەر کراوەــ جێگیر بووە و خەڵکەکە بە مافی خۆیان و هەمووانی دەزانن بە هەر شێوازێک ویستیان ڕەخنە بگرن و بۆچوونیان دەربڕن، نوکی توندی ڕەخنەکە لە ئیسلامییە توندئاژۆکان و بیری توندڕەوانە و دوور لە تولورانس بوو. لە ڕوانگەی زۆرێک لە خەڵکی ئورووپاوە ئازادیی ئایین مانای ئەوەیە خەڵک بۆیان هەیە هەر دینێکیان هەبێ یان هیچ دینێکیان نەبێ بۆیە ئەوانیش بە حەقی خۆیان دەزانن لە دەسدرێژیی ئاییندارانی تونداژۆ بۆ سەر ژیان و ئازادییەکانیان پارێزراو بن و ئیمانداران دەبێ خۆیان لەگەڵ یاسای مەدەنی و ئازادیی ڕادەربڕین بگونجێنن.

لەگەرمەی ئەم باسانەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەسەڵاتدارانی کە دەستەویەخەی قەیرانێکی توندی ناوخۆیی و نێودەوڵەتین و لە ژێر گوشاری خەڵکی نارازی و گەمارۆ ئابوورییەکاندان ئەژنۆیان شکاوە، بوونەتە ڕۆڵگێڕێکی چالاکی مەیدانەکە و بەتەمان لەو پارچەیە کەوایەک بۆخۆیان بدوورن.

حکوومەتی ئێران بەتەمایە بە خۆشکردنی ئاگری ئەو ناکۆکییانەی پاش وتەکانی سەرۆک کۆماری فەرانسە و دژ کردەوەی ژمارەیەک لە دەسەڵاتە ئیسلامییەکانی جیهان پەرەی سەندوو، گوشار بخاتە سەر فەرانسە و وڵاتانی ئورووپایی بۆ ئەوەی لە قەیرانی ئەمڕۆی کۆماری ئیسلامیدا ئیمتیازیان لێ وەرگرێ و لە بەرانبەر گوشارەکانی ئەمریکادا بەتەنیا نەمێنێتەوە.

دەسەڵاتدارانی ئێران لە کاتێکدا باسی ئازادیی دین دەکەن کە حکوومەتی ئەو وڵاتە خاوەنی یەکێک لە ڕەشترین کارەنامەکان لەو بوارەدایە.

...بۆ ل ٢


ڕێخستنە مەدەنییەکان و بەدیهاتنی ڕووناکبیری کۆمەڵگا
پەری.م_سنە (ل٣)

هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاو رای گشتی ڕۆژهەڵات
کاوان موکری (ل٣)

کۆتایی تەمەنی سیاسەتی ڕێفۆرمخوازی
الف.م.س (ل٤)

لە ساڵیادی ڕاپەڕینی خەزەڵوەری ٩٨ی هەتاوی
سامان سنە (ل٤)

بەرگری ڕەوای بزاڤی ڕزگاریدەر و ڕەشەکوژی
ئەسعەد.ع (ل٥)

بۆچی هەموو جیهان گرنگی بە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دەدات؟
د. محەممەد حسەین زادە (ل٦)

بنەماشکێنی و بونیادنانی شووناسی نەتەوەیی لە قۆناخی گوزاردا
دیاکۆ مرادی (ل٨)

مافی مرۆڤ و توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان
ئەسعەد دورورودی (ل١٠)

تاران پایتەختی سێدارە
عەزیز ئاجیکەند (ل١٤)

## درێژەی سەروتار

سەرکوتی بەرینی بەهاییەکان و یەهوودییەکان، بێمافیی خەڵکی ئەو ناوچانەی سوننی مەزهەبن، گوشار لە سەر ئەو کەسانەی دەیانەوێ ئایینیان لە ئیسلامەوە بگۆڕن بۆ ئایینی دیکە و بە گشتی بەڕەسمی نەناسینی مافی کەمینە ئاینییەکان لە هەموو ساڵانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرچاو و دیارە. لە هەمووی گرینگتر کەسانێک کە نایانەوێ پەیڕەویی هیچ ئایینێک بکەن یان بڕوایان بە دەسەڵاتێکی ئاسمانی نییە ئەگەر بە ئاشکرا باسی بکەن سزای مەرگیان بەسەردا دەسەپێ، واتە ئازادیی ئایین لە ئێرانی ئیسلامیدا نەک بۆ بڕوامەندان بە دین و نەک بۆ ئەو کەسانەی بڕوایان بە دین نییە بە هیچ شێوەیەک نابیندرێ و سزای قورس و بگرە مەرگ چاوەڕوانی ئەو کەسانە دەکا کە داوی ئەو مافە بکەن.

وتەکان، توویتەکان و وتووێژەکانی کاربەدەستە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە ڕواڵەت خۆی بە دوور لە گرووپە توندئاژۆکان دەنوێنێ، پاش ڕووداوە تیرۆریستییەکەی پاریس و وتەکانی سەرۆک کۆماری فەرانسە دژی توندئاژۆیی ئایینی، هەموویان بە شێویەک لە شێوەکان دەچنە خانەی بڵاوکردنەوەی نەفرەت و بیری ڕاسیستی و دژایەتیی ئازادیی بەیانەوە.

کۆماری ئیسلامی بە کردەوە نیشانی داوە پێشێلکارێکی گەورەی مافەکانی ئینسان لە هەموو جۆرێکیەتی. حکوومەتی ئێران نە پشتیوانیی ئازادیی دەربڕینە نە پشتیوانی ئازادیی ئایین کە بە سەرکوتی هەر چەشنە ئازادیکی تاک و کۆمەڵگا دامەزرا. کۆماری ئیسلامی سیستمێکی گشتخواز، داخراو، دژی هەمو کەمایەتییەکان و فاشیستییە کە ئامادەیە هەموو کۆمەڵگا بکاتە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی خۆی. بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تەنها هێڵی سوور دەسەڵاتی خۆیان و مانەوەیان لە سەر حوکم و دەسگرتن بەسەر سامان و سەروتی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیانە.

بۆ گەیشتن بە ئازادیی بەیان و ئازادیی ئایین و هەموو ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات و تەنانەت بۆ هێوربوونەوەی ئاگری توندئاژۆیی ئایینی لە ناوچەکە و لە جیهان، نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران فاکتۆرێکی گرینگ و سەرەکییە. ڕژیمی ئێران وەکوو گەورەترین دوژمنی ئازادی بۆی نییە خۆی وەکوو پشتیوانی ئازادی بنوێنێ.

# ڕاپۆرتێک لە سەر پرۆژەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە شاری سلێمانی وکاردانەوەکانی

سەیران مستەفازادە

توندوتیژی بەرامبەر بە ژن زاراوەیەکی پسپۆڕانەیە بۆ شیکردنەوەی کار و ڕەفتارە توندوتیژەکان بەکار دەبرێت کە بەرامبەر بە ژن دەکرێ . توندوتیژی بەرامبەر بە ژن بریتییە لە توندوتیژی دەروونی، سێکسی، جەستەیی، ئابووری. زۆر جار تاک بە سووک تەماشاکردن، بەسووک زانین ژن ئازار دەدات. زۆرجار توندوتیژی بە شکڵی هەڕەشە، زۆرەملێ، لێ سەندنەوەی دەسەڵات وئازادی بەشێوازی شاراوە یا ئاشکرا دێت . توندوتیژی ژنان لەهەموو چینەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و نژادی بوونی هەیە بەڵام ئەم دیاردەیە لەنێوان هێندێک لە گرووپەکان زۆرتر دەردەکەوێت و هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەر یاسا، کلتوور، دابوونەریتی زاڵ بەسەر ئەم گرووپانە. ژنانی کورد لەو دەستە ژنانەن کە بە شێوازی جۆراوجۆر دەکەونە بەر توندوتیژی ومافی ژیانیان لێ دەستێندرێتەوە. توندوتیژی دژی ژنان ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت و ڕۆژ نییە لە میدیاکانەوە هەواڵی کوشتن و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە هەرێمی کوردستان بڵاونەبێتەوە و ژنان لە ئاستی توندوتیژییەکان بێدەنگن وئامارەکانیش ئەوە دەردەخەن کە توندوتیژییە کان بەرامبەر بە ژنان زیاتربووە. ژنانی شاری سلێمانی دەربارەی هۆکارەکانی زیادبوونی توندوتیژی و بێدەنگی بەشێکی زۆر لە ژنان و چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی توندوتیژییەکان بۆچوون وتێڕوانینەکانیان دەخەنە ڕو و زۆربەیان باس لەسەر پیاوسالار بوونی کۆمەڵگا و لاواز بوونی یاسا بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدەن .لە مەراسمێکدا پرۆژەی مێینە« ئەڵبەت من ئەو دەستەواژەیە ، واتە مێینە بۆ ژن بە گونجاو نازانم و پێموایە ژن گونجاوترین ناوە بۆ مرۆڤ » لە شاری سلێمانی ڕاگەیەندرا کە لەو پرۆژە جلوبەرگی ئەو ژنانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر ئەنجامدراوە هەڵواسران. تارا عەبدوڵڵای خاوەن بیرۆکەکەش سەبارەت بە ئامانجەکانی ئەو پرۆژەیە دەڵێت :ئەو کارە بۆ پیشاندانی ئازارەکانی ژنان ئەنجام دەدرێت و ئامانجی ئەوەیە کە کۆمەڵگا تێبگات کە چ شتێک بەرامبەر بە ژنان لەناو ئەو کۆمەڵگایە ڕوو دەدات و ژنان چەندە ئازار دەبینن .ڕۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبەر لە پارکی نالی شاری سلێمانی پرۆژەی مێینە بەڕێوە چوو.ئەو پرۆژەیە تابلۆیەکە کە بریتییە لە جلوبەرگی ٤٨٠٠ ژن کە بەرامبەریان توندوتیژی ئەنجام دراوە وبە حەولی تارا عەبدوڵڵا و ستافێکی سی نەفەرە دروست کراوە .ئەو جلوبەرگانە لەپارکی نالی تا دادگای سلێمانی هەڵواسران .تارا عەبدوڵڵا ئەو جلوبەرگانەی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان کۆ کردووەتەوە و



هەموویان پێکەوە دووراون و ماوەی سێ مانگ کاتی بردووە .پاش مەراسمەکە بەشداربووان لە بەردەم پارکی نالی تا بەردەم باخی گشتیی ڕێپێوانێکیان دژی توندوتیژییەکانی سەر ژنان ئەنجامدا.بەڵێن وابوو کە ئەو تابلۆیە ماوەی دوو ڕۆژ هەڵواسرێ بەڵام شەوی یەکەم ئەو تابلۆیە لە لایەن هێندێک کەس ئاگردرا. تارا عەبدوڵڵا سەبارەت بەو کردەوەیە بەکەناڵی ڕووداو ی گوت :لە پێناو پاراستنی گیانی هاوڵاتیان، پاش سووتاندنی بەشێک لە پرۆژەکە . جلوبەرگەکان لابران.بەڵام ئەو جل و بەرگە لە پرۆژەیەکی دیکە دا بەکار دەهێنرێت ودەبێت بە شۆکێکی تر بۆ هاوڵاتیان و بۆ ئەو کەسانەی کە پرۆژەکەیان سووتاندووە دەڵێت :کاری ئەو کەسانە نیشانەی ئەوەیە کە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدرێت و ئەو کارەش بەشێکە لە توندوتیژییەکانی بەرامبەر بە ژنان .بۆ ئەوی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان کۆتایی بێت ، دەبێ هەنگاوی یەکەم لە خۆیانەوە دەست پێ بکەن و کۆمەڵگا دەبێ پاڵپشتی ئەو ژنانە بێ کە زوڵمیان لێکراوە و هەروەها دابوونەریتی دژە ژن گۆڕانکاری بکرێت .ئەو کەسانەی کە توندوتیژی بەرامبەر بە ژن ئەنجام دەدەن دەبێت بە قورسی سزا بدرێن و ڕوانگەی پیاوسالارانە لە ناو کۆمەڵگا تەواو بێت و پیاوان زۆرتر لە ژنان وشیار بکرێنەوە و نابێت هەر باس لە سەر وشیاریی ژنان بکرێت و پیاوەکان بەو بیروباوەڕە بگەن کە ژن ، نامووس و شەرەف و دارایی شەخسیی پیاو نیە.

# دەبێ بۆ ژیانێکی باشتر خەبات بکەین، خۆکوشتن ڕێگا چارە نیە

سامان_ سنە

بەداخەوە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا و تا ئێستا زیاتر لە ٥٠ هاووڵاتیی لە کوردستان خۆکوژییان کردووە. لە نێو ئەم خۆکوژیانەدا نزیکەی ٣٠ کەس ژنان و ٢٠ کەسیش پیاوان پێکی دەهێنن لە ماوەی دوو حەوتوویی ڕابردوودا دوو کچی لاو بە ناوەکانی «ڕێژوان شەریفی و بەهارە تەوریوەری» لە سنە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە و بەداخەوە گیانیان لەدەست داوە.

تەمەنی ئەو کەسانەی هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، لە ١٢ ساڵ تا تەمەنی سەرەوەی ٤٠ ساڵە بووە. حاڵەتەکانی خۆکۆشتن بە شێوەی خۆ هەڵواسین، حب خواردن، خۆسووتاندن، خۆکوشتن بە چەک و خۆ خستنە خوارەوە لە سەر بەرزایی بووە.

هۆکارەکانی خۆکوشتن زۆرتر بە هۆی هەژاریی، هاوسەرگیری زۆرەملێ، خەمۆکی، گوشاری ئەخلاقی و پیاوسالاری ڕاگەیەندراوە.

ئەوەیکە ئێمە ئەمڕۆکە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی دەیبینین، خۆی بەستێنەکانی خۆکوشتن ئاسانتر و زۆرتر کردووەتەوە.

کۆمەڵگای ئێران ئێستاکە لە ژێر دەسەڵاتی یەکێک لە هارترین و گەندەڵترین ڕژیمە سیاسیەکان دایە. بە پێی داتاکان کە هەر ١٠ ساڵ جارێک بڵاو دەکرێتەوە، لە هەر چوار هاووڵاتیی ئێرانی یەک کەسیان کێشەی دەروونیان هەیە. چەندین میلیۆن دۆسیەی دادوەری لە دادگاکاندا ئیشی لەسەر دەکرێت. لە بەشی کۆمەڵایەتی سەرنجدان بە کێشە دەروونیەکان لە ژێر سفر دایە.

پەرەسەندنی خەمۆکی لە کۆمەڵگا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە دۆخی ژیان، کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانەوە هەیە. لەم ڕۆژانەدا کە گوشاری ئابووریی و پەراوێز کەوتنە کۆمەڵایەتێەکان و دەستپێڕانەگەیشتن و ئاسایش و شادی و سڵامەتی و دۆخی خراپی خواردنی هاووڵاتییان پەرەی سەندووە و بێ گومان ئەمەش کاریگەریی هەیە لە سەر زۆربوونی حاڵەتەکانی خەمۆکی. بە دڵنیایەوە هەژاریی ئابووریی هەنووکەیی گوشارێکی زۆری وەکوو ئیزۆلە بوون، هەست بە نائەمنی کردن و خۆکوژیی ساز کردووە.

لە پاڵ هەژاری و دەستڕانەگەیشتن بە پێداویستیە ئابووریی و دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە، نەبوونی بیمە و پشتیوانی تەندروستی بۆ چەند میلیۆن کەس کە لەردەم گیرۆدەبوون بە نەخۆشیە دەروونیەکاندان، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی خۆکوژییە لە ئێران.

ڕێگای خەبات بەرامبەر بەم دۆخە ئاڵۆزەی ئابووریی و خەبات دژی دیاردەی خۆکۆشتن، بەدیهێنانی بەختەوەری بۆ مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادایە. ئەگەر ژیان بە هەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە ئابوورییەکان و دابینکردنی ژیانێکی شایانی مرۆڤی ئەم سەردەمە و بە دوور لە هەژاریی و بێ دەرەتانی و هاوتەریب لەگەڵ پێوەرە بەرز و ئەوڕۆپەکاندا، بەختەوەری و کەرامەت و حورمەتی مرۆڤەکان زۆرتر دەبێت. دابینکردنی ئەم دۆخە تەنیا بە لەنێوبردن و کۆتایی هێنان بە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی مسۆگەر دەبێت

لە بواری خەباتی کۆمەڵایەتی، بەشداریی چالاکانەی هەڵسووڕاوانی ناسراو لە ئاستی شارەکاندا و پەرە پێدانی یەکڕیزیی و دروستکردنی ناوەندە خەڵکیەکان لە نێو گەڕەکەکاندا کاریگەریی زۆری هەیە. بایەخدان و پشتیوانی لەو کەسانەی خەمۆکیان هەیە یان لە ژێر دەرمان و چاوەدێریی پزیشکی دان، لە لایەن چالاکانی مەدەنی و کەسە نزیکەکانیان و دروستکردنی هاودڵی و یارمەتی کردنیان مرۆڤانەترین هەوڵێکە کە دەتواندرێ ئەنجام بدرێت.

ئەم پاراگرافە بە وەبیرهێنانەوەی ڕەستەیەک لە سادق هدایەت کۆتایی پێ دێنم، کە دەڵێ: «کارێکی شێتانەم کرد، بە خێر و خۆشی تێپەڕ بوو». ئەمە بەشێک لە نامەیەکە کە سادق هدایەت بوو کە، پاش یەکەم هەوڵی خۆکوژیی بۆ براکەی نووسی. ناوبراو لە ساڵی ١٣٠٧ هەوڵ دەدات لە چۆمێک لە شاری پاریس لە وڵاتی فەرانسە بخنکێنێت کە، بەلەمێک دێت و ڕزگاریی دەکات. ئەو هیچکات سەبارەت بەم کارەی خۆی قسەیەکی نەکرد.

ئەم ڕووداوە دوەتر بووە هۆی نووسینی چیرۆکی «زیندوو بە گۆڕ» لە نووسینی سادق هدایەت و لەوێ دەڵێ: «هەموو کەس لە مەرگ دەترسن و من لە ژیانی سەرسەختی خۆم. چەندە ترسناکە کاتێک کە مردن مرۆڤی ناوێت و دەستی ڕەت دەنێ بە سنگتەوە! کەس بڕیاری خۆکوشتن نادات، خۆکوشتن هەموو کات لەگەڵ هەندێ کەسە. لە سورشت و نوتفەی ئەوان دایە، ناتوانن لە دەستی هەڵبێن».

بەڵام ئاخۆ بەوجۆرەی کە هدایەت، زۆرێک لە خەڵک وا وەکوو ئەو بیر ئەکەنەوە، خۆکوشتن هاوچارەنووس و لە زات و سروشتی ئاواندایە؟ ئاخۆ بەڕاستی ناتوانی لە دەستی هەڵ بیت؟ بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە. هیچ بەڵگەیەکی زانستی کە دەری بخات «خۆ کوشتن لە زات و سروشتی کەسێک دایە» بوونی نیە و هەر کەسێکیش کە گیرۆدەی ئەم بیرۆکەیە، دەتوانێ ڕزگاریی ببێت.

# ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕووناکبیریی کۆمەڵگا.

پەری.م-سنە

کۆمەڵگای ئێمە بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی زەخت و گۆشاری ڕژیمی سەرکوت و سێدارە لە بواری فەرهەنگی و ڕۆشنبیری دا روو لە دواوەوەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ پاشەکشەی پێ دەکرێت. ڕۆڵ و نەخشی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ سازدانی بزووتنەوەیەکی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری زۆر گرینگە و پێویسە لەم ڕۆژانە کە نەخۆشی کرۆنا و گۆشاری ئابووری هەموو بنەماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خستووە ژێر ڕکێفی خۆیەوە ئێهتمامی تەواوی پێ بدرێت و کۆمەڵگا لەم بوارە بێبەش نەکرێت. لە ڕاستیدا ڕێخستنە مەدەنییەکان، لەو ڕێگە و کەناڵە سەرەکییانەن کە ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگەدا بڵاو دەکەنەوە و، تاکەکانی لەسەر بابەت و دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان هوشیار دەکەنەوە. ڕێخستنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەزگایەکی فەرمانڕەوایی نییە، بەڵکوو جۆرێکە لە چالاکیی ئارەزوومەندانە و، لەسەر ڕۆشنبیرییەکی ئارەزوومەندانە بنیات دەنرێ و، لە ڕێگەی چالاکوانەکانیشییەوە لەسەر وەگەڕخستن و ڕۆشنکردنەوەی ڕۆح و هەستی کاری بەکۆمەڵ و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە دەوڵەت ناتوانێت پڕیان بکاتەوە، کار دەکات. واتە، دەوڵەت هەرچەندە دامودەزگەی زیاتری هەبێت، ناتوانێت سەرتاپای پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگە پڕ بکاتەوە. ئێمەیش وا دەکات کە ئۆرگانی دیکە لە ناو دەوڵەتدا هەبن، تاکو ئەو کەلێنانە پڕ بکەنەوە. ڕێخستنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێویستە ببنە بنەمای دروستکردنی پردی دیالۆگ و گفتوگۆ لە نێوان خەڵکدا؛ دیالۆگێکی مەدەنی، لەسەر بنەمای گوێگرتن و خستنەڕووی خواستە ڕەواکان لە لایەن سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە. بێ گومان، ڕێکخراوی مەدەنیی ئەکتیڤ و کارا، لە هەر سیستەمێک و کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا بێت، لە برەودان بە بزاڤی ڕۆشنبیری، ڕۆڵیکی چالاکانەی هەیە و، دەبێتە سەکۆیەکی دیالۆگ و گفتوگۆ و پردی پەیوەندی لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی و هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی تاکەکان بەرامبەر بە پرسە جیاوازەکان.

ئاشکرایە زانایانی بواری سیاسی و کۆمەڵناسی بەگشتی، بایەخ و گرنگییەکی گەورەیان بە پێناسە و شرۆڤەکردنی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی داوە و، زاراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی بە یەک ڕستەی جێگیر، پێناسە ناکرێ بەڵکوو بە شێوازی جۆربەجۆر گوزارشتی لێ کراوە. هەروەها، ئەرکی کۆمەڵگەی مەدەنی لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە گرووپێک لە خەڵک لە دەوری یەک کۆ ببنەوە، بۆ ئەوەی کێشە هاوبەشەکانیان چارەسەر بکەن. بۆیە، کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە «کۆمەڵگەیەک کە ئەندامەکانی، ئەوەندە ئازادن، دەتوانن بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان ڕێکخراو و ئەنجومەنی جۆراوجۆر پێک بهێنن». کۆمەڵگەی مەدەنی، خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە کە ئامانجیان ئەوەیە سیستەمێکی سیاسیی دیموکراسی یان ئایدۆلۆژییەکی تەندروست، یان حکوومەتێکی کارا بێننە سەر کار، هەڵبەتە لە ڕێگەی ئەو کار و چالاکییانەی کە لە کۆمەڵگەدا ئەنجامی دەدەن و هەوڵ بۆ دروستکردنی تاکێکی ڕۆشنبیر و کۆمەڵێکی هوشیار دەدەن. کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، نموونەیەکی نوێی سیستەمێکی دیموکراسیی هاوچەرخە. بیرمەندی سوسیالیست ئیتاڵیایی «ئانتۆنیۆ گرامشی»، وای دەبینێت کە ڕێخستنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە هەژموونی ڕۆشنبیری و برەودان بە ڕەوتی هۆشیاری لەنێو کۆمەڵگەدا، دەورێکی چالاکانەیان هەیە. لە لایەکی ترەوە، بیرمەندی ئینگلیزی، «تۆماس بین»، یەکەمین کەسە، کە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیدا جیاوازیی کردووە. بە بۆچوونی ئەو، دەوڵەت کیانێکی دروستکراوە و بەسەر کۆمەڵگەدا سەپێنراوە و، ڕێگە بە دەوری تاکەکان نادات کە هەوڵی ئارەزوومەندانە بدەن، لەبەر ئەوەی دەوڵەت، بە سروشتی خۆی، خاوەن دەسەڵاتە. بەڵام کۆمەڵگەی مەدەنی، بەپێچەوانەی کۆمەڵگەی سیاسی دەوڵەتەوە، ڕۆحی بەکۆمەڵ و چالاکیی ئارەزوومەندانەی تێدایە و، پانتاییی ئەخلاقی لە نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانڕەوایکراودا بەرجەستە دەکات. هەروەها، چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لای تۆماس بین، بریتییە لەو گۆڕەپانەی کە دامەزراوەی ئارەزوومەندانە لە نێوان تاک و دەوڵەتدا لەخۆ دەگرێت.



ڕێخستنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕۆڵێکی ئەوەندە گرنگیان لە بەرێوەچوونی پرۆسەی دیموکراسی هەیە، کە زۆر لە شارەزایان یاماژە بۆ ئەوە دەکەن، مەحاڵە قسە لەسەر دیموکراسی لە وڵاتێکدا بکرێت، ئەگەر ڕێخستنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو وڵاتەدا نەبن، یان هەبن بەڵام لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و پارتە سیاسییە فەرمانڕەواکانەوە پەکیان خرابێ و کۆنترۆڵ کرابن. بەڵام، دەبێت ئەوەیش لەیاد نەکەین کە کۆمەڵگەی مەدەنی، بەبێ جۆرێکی تایبەت لە زانیاری و ڕۆشنبیری و مەعریفە و وشیارییەکی پتەو و بەرز، مەحاڵە دروست ببێت. ڕێخستنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ چەندین ڕێکخراو و گرووپ پۆلێن دەکرێن. یەکێک لەو گرووپانە، پێیان دەگوترێت ڕێخستنە هزری و ڕۆشنبیرییەکان، کە ئەو ڕێکخراوانە دەگرێتەوە کە لە بوارێکی دیاریکراوی ڕۆشنبیریدا، بایەخ بە پتەوکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەکەیان دەدەن.

# هەڵبژاردنەکانی ئامریکا و ڕای گشتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کاوان موکری

هەڵبژاردنەکانی ولایەتە یەک گرتووەکانی ئامریکا هەموو کات گرینگییێکی زۆری بۆ وڵاتانی جیهان بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە. لە پاش هاتنە سەر کاری دۆناڵد ترامپ لە ساڵی ٢٠١٦ زایینی و چوونە دەرێی ئامریکا لە ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی وڵاتانی زلهێزی جیهان لەگەڵ ئێران(ناسراو بە بەرجام) بەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەتوانێ کاریگەرییێکی یێکجار زۆری بە تایبەت لەسەر وڵاتی ئێران هەبێت. هەر لەسەر ئەو بابەتە ڕای گشتی خەڵکی ئێران بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بەو هەڵبژاردنانە دەتوانێ سەرنج ڕاکێش بێت. دۆناڵد ترامپ لە ڕۆژی ١٨ بانەمەڕی ساڵی ٩٧ هەتاوی بە پێی فەرمی لە ڕێکەوتننامەی بەرجام چووە دەرێ. لە دوای ئەو ڕێکەوتەوە ئامریکا گەورەترین و سەختترین گەمارۆ ئابووریەکانی بە سەر ئێراندا سەپاند. لە سێ ساڵی ڕابرڕوودا بە پێی هەواڵە فەرمیەکان، ڕادەی هەناردە کردنی نەوت لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە لە ڕۆژانە ٢.٥ ملیۆن بەرمیل تا ژێر ٥٠٠ هەزار بەرمیل دابەزیوە. هەروەها نرخی دۆلاری ئەمریکی لە سەتا ١٠٠٠ بەرز بۆتەوە کە ئەو مسئەلە بۆتە هۆی گران بوونی زۆری کەل و پەلی پێداویستی خەلک. جگە لە هەڵمسانی نرخەکان، قات بوونی پێداویستیەکان یەکێکیتر لە گرفتەکانی ئەم ڕۆژانەی خەڵکی ئێرانە. بۆ نموونە لە ڕۆژانی ڕابردوودا نەبوونی ئارد و نان لە شارەکانی تەورێز، ورمێ، بۆکان و سەقز دژوارییێکی زۆری بۆ خەڵکی ئەو شارانە ساز کرد. هەروەها لە ئێستادا گرفتی قات بوون و گران بوونی ڕۆنی خواردن لە هەموو ئێراندا پێش هاتووە. ئەوانە تەنیا نموونەگەلێکی زۆر کەم لە گرفتەکانی ئابووری گەلی ئێران بە تایبەت خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(بە بۆنەی نەبوونی کار و ئابووری لاوازتری کوردستان) لە سێ ساڵی ڕابردوودایە. بە پێی ئەم گرفتانە لە سەردەمی سەرۆک کۆماری ترامپدا، ئایا دەبێ وا بیر بکەینەوە کە خەڵکی ئێران بۆ کەم بوونەوەی گۆشارە ئابووریەکان، بە گشتی ئاواتەخوازی هاتنە سەر کاری جۆ بایدێن کاندیدای دمۆکڕات بۆ سەرۆکایەتی ولایەتە یەکگرتووەکان دەکەن یان زۆرینەی خەڵک جیاواز بیر لەو مەسئەلە دەکەنەوە ؟ بە گەشتێک لە نێو خەڵکی ناڕازی ئێران و کوردستاندا و هەروەها ڕاپرسیە ئینترنێتیەکان زۆرینە خەڵکی ئێران ئاواتیان(بە درووست یان هەڵە) دووپات بوونەوەی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترامپ بۆ چوار ساڵی داهاتووە. بەڵام هۆی ئەم ئاواتە لە ژێر گۆشارە ئابووریەکانی ئامریکا بۆ سەر ئێران دەبێ چ بێت؟؟!!! بۆ وەڵام دانەوە بەم پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە ساڵی ٢٠١٥ زایینی دوای بەستنی ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی لە نێوان ئێران و وڵاتانی زلهێزی جیهاندا. هەڵبژاردنی ڕۆحانی کەسێک نیزیک بە گۆران خوازەکان و هەروەها ڕێکەوتنی ئێران لەگەڵ جیهان بە تایبەت ئامریکا، تا ڕادەیێکی زۆر شادی و ئۆمێدی لە نێو خەڵکی ئێراندا ژیاندەوە بەڵام ئەو ئاواتانە زۆری نەخایاند. لە دوای جێ بە جێ بوونی ئەو ڕێکەوتننامەیە، حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی هەڵمسانی نرخەکان ڕاوەستانێکی زۆری بەسەر ئابووری ئێراندا داسەپاند. ئەو مسئەلەیە بوو بەهۆی لە ناو چوونی زۆری پیشە ئابووریەکان و هەروەها زۆرتر بوونی ناڕەزایەتی گەلی ئێران لە دۆخی ئابوری. لە سەر ئەو گرفتە ئابووریانە، لە مانگی بەفرانباری ساڵی ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ هەتاویدا خۆپیشاندانەکانی گەورەی دژ بە کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چوو کە بە دڕندەترین شێوە و بە کوژران و شەهید بوونی سەتان کەس لە خۆپیشاندەران لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیەوە سەرکوت کرا. هەروەها بە بۆنەی بەرجام و دەوڵەمەندتر بوونەوەی کۆماری ئیسلامی، دەیان میلیارد دۆلار لە وڵاتانی وەک سووریا و یەمن و عێراق بۆ دەست تێوەردان لە سیاسەتی ئەو وڵاتانە، لە لایەن ڕژیمەوە بە بێ لە چاو گرتنی گرفتە ئابووریەکانی خەڵکی ناو ئێران، خەرج کرا. ئاواتەکانی خەڵکی ئێران لە دوای بەرجام بۆ باشتر بوونەوەی کارەساتی ئابووری، سیاسی و مافی مرۆڤ بە دیتنی ئەو بارووردۆخە بە تەواوی لە ناو چوو. کەسانێک کە لە ساڵی ٩٢ی هەتاویدا بە دەنگدان بە حەسەن ڕۆحانی کاندیدای گۆڕان خوازەکان هێشتا بە داهاتووی ئەم وڵاتە ئۆمێدوار بوون بە دیتنی سەرکوت، ئاکامی خراپی ئابووری بەرجام و هەروەها خەرج بوونی داراییەکانی خەڵک لە وڵاتانیتر، بە یێکجاری دژ بە کۆماری ئیسلامی وەستانەوە. بەپێی ئەم بابەتانە کە باس کرا خەڵکی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە تەواوی لە بیری چاک سازی کۆماری ئیسلامی کشاونەتەوە و تەنیا ڕێگای چارەسەری گرفتەکانی ئەو وڵاتە لە ڕووخانی ڕژیم دا دەبینن. لە دوای شەهید کردنی خۆپیشاندەران لە دوو خۆپیشاندانی ڕابردوودا، بە بیر و بڕوای گەلی ئێران بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی جگە لە خۆپیشاندانەکان، گەمارۆ نێو دەوڵەتیەکان دەتوانێ کۆماری ئیسلامی لاوازتر لە جاران بکاتەوە هەتاکوو بە لایەنگری وڵاتانی بە تایبەت ڕۆژاوا ئاواتی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بەدی بێت. هەر لەسەر ئەو بابەتە زۆرینەی خەڵکی دژە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، بە تایبەت خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خوازیاری مانەوەی دۆناڵد ترامپ لە کاخی سپی بۆ چوار ساڵی داهاتوون، کە ڕابردووی چوارساڵەی نیشان دەدات کە توندتر و سەختتر لە دمۆکڕاتەکان دژ بە کۆماری ئیسلامی دەوێستێتەوە. بەڵام بۆ داهاتوو لەسەر ئەم مسئەلانە چەند پرسیار پێش دێت:

١- ئایا مانەوەی ترامپ ئۆمێدێکی درۆیی لە نێو جەماوەری ئێراندا بۆ ڕووخاندنی ڕژیم لە لایەن ئامریکاوە ساز ناکا و نابێتە هۆی کەمتر بوونەوەی چالاکی سیاسی دژ بە کۆماری ئیسلامی لە لایەن خەڵکەوە؟؟

٢- بە هاتنە سەر کاری بایدێن کاندیدای دمۆکڕاتەکان بۆ سەرۆکایەتی ئامریکا سیاسەتی ئامریکا لە بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئێران چ گۆڕانکارییێکی بەسەردا دێت و بە لاچوون یان کەم بوونەوەی گەمارۆ ئابووریەکان، بەرنامەی چالاکانی سیاسی دەبێ چ بێت ؟

٣- بە بڕوای ئەمن گرینگترین پرسیارئەوەیە کە، بە دووپات بوونەوەی سەرۆکایەتی ترامپ ئەگەر لە مانگەکانی داهاتوودا کۆماری ئیسلامی بۆ پەڕاندنەوەی خۆی لەو دۆخە دژوارە ڕێکەوتنێکی تر لەگەڵ ئامریکا واژۆ بکات ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن بۆ درێژە پێدان بە چالاکیە سیاسیەکانی جەماوەری ئێران دەبێ چ بێت؟

لە کۆتاییدا بۆ دووری کردن لە نائۆمێدی خەڵک لە وەڵامی ئەو پرسیارانە، دەبێ هەموو خەڵکی ئێران بگەن بەو بڕوایەی کە ڕێگای ڕووخانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نە لە هەڵبژاردنەکانی ئامریکادا بەڵکوو لە خۆپیشاندان و نافەرمانی مەدەنی لە سەر شەقامەکانە.

# کۆتایی تەمەنی سیاسەتی ڕێفۆڕمخوازی و پێویست بوونی "کونەفەیەکوون"بوونی ئەم ڕەوتە

**الف.م.س**

ئەندامی لێژنەی باڵای پلاندانانی ڕێفۆڕمخوازان لەسەر ئەم باوەڕەیە تەمەنی سیاسیی حیزبە ڕیفۆڕمخوازەکان بە پێی پوتاسیەڵ و پێداویستی هەنووکەییەکان بە کۆتایی هاتوە و ئەم ڕەوتە تا "کون فە یەکوون نەبێ هێز و توانای ڕۆڵ گێرانی بەرچاوی لە گۆڕەپانی سیاسی وڵاتدا نابێ عەبدول کەریم حسەین زادە جێگری پێشووی سەرۆکی فراکسیۆنی ئومیدی پەڕلمانی ئێران و ئەندامی لێژنەی باڵای پلان دانانی ڕێفۆڕمخوازان لە وتووێژێکدا باس لە تەواو بوونی تەمەنی سیاسی حیزبە ڕێفۆڕمخوازەکان و پێویستی نۆژەن بوونەوەی ئەم ڕەوتە دەکا. ئەو دەڵێ: "جۆرێک لە باوکسالاری کوشەندە و پەیوەندی گەلێکی ژەهراوی لەسەر بنەمای گزیرپەروەری بوونە هۆی ئەوەیکە لەو حیزبانەی وا هەن پارێز بکەین و بەو ئاکامە بگەین کە ئەوە حیزبەکانن نەک چالاکی حیزبەکان کە بەرهەڵستی ڕاستەقینەی ڕێفۆڕمخوازی لە ئێرانن و لە دوورخستنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی و لە دەست چوونی مەتمانە بە ڕێفۆڕمخوازی کاریگەرن" لە پاییزی ساڵی نەوەد و دوو و دەستپێکی خەباتی ماڵ دۆڕاوان و پێ پەتیان کە خۆیان زەمانێک قەڵای دەسەڵات بوون تا خۆپیشاندانە خوێناوییەکەی خەزەڵوەری نەودوهەشت ڕێژەی دابەزینی لایەنگرانی ئەم ڕەوتە لە کۆمەڵگا و هەروەها تەنگ بوونەوەی پانتایی نفووزی، ئاشکراتر لە هەمووکاتێک بوو. ئێستا ئەم ئەندامەی لێژنەی باڵای ڕێفۆڕمخوازان دەڵێ کە ڕەوتی ڕێفۆڕمخوازی تا " کون فەیەکوون " نەبێ و لە " کەسایەتیەکان، حیزبگەل و هزر و ڕێکاریان ئاڵوگۆڕی بنەمایی بەدی نەیە چیتر توانای ڕۆڵگێران و کاریگەریان لە پانتایی سیاسی وڵاتدا نابێ " بە ڕای ئەو ئەم خەسارناسییە دەبوو زۆر زووتر لە لایەن ڕێفۆڕمخوازانەوە ئەنجامی گرتبا و" نە تەنیا بۆ هەڵبژاردن بەڵکوو بۆ پەیوەندی لەگەڵ پێگەی کۆمەڵایەتی و خەسارناسی چالاکییەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری نەودودوو و چەن هەڵبژاردنی دیکەش کرابا» لە گوێی گادا خەوتنێکی قووڵی ڕێفۆڕمخوازان ڕەنگە ئێستاش هیچ سیمایەک ئەوەندەی محەممەدی خاتەمی مەحەکی هەڵسەنگاندنی ڕێژەی خۆشەویستی ڕێفۆڕمخوازان نەبێ. ڕەخنەکان بە ڕەوتی ڕێفۆڕمخوازی لە خولی ئەوەڵی سەرۆککۆماری ئەوەوە دەستی پێکرد و دوای دوهەمین خولی ئەو گەیشتە جێگایەک کە دڵساردی لە ڕەوتی ڕێفۆڕمخوازی گەیشتە ئاکامی سەر کار هاتنی ئەحمەدی نژاد. ڕوو وەرگێڕان لە ڕێفۆڕمخوازی لە کۆمەڵگا گەرچی لە پێشدا لە لایەن چینی لاوی ئەم ڕەوتە دەستی پێکرد بەڵام هەرچی ڕێفۆڕمخوازان لە دژایەتی کردنی نیزامی سەرکوتکەر و تاڵانچی و دیکتاتۆڕ خۆیان بوارد، بە ڕێژەی کەسانێک کە لە ڕێفۆڕمخوازان هیوابڕاو بوون زیادی کرد. قۆڵبەست کردنی کەسایەتی ناوداری ڕیفۆڕمخوازان دوای هەڵبژاردنی هەشتاوهەشت و هەروەها سەرکوتی هەمە لایانەی ڕەوتی سەوز، لە ڕاستیدا کەسایەتی و ڕواڵەتی شاراوە و کەمتر ناسراوی سەوزەکانی اهاویشتە نێو گۆڕەپانی کایەی دەسەڵات. ڕێفۆڕمخوازی هیلاک و لە پەڕاوێز خراوی دەسەڵات تەنیا بە "بۆڵە بۆڵ" کردن ڕازی بوو. گلەیی و بۆڵەکانیشیان چیدی بۆ وەدەست هێنانی داخوازی بنەمایی جەماوەر نەبوو بەڵکوو گلەیی و گازندەیان لە بەشی کەمی دەسەڵات بوو کە پێیان بخشرابوو. هەڵبژاردنی یازدەهومی پەڕلمان ئەم ڕاستییەی بە گشتی ئاشکرا کرد. ئەم چالاکە ڕێفۆڕمخوازە لە فکرێک لەم ڕەوتە ڕەخنە دەگرێ کە پێیوایە (( کۆمەڵگا ناچار بە هەڵبژاردنی ئەوانە. یانی ئەگەری هەڵبژاردنی جنسێکی کە یا شێوە ڕەفتاری سیاسیەکی کەی بۆ ئەوان نابینێ و هەر بۆیە دەست لە چاکسازی بەرهەمەکانی خۆیان لە هزر و ئەکتەر و چالاکیەکان نادا. هەر لەم کەشەدایە کە کەسایەتێکی ناسراوی ڕێفۆڕمخواز کە ئەزقەزا دەبێ هێمای چاکسازی ناوخۆیی لەم ڕەوتەدا بێ، دەڵێ کۆمەڵگا دوای ئەزموونی بناژۆخوازان دیسان بۆلای ڕیفۆڕمخوازان دەگەڕێتەوە)) حسەینزادە ئەم پرسیارە دەکا و دەڵێ : کام حیزبی ڕێفۆڕمخوازە کە بە مانای ڕاستەقینە حیزب بێ و لەگەڵ بەدەنەیەکی کۆمەڵایەتی بەرچاو پەیوەندییێکی ئامنجدار و بەرنامەدارێژراوی هەبی ؟ یا ساز وکاری نێوخۆیی بۆ چاودێران ڕوون و ئاشکرا بێ ؟ کام حیزبە کە تووشی باوکسالاری نەبووبێت و لقی شارەکانی بەراستی چالاک بێ و بە گشتی ڕاکێشانی بۆ لای خۆی زۆرتر بێ تا تاراندنی؟ با تەعارۆف وەلا نێین. بە بڕوای ئەم پەڕلمانتارە چەن سەرکەوتن لە هەڵبژاردن لەسەر ئەساسی بارودۆخی ڕەقیب لە کۆمەڵگا لە ساڵی نەودودوو بەملاوە بوو بە هۆی ئەوەیکە ڕێفۆڕمخوازان کەمتر ئاگاداری کەماییسیە بنەڕەتیەکانی خۆیان بن. هەروەها پێیوایە : لێژنەی پلان دانان تا کاتێک کە مەرامنامەی نەبێ، قەیرانە ئاماژە پێکراوەکان لە ناو نەبا، حیزبەکان ملکەچی بڕیارەکانی نەبن، ئەو بەشە لە ڕێفۆڕمخوازان کە لە دەسەڵاتدان ڕەخنە وەر نەگرن و چاوەدێری نەکرێن و هەروەها هەڵبژرادنی ئەندامانی لێژنە بە بێ دەنگی راستەوخۆی ڕێفۆڕمخوزانی وڵات نەبێ ئیمکانی زیندوو بوونی نامێنێ . بە ڕای ئەو جگە لەوە بێ لێژنەی باڵای پلان دانانیش هەبوونی هیچ بەها و نرخێکی نیە و تەمەنی کۆتایی پێ هاتووە

سەرچاوە : ڕادوێی دویچە ولەی فارسی

# لە ساڵیادی ڕاپەڕینی خەزەڵوەری ٩٨دا، دۆخی ژیانی خەڵک خراپتر بووە

**سامان_ سنە**

دابینکردنی بژیوی ژیان بووەتە یەکەم گرفتی بۆ خەڵکی کوردستان و ئێران. ناڕەزایی بەرانبەر بە هەژاری و ژیانێکی نامرۆڤانە لە ئاستێکی بەریندا لە ناخی کۆمەڵگا لە ئارادایە. ئەم بارووودۆخە تایبەت بە چینێک نیە و هەموو چین و توێژەکانی خەڵک هەر لە کرێکاران، پامۆستایان، پەرەستارەکان، بێکاران، خوێندکارەکان و تا باقی خەڵکی خەڵکی دەستکورت و ڕەش و رووتی کۆمەڵگای گرتووەتەوە. هەژاری هەموو ژیانی خەڵکی تەنیوە، مریشک کیلۆیەک ٢٢ هەزار تمەن و هێلکە بووتە شانەیەک ٣٨ هەزار تمەن و پەتاتە کیلۆیەک ٤ هەزار تمەن. لە ماوەی یەک ساڵی رابردوو نرخی گۆشت ١٠ هەزار تمەن زیادی کردووە. گۆشتی مەڕ لە ٤٩ هەزار تمەنەوە بووەتە ٦٠ هەزار تمەن و گۆشتی رانی مەڕ لە ٦٣ هەزار تمەنەوە بووەتە ٧٤ هەزار تمەن. حەقدەستی کارمەند و کرێکار بە ئیش و کاری هەمیشەیی لە ساڵی ٩٤ بەرانبەر بە ٢ سکەی زێڕ بوو، بەڵام ئێستاکە بەرانبە بە نیو سکەی زێڕە. خەڵک توانای کڕینی موبایل و تەبلێت و کەرەستەی دیکەیان نیە. ئاستی داهات و خەرجی دابینکردنی سفرە رۆژانە بۆ خەڵک یەکجار جیاوازە. بێبەشبوون لە خوێندن بۆ منداڵان کە دەبێ بە شێوە ئۆنلاین درێژە بە خوێندن بدەن، مەترسیەکی جدیە. شەش مانگی سەرەتای ساڵی ٩٩ گرانترین ساڵ لە ٣٠ ساڵی رابردوو بووە. ژیان و گوزەرانی خەڵک زۆر دژوار و ناخۆش بووە، بەڵام گرانی و گوشاری قەیرانی ماڵی کە لە سەر شانی خەڵک قورسایی هەیە، هیوا و هۆمێدی خەباتی لێیان زەوت کردووە. کۆمەڵگای ئێران بە تین و تەوژمێکی بەرزەوە ئاوێتەی خەباتێکی ئاشکرا بۆ ژیانێکی باشترە. خەڵک دەیانهەوێ لە بەرانبەر هێرشی بێ بەزەیانەی دەسەڵاتداران و خاوەن هێزەکاندا بەرگریی لە خۆیان بکەن، هێرش بکەن و خواست و داواکارییەکانی ژیانی خۆیان مسۆگەر بکەن. لە ماوەی ساڵانی رابردوودا خەڵکی ئێران لە شێوەگەلێکی جۆراوجۆردا خەباتیان کردووە. پێشکەوتنی بەرچاویان هەبووە. ئێستاکە میکانیزمی زیندوو مانەوە بووتە کلتوورێکی گشتی لە خەباتدا. مانگرتن و کۆبوونەوە ناڕازایی کرێکاران، مامۆستایان، پەرەستارەکان، خانەنشین کراوەکان و خوێندکاران ئەزموونی باش و بەکەڵکیان بەدەستهێناوە. خەڵک دەزانن پێداویستیە مرۆیی و راستەقینەکانیان لێ زەوت کراوە. لە ماوەی ٩ مانگی رابردوو، کۆرۆنا گیانی هەزار کەسی گرتووە. قەرەنتینەی بە بێ مەعیشەتیان ئەزموون کردووە. قەیرانی کۆرۆنا ژیانی هەزاران کەسی لەنێو بردووە. خەڵک دەزانن حەقدەستەکانیان لە ژێر هێڵی هەژاریدایە و منداڵە خوێندەوارەکانیان هیچ مەجالی کار رردن و دامەزراندنیان نیە. پۆل پۆل کرێکاران کارەکانیان لە دەست دەدەن، ناوەندە پیشەیی و کارگاکان دادەخرێن، مافی خانووبەرە و خزمەتگوزاریی پزیشکی و دەوا و دەرمان و چارەسەریی پزیشکی تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە، توانای کڕین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمتر دەبێت و بۆن و بەرام لە سفرەی خەڵک بڕاوە. خەڵک ئەم دەرد و ئازارانە دەچێژن و بۆ رزگاریی لە دەستی رژیمی کۆماری ئیسلامی چەندین جار ناڕەزایی جەماوەییان سازداوە. خەڵک ناڕەزایی بەرین و پتەوییان لە سەرماوەزی ٩٦، ساڵی ٩٧ و خەزەڵوەری ٩٨ لە دژی گرانی و هەژاری ئەزموون کرد. دۆخی هەنووکەیی مەجالی خەباتێکی بێ وچان و نەپساوەی بۆ ژیانێکی لەبار و ئینسانی هەموار کردووە. دۆخێک هاتووەتە ئاراوە کە گەشبینی و پشت بەستن بە خەبات و خۆڕاگریی جەماوەری و بڕوا بە هێزی ناڕازایی دەربڕین پەرە گرتووە و ئەمەش دەسکەوتێکی گرن و پڕ بایەخە. هیچ کەسێک گومانی لەوەدا نیە کە دەسەڵات و ئابووریی سەرمایەداریی لە ئێران تووشی قەیرانێکی قووڵ بووە و کۆمەڵگای ئێران لە بەردەم گۆڕانکارییەکی بەرین و بنەڕەتی سیاسی دایە.



# بەرگریی ڕەوای بزاڤی ڕزگاریدەر و ڕەشەکوژی

ئەسعەد.ع

## پێشەکی:

هەر بزووتنەوەیکی شۆڕشگێڕانە پێش ئەوەی بگاتە ئامانجەکانی خۆی ،لە سەر و بەندی خەبات دەیان شیوە لە خەبات بەربەرەکانێی تاقی ئەکاتەوە و لە سەر بەرژەوەنی خۆی کەڵک لە هەموو شێوازوکان وەر دەگرێت. خەباتی چەکداری و مۆسەلەحانە یەکێ لەو شێوازانەیە .بە بێ ئەوەی زیان و خاڵە پۆزتتڤەکانی هەڵسەنگێنین باس لەوە ئەکەین کە ئەو شێوازەی شۆڕشە لە لایەن دوژمن یان کەسانیترەوە بە تێرۆر و ڕەشەکوژی ناوزەد دەکرێت .لە ڕاستیدا دوو چەمکی بەرگریی ڕەوا لە ڕێگەی «بزووتنەوەی ڕزگاریخواز» و «ڕەشەکوژی» لە ڕوانگەی سیاسی و کرداریی‌یەوە تێکەڵبوونێکیان پێوە دیارە و زۆر جار سنووری نێوانیان ڕوون نییە و، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، پێوەر و میکانیزمی تەواوی بۆ دیاریکردن و پێناسەی ئەم دوو چەمکە بەو شێوەیەی کە جێگەی پەسەندی هەموو وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بێت، دیاری نەکردووە؛ بۆیە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەلومەرجێک هاتۆتە کایەوە، کە وڵاتان بۆ ئەم دوو چەمکە شرۆڤەی جیاواز دەکەن. هەندێ وڵات خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان بە شەرعی (ڕەوا) دەزانن و پشتیوانیی لێ دەکەن و، هەندێ وڵاتی تر هەر ئەم بزووتنەوەیە بە تیرۆریست دەناسن. بە واتایەکی تر، دەستی وڵاتان لە ناساندن و پاراستن و پشتیوانیی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، یان گرووپە تیرۆریستییەکان تا ڕاددەیەک کراوەیە و، ناساندنی ئەم گرووپە و بزووتنەوانە لە لایەن ئەم وڵاتانەوە هاوتەریبە لەگەڵ بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیاندا، نەوەک ڕاستیی بابەتەکە و بارودۆخی ئەو گرووپ و بزووتنەوانە. بۆیە مەبەستمانە لەم وتارەدا شیکاری یاسایی بۆ سنووری نێوان بەرگریی ڕەوا، کە لە لایەن بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانەوە ئەنجام دەدرێت و، تیرۆریزم، بکەین.
.

## چەمکی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و تیرۆریزم:

یاسای نێودەوڵەتیی هەر وڵاتێک کە پابەندی پرەنسیپەکانی ڕێسای نێودەوڵەتیی شەر نەبێت، بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەخاتە ئەستۆی، لە هەمان کاتدا هەوڵی بە فەرمی ناساندنی بەرگریی ڕەوایی بزووتنەوە ڕزگاریخوازانی بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین داوە. تا جێگایە مافی چارەی خۆنووسین ڕێسایەکی فەرمانکەری یاسای نێودەوڵەتییە و بەرەنگاربوونە و پێشلکردنی ئەم مافە بە کردەوەیەک دژ بە مافی مرۆڤ هەژمار دەکرێت. بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە سنووری نێوان هەر دوو چەمکی بەرگریی ڕەوا و تیرۆریزم ڕوون ببێتەوە، پێوستە پێناسەیەکی یاسایی گونجاو بۆ ئەم دوو چەمکە بکرێت، کە هەموو ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان لەسەری کۆک بن. یاساناسێکی نێودەوڵەتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی وا پێناسە کردووە: «بزووتنەوەیەکە لەنێو نەتەوە جیاوازەکاندا سەر هەڵدەدات و، بۆ بەدەستهێنانی مافی چارە خۆنووسینی خۆیان دژی داگیرکەری و ڕەگەزپەرەستی جەنگی گەرم دەکەن.» لە پێناسەیەکی تردا تیشک خراوەتە سەر ناوخۆی کۆمەڵگەی ناتەبا کە تێیدا بەشێک لە دانیشتووانی کۆمەڵگە بە پشتبەستن بە جەنگی گەرم بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین تێ دەکۆشن. ئەم پێناسەیە هەڵگری دوو چەمکی گرنگە، کە یەکێک لە لایەنەکان، خاوەنی دەوڵەتێکی بەهێز و دەسەڵاتی ڕەهایە و لایەنێکی تر ئەم مافەی لێ زەوت کراوە. هەروەها هۆکاری ناکۆکی لەم کۆمەڵگەیەدا، بۆ جێبەجێنەکردنی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا مافێکی ڕەوایە، دەگەڕێتەوە. بەپێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو نەتەوەیەک خاوەن مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینە، کە بەپێی ئەم مافە دەتوانن ئازادانە بارودۆخی سیاسیی خۆیان دیاری و، گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووریی خۆیان دابین بکەن. هەروەها بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە ماددەی دووەم لە بەشی یەکەمدا بەڕوونی مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین وەکوو بەشێک لە مافی مرۆڤ هەژمار دەکات و، پشتگوێخستنی، بە پێشێلکردنی ئەم مافە دەزانێت. ڕاستییەکەی، زۆرێک لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلی کورد بە هۆی نەگەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی خۆیان کە لە لایەن وڵاتانەوە پشتگوێ خراون، دژی ئەم وڵاتە ڕەگەزپەرستانە هێز بەکار دێنن، کە ئەم بابەتە تا ڕاددەیەک پێناسە و جیاوازیی بەرگریی ڕەوا و تیرۆری ئەستەم کردووە و دەرگەیەکی بۆ وڵاتان کردۆتەوە تاوەکوو ئەم بابەتە خراپ بەکار بهێنن و بە ناوی ڕەشەکوژییەوە، جەنگی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بکەن .ئەوەی گرنگە، نەتەوە بندەستەکان بەتایبەت گەلی کورد کە لە ڕێگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و دیمۆکراتیکی خۆیەوە، بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیان هێز بەکار دێنن، پێویستە پابەندی یاسای نێودەوڵەتیی جەنگ بن، تاوەکوو بەشێک لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلی کورد دوچاری ئەو هەڵە کوشندەیە نەبنەوە و، ببنە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، وەکوو گرووپی تیرۆریستی هەژماریان بکات.

### بەکورتی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕەشەکوژی بەم شێوەی خوارەوەیە:

– پشتبەستن بە هەموو جۆرە توندوتیژییەک بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسیی دیاریکراو.
– تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵگە و دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێوان خەڵکدا.

دەبێ دان بەم ڕاستییەدابنێین کە هەندێ لە وڵاتانز ۆ ر بەئاسانی، هەر هەڵسوکەوتێکی نەیارانی خۆیان بە تیرۆر ناوزەد دەکەن. ئەم وتەی جان مورفی سەبارەت بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین زۆر تەواوە، چونکە هەر داواکارییەک کە بەپێچەوانەی سیاسەتی داڕێژراوی ئەوانەوە بێت، هەرچەندە داواکاریی ڕەوای زۆرێک لە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە بێت، بە کارێکی تێکدەرانە ناوزەدی دەکەن و، زۆر جاریش دەیخەنە چوارچێوەی داواکاریی تیرۆریستانەوە. لە یاسای وڵاتانی ناچەکەدا هەر جۆرە هەنگاوێک کە یەکڕیزی و یەکپارچەیی و ئاسایش و سەروەریی ئەم وڵاتانە بخاتە مەترسییەوە، کارێکی تیرۆریستییە. بۆیە چالاکیی هەر حزب و گرووپێک، دەکەوێتە نێو چوارچێوەی بەربڵاوی ئەم ڕێسایەوە.

### جیاکردنەوەی بەرگریی ڕەوا و تیرۆریزم

کاتێک زیاتر ئەستەم دەبێت کە کەسانی سڤیل و بێتاوان دەبنە قوربانی. ئەم کردەوەیە هۆکارێکە کە بەرگریی ڕەوا بکەوێتە چوارچێوەی کاری تیرۆریستییەوە. دەستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیش لە بەکارهێنانی هێز دژی دەوڵەتی داگیرکەر دەبەستێتەوە؛ چونکە بەپێی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و ماددەی دووەم لە بڵاوکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەکارهێنانی هێز دژی دەوڵەت یان سەرزەمینێک، بە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێت. لەم دۆخەدا چۆن دەتوانین لە نێوان تیرۆریست و بەرگریی ڕەوادا جیاوازی بکەین؟ ئەم جیاکارییە، لەم جیاوازییانەی خوارەوە بەدەست دێت.
١- بەرگریی ڕەوای گەلان، خاوەنی ئامانجی شەرعییە و لە هەوڵی دابینکردنی مافی یەکسانی و دادپەروەریدایە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە و، تەنیا بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدات. لە کاتێکدا ڕەشەکوژی هیچ بەرژەوەندییەکی کۆمەڵگە ڕەچاو ناکات و، ترساندنی هەموو دانیشتووانی کۆمەڵگە یەکێکە لە ئامانجەکانیان.
٢- کوشتن، یان هەر کردەوەیەکی توندوتیژ دژی کەسانی سڤیل، لە ڕوانگەی تیرۆریستانەوە قۆناغ و ئامرازێکی سەرەکییە بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسیی خۆیان. لە کاتێکدا لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکاندا هاووڵاتی و کەسانی سڤیل بە هیچ شێوەیەک ناکرێنە ئامانج.
٣ – تیرۆریست تەنیا ئەو کەسانە ناکاتە ئامانج کە ڕاستەوخۆ لەگەڵیاندا دەجەنگێ، بەڵکوو هەموو دانیشتووانی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەوە.
٤- گرووپە تیرۆریستییەکان لە کاتی چالاکیی تیرۆریستیدا، پابەندی هیچ جۆرە یاسا و ڕێسایەکی نێودەوڵەتی نین.

## لە ئاکام:

یاسای نێودەوڵەتی هەوڵی داوە، لە ڕێگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازەوە لە نێوان ڕەشەکوژی و بەرگریی ڕەوادا جیاوازی بکات؛ هەرچەندە ماددە و بڕگەکانی یاسای نێودەوڵەتی، لەم ڕوانگەوە شرۆڤەی جیاواز هەڵدەگرن. ئەوەی گرنگە، لەم یاسایەدا بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین لە بەرانبەر وڵاتانی ڕەگەزپەرستدا بەڕەوا دەزانێت. یاسا و ڕێساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئەم بابەتەیان دووپات کردۆتەوە و، بەفەرمیناساندنی بەرگریی ڕەوا لەم یاسایەدا، بە مانای پشتگیرییان بە مەبەستی کردەوەی تیرۆریستی نییە و، هەر لە بنەمادا ئەم دوو بابەتە جیا کراونەتەوە. بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلی کورد، پێویستە ئاگاداری ئەم ڕاستییە بن کە دوو ڕەگەزی سەرەکی، بوونیان هەیە، کە ڕەنگە خەباتی ڕەوای ئەوان، بگۆڕێت بۆ کردەوەی تیرۆریستی: یەکەم ئامانجی خەبات و دووەم شێوازی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانج. بۆیە دەکرێت خەباتی نەتەوە، یان بزووتنەوەیەک لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە ڕەوا بێت، بەڵام شێواز و ڕێگەی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانج ناپەسەند بێت و، ببێتە هۆی ئەوەی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، بگۆڕێت بۆ گرووپێک کە تاوانبارە بە کردەوەی توندوتیژی و، بکەوێتە خانەی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە. بۆیە هەموو گرووپ و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلی کورد، ئەگەر دەیانەوێت مەشروعییەتیان هەبێت و بتوانن بەرگری لە خاک و هاووڵاتیی خۆیان بکەن و لە پشتیوانیی نێودەوڵەتی بەهرەمەند بن، پێویستە پابەندی یاسای جەنگ بن و بە هیچ شێوەیەک کەسانی سڤیل نەکەنە ئامانج؛ چونکە سنووری نێوان بەرگریی ڕەوا و ڕەشەکوژی لە یاسای نێودەوڵەتیدا، زۆر جار بە کوشتنی کەسێکی سڤیل تێکەڵ دەبێت. بەکورتی دەتوانین بڵێین، ڕەشەکوژی بە هەر تێگەیشتن و ئاماژەیەک خاوەنی چەند تایبەتمەندیی سەرەکیی ڕوونە و هەوڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە، بە پێدانی ماف و ئیمتیاز بە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، ناچاریان بکات خۆیان لە گرووپە تیرۆریستییەکان جیا بکەنەوە و، پابەندی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی وەکوو «ڕێککەوتننامەی جنێڤ»ی ١٩٤٩ بن.

# بۆچی هەموو جیهان گرنگی بە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دەدات؟

د. محەمەد حسەین زادە



بۆ چی بۆ هەموو جیهان گرنگە کێ دەچێتە کۆشکی سپی؟ یان بە واتایەک هۆکار چییە کە هەموو جیهان یان لانیکەم بەشێکی زۆر لە دەوڵەتان، ڕێبەران و خەڵکی جیهان گرنگی بە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دەدەن و بەدواداچوونی بۆ دەکەن و چاوەڕێی ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکانی دەمێننەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هێز و پێگەی ئەمریکا لە شانۆی سیاسەتی نیونەتەوەیی و چییەتی و تایبەتمەندییەکانی هێزی ئەو وڵاتە و هەروەها چۆنییەتی بەکارهێنان و کەڵکوەرگرتن لەو هێزە لە ئاستی گشتی و جیهانیدا لە لایەن سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ئەمریکاوە هەیە. واتە پێشگریمانە ئەوەیە کە هەموو جیهان لە ڕێژە و ڕادەی هیزی ئەمریکا لە بوارە جیاوازەکاندا ئاگادارە و گریمانە ئەوەیە کە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو هێزە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییەکانی زۆربەی وڵاتانی جیهان و تەنانەت زۆربەی دانیشتوانی جیهان دادەنێت. ئەوەش بابەتێکی سەرسووڕهێنەر نییە، چونکە لە ڕاستیدا سەرەڕای هەموو کێشە و گرفتەکانی ئەمریکا و سەرەڕای هەوڵی زلهێزەکانی تر بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی لە بەرانبەر ئەمریکادا، هێشتا واشنتۆن خاوەن زیاترین ڕێژەی هێز و هەروەها بڕیاردەری سەرەکیی سیاسەتی جیهانییە. بە پێچەوانەی زۆربەی زلهێزانی جیهان کە هێشتا خاوەن بەرژەوەندی ناوچەیین، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا جیهانین. واشنتۆن لە زۆربەی ناوچە گرنگ و هەستیارەکانی جیهاندا هەندێ بەرژەوەندی بۆ خۆی پێناسە کردووە. چۆنییەتی و شێوازی سیاسەتکردن بۆ دابینکردنی ئەو بەرژەوەندیانە دەتوانێ لەسەر زۆربەی وڵاتانی هاوپەیمان و دۆستی ئەمریکا و هەروەها وڵاتانی نەیار و دوژمن و تەنانەت لەسەر وڵاتانی بێ لایەن کاریگەری دابنێت.

بۆیە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بۆ چی بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان گرنگە کێ دەبێتە سەرۆک کۆماری ئەمریکا یان بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی گرنگی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بۆ هەموو جیهان، پێویستە بزانین ناوەڕۆکی هێزی ئەمریکا چییە و تایبەتمەندییەکانی ئەو هێزە کامانەن. من هەوڵ دەدەم سەرەتا بە کورتی ئاماژە بکەمە هەندێ لە توخم و فاکتەر و تایبەتمەندییەکانی پێکهێنەری هیزی پێکهاتەیی (Structural Power) [هیزی ئابووریی، تەکنۆلۆژی، کلتووریی- ئایدۆلۆژی و هێزی سەربازی] ئەو وڵاتە و بەربڵاوبوونی ئەو هیزە لە گۆڕەپانی جیهانیدا. پاشان ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە بۆ چی بۆ جیهان گرنگە چ کەسێک و بە چ تێڕوانین و بیرۆکەیەکەوە لە لایەن هاوڵاتیانی ئەمریکاوە ڕەوانەی کۆشکی سپی دەکرێت و دەسەڵاتی ێ دەسپێردرێت.

لە ڕووی ئابوورییەوە، سەرەڕای هەموو کێشە و گرفتەکانی ئەم ساڵانەی دوایی ئەمریکا و سەرەڕای ئەوەی پێدەچی هێزی ئابووری ئەو وڵاتە لە بەراورد لەگەڵ ڕابردووی خۆی [نەک لەگەڵ وڵاتانی تر] لە داکشاندایە و توانای کەمتری هەیە، بەڵام ئەمریکا هێشتا خاوەن گەورەترین ئابووری جیهانە. ئەمریکا زیاتر لە ٢١ تریلیۆن دۆلار بەرهەمهێنانی پۆختنەکراوی نیشتمانی/ نێوخۆیی (GDP) هەیە. ئەو ڕێژەیە نزیکەی ٢٤٪ی کۆی بەرهەمهێنانی جیهان پێک دێنێت و هاوسەنگە لەگەڵ ڕێژەی کۆی بەرهەمهێنانی نیشتمانی زیاتر لە ٥٠ وڵاتی جیهان. جێگای ئاماژەیە کە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی وڵاتی چین کە لە [پاش یەکێتی ئەورووپا] لە پلەی سێیەمدایە کەمتر لە ١٥ تریلیۆن دۆلارە. هەروەها کۆی بەرهەمهێنانی ٢٧ وڵاتی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا کەمترە لە ئەمریکا. جگە لەوە ئەمریکا گەورەترین هاوردەکاری کاڵا و دووەمین گەورە وڵاتی هەناردەکەری کاڵایە لە ئاستی جیهانیدا. ئەوە هەم بۆ وڵاتانی هەناردەکەر و هەم هاوردەکەری کاڵا زۆر گرنگە. واشنتۆن بە تەنیایی نزیکەی ١٩٪ی بودجەی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی دابین دەکات و ٤٦٪ی دەنگەکانی ئەو سندووقەی لەگەڵە. ئەو زلهیزە بە تەنیایی ٢٢٪ی بودجەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، واتە نزیکەی ١١ ملیارد دۆلار بودجەی ئەو ڕێکخراوە دابین دەکات. بەشێ لە پیداویستییەکانی ١٥ ڕێکخراوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بودجەیە دابین دەبێ، ئەوە لە حاڵێکدایە کە زیاتر لە ١٢٠ وڵاتی جیهان پێکەوە کەمتر لە ١٪ بودجەی ئەو ڕێکخراوەیە دابین دەکەن. هەروەها ئەمریکا نزیکەی ٦٠٪ی بودجەی ڕێکخراوەی دەوڵەتانی قاڕەی ئەمریکا دەدات. بە کردەوە بەشێکی زۆر لە بازرگانی جیهان هێشتا بە دۆلار ئەنجام دەدرێت.

بە کورتی، سەرەڕای هەموو کێشە و گرفتەکان ئەمریکا هێشتا خاوەن گەورەترین ئابووری جیهانە و لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری جیهان هێشتا بەهێزترین و جێ متمانەترین پارە/ دراو، زیاترین ڕێژەی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی، زیاترین ڕێژەی سەرمایە و زیاترین یەکەی بازرگانی هەیە و خاوەن گەورەترین بازاری جیهانە. بەراوردکردنی ئابووری وڵاتانی جیهان نیشاندەری ئەوەیە واشنتۆن زیاتر لە هەموو وڵاتێک توانای کاریگەریدانان لەسەر سیستەم و هەروەها ڕەفتاری وڵاتانی تری هەیە. ئەمە هیزێک نییە کە بە ئاسانی پشتگوێ بخرێت.

لە ڕووی زانست، تەکنۆلۆژیا و پیشەسازییەوە، هیچ بوارێک نییە کە ئەمریکا ڕۆڵی تێدا نەبێت و کاریگەری دیار نەبێت و مۆری ئەو وڵاتەی لێ نەدرابێ. ئەمریکا پێشەنگی تەکنۆلۆژیای نوێ و مۆدێرنە. ڕێژەی بەرهەمە زانستییەکان و پێشکەوتنی لە بواری تەکنۆلۆژیا و هەروەها خاوەندارێتی ژێرخانەکانی کەرتی پیشەسازیی، لەگەڵ هیچ وڵاتێکی تردا بەراورد ناکرێت. زیاتر لە ٧٥٪ی سەرمایەگوزاری بیۆتەکنۆلۆژیا لە لایەن ئەمریکاوە ئەنجام دەدرێت و زیاتر لە ٧٦٪ی داهاتی جیهانی ئەو تەکنۆلۆژیایە دەچێتە گیرفانی ئەمریکا. نزیکەی ٦٠٪ی کتێبی جیهان لەو وڵاتەدا لە چاپ دەدرێن. لە ڕووی سەردێڕی نوێی کتێبەوە ساڵانە پێگەی یەکەمی هەیە. بە پێی زانیارییەکان هەر ٤ خولەک کتێبێکی نوێ چاپ دەکرێ. نزیکەی ٣٪ی بەرهەمهێنانی ئەو وڵاتە تەرخان دەکرێ بۆ بەشی خوێندنی باڵا، لە حاڵێکدا ئەو ڕێژەیە لە ئەورووپا نزیکەی ١٪ە. ئەمە جگە لەوەی ساڵانە زانکۆکان لە ڕێکخراوە ناحوکمییەکان هەندێ یارمەتی و پارەی بێ بەرانبەر وەردەگرن. لە ساڵی ٢٠٠٧دا، زانکۆکانی ئەمریکا نزیکەی ٣٠ ملیارد دۆلار پێشکەشی و دیارییان وەرگرتووە. بۆیە سەرسووڕهێنەر نییە زیاترین داهێنانی زانستی و بەرهەمی توێژینەوە و تەکنیکی لەو وڵاتەدا ئەنجام بدرێت. ئەمریکا لە ڕووی تەکنۆلۆژیا و پیشەسازییەوە مۆتۆری بەمۆدێرنکردنی جیهانە، بۆیە زۆر جار چەمکەکانی «بەجیهانیکردن» و «بەجیهانیبوون» تێکەڵ دەکرێن. ئەوە زێدەبێژی نییە کە دەوترێت وڵاتانی تر و تەنانەت ئەورووپا بۆ ئەوەی بگەنە ئەمریکا دەبێ ڕێگای ئەمریکا بپێون. زۆر دژوارە گرەو لەسەر کەمبوونەوەی خێرای هێزی ئاوا وڵاتێک لە ئاستی جیهانیدا بکرێت.

لە ڕوی هیزی نەرم/ ئایدۆلۆژیکییەوە ئەمریکا پەرەپێدەری هەندێ ئایدیایە کە لە ئاستی جیهانیدا گرنگییان پێ دەدرێ. ئازادی، دێموکراسی، بازار و بازرگانی ئازاد، مافی مرۆڤ، دەسەڵاتی یاسا، مافی ژنان، یاسای نیونەتەوەیی، هاوکاری، دادپەروەری، خۆشبژێوی، گەشە، ئاشتی و ئاسایش لە نموونەی ئەو ئایدیایانەن کە لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا بە بایەخەوە چاویان لێ دەکرێ و بە کردەوە دەبینین لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا ڕەنگیان داوەتە و ئەمریکا لە شانۆی نێودەوڵەتیدا [وەک درووشم یان بە شێوەی ڕاستەقینە] کەڵکی لێ وەرگرتوون. هەر ئەوە زۆر جار ڕەوایی بە هێز و دەسەڵاتی واشنتۆن داوە، بۆیە زۆر جار دەبینین ڕەوایی ددراوە بە سیاسەت و تەنانەت دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی تر. ئاشکرایە لە چەند دەیەی ڕابردوودا دێموکراسی و بازاری ئازاد کە لە ئاستی جیهانیدا گرنگییان پێ دەدرا، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایان دابین کردووە. ئەمانە پێکهێنەری بەشێ لە هیزی نەرمی ئەمریکان. ئەمە بۆ مانای ئەوەیە کە بەها و بایەخەکانی ئەمریکا لە جیهاندا داسەپاون و ئەوەش خولقێنەری هێزی نەرم بووە بۆ ئەو وڵاتە. هیزی نەرم ئەو دەرفەتەی بۆ ئەمریکا ڕەخساندووە ئەجیندای کار لە شانۆی نیونەتەوەییدا دیاری بکات. ئەمڕۆکە لە دیدی زۆرێک لە هاوڵاتیانی جیهانەوە نیۆیۆرک ناوەندی ئاستی کلتووری باڵایە و کلتووری ئەمریکایی لە زۆر شوێنی جیهاندا کڕیاری هەیە. لەم بوارەدا هیچ وڵاتێک لەگەڵ ئەمریکا بەراورد ناکرێت. مەک دۆناڵد، مایکرۆسافت، هالیڤود و هارڤارد نموونەی هیزی نەرمی ئەو وڵاتەن. جگە لەو نموونانە، لە ئاستی نیونەتەوەییشدا پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی ڕێکخراوە نیونەتەوەییەکان، بەشداریکردن لە چالاکییە مرۆڤدۆستانەکان، پەیوەندییە بەربڵاوە دیپلۆماتیکەکان، میوانداریکردن لە ڕێکخراوە و کۆنفرانسە نیونەتەوەییەکان لە نموونەی هێزی نەرمی ئەمریکان. نموونەکانی تر بریتین لە فیلم و سەرگەرمی، مۆسیقا، مۆد، ڕەقس، خۆراکی ئەمریکایی، میدیا، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، زانکۆکان و ناوەندەکانی بیر و هزر، ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، ڕاکێشانی گەشتیار و هتد.

...بۆ ل ٦

## درێژەی لاپەرەی ٦

ئەمانە ئەمریکایان کردووەتە نموونەیەکی بەرچاو لە جیهاندا. ئەو وڵاتە لە ڕووی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی کاڵای کلتوورییەوە پیگەی یەکەمی لە جیهاندا هەیە. کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئینتێرنێت و سینەما لە ئەمریکادان. ٧٢٪ی ناوەڕۆکی ئینتێرنێت لە ئەمریکا بەرهەم دێت، ئەوە لە حاڵێکدایە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکەوە ٣٪ی ئەو ڕێژەیە پێک دێنن. زمانی ئینگلیزی زمانی فەرمی نزیکەی ٤٣ وڵاتی جیهانە یان بەشیکی زۆر لە حەشیمەتی ئەو وڵاتانە بەو زمانە دەدوێن. ئەوە ئەو هەلەی بۆ ئەمریکا ڕەخساندووە بتوانێت بەرهەمە هونەری و کلتوورییەکانی خۆی بە جیهان بناسێنێت و جیهان بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ئەمریکا سێیەمین بەرهەمهێنەری فیلم و دووەمین هەناردەکەری فیلم و بەرهەمی سینەماییە لە جیهاندا. ئەکتەرە ئەمریکییەکان و فیلمەکانی ئەو وڵاتە لە جیهاندا بەناوبانگن. ڕۆژنامەکانی ئەمریکا زیاترین کاریگەری لە جیهان دادەنێن و هەندێکیان نەک هەر لە ئەمریکا بەڵکو لە شوینەکانی تری جیهان چاپ دەکرێن. بۆ نموونە نیۆیۆرک تایمز لە ٢٧ وڵاتدا نووسینگەی هەیە و زیاتر لە ٦ ملیۆن کەس ڕۆژانە ئەو ڕۆژنامەیە دەخوێننەوە. ئەمریکا پاش وڵاتی هیند زیاترین ژمارەی زانکۆی هەیە، بەڵام لە ڕووی پیوەری زانستییەوە لە پێگەی یەکەمی جیهاندایە. زانکۆکانی هارڤارد، ستنفۆرد، کالیفۆرنیا، برینستۆن و شیکاگۆ لە ڕیزی باشترین زانکۆکانی جیهاندان. بیرمەندێکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە ناوی «جۆزف جوف» دەڵێت «هەموو زانکۆکان پێکەوە ناتوانن هارڤارد یان ستنفۆرد شکست بدەن، چونکە ژمارەی زۆر ناتوانێ زاڵ بێ بەسەر کوالیتەی باشدا». کەوابوو سەرنجڕاکێشی ئەمریکا بۆ جیهان نیشانەی هێزی نەرمی ئەمریکایە. ئەو هێزە بە جۆرێ جێگیر بووە کە سڕینەوە و جێگا گرتنەوەی لە کۆرت مەودادا کارێکی ئێجگار ئەستەمە.

لە ڕووی توانای سەربازییەوە، ئەمریکا زیاتر لە ٧٣٠ ملیارد دۆلار بودجەی سەربازی هەیە، واتە نزیکەی ٤٠٪ هەموو بودجەی سەربازی جیهان و نزیکەی ٣ ئەوەندەی بودجەی چین و ١٠ ئەوەندەی ڕووسیا. لە ڕاستیدا ئەگەر بودجەی ١٠ وڵاتی پاش ئەمریکا کۆ بکرێتەوە بە ئەندازەی بودجەی ئەمریکایە. لە وڵاتی یازدەهەمەوە کۆی بودجەی ٥٠ وڵات پێکەوە لەگەڵ بودجەی سەربازی ئەمریکادا هاوسەنگە. تەنیا بودجەی سەربازی ئەمریکا ١٠ بەرابەری هەوو بەرهەمهێنانی نێوخۆیی وڵاتێکی وەک ئێرانە. ئەمریکا خاوەن گەورەترین سوپا لە جیهاندا نییە بەڵام بەهیزترین سوپای هەیە. واشنتۆن نزیکەی یەک ملیۆن سەربازی لە چین کەمترە بەڵام لە ڕووی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووەوە ئەو دوو وڵاتە پێکەوە بەراورد ناکرێن. پێشەنگایەتی لە تەکنۆلۆژیای شەڕ و بەرهەمهێنانی چەکوچۆڵی نوێی زەمینی، دەریایی و ئاسمانی و کەلوپەلی ڕاداری و شوێنگرتن لە ڕێگای دوورەوە و چەکی ورد و ئامانجپێک بووەتە هۆی ئەوەی ئەمریکا لە ماوەیەکی کۆرتدا بە کەمترین تێچوو لانیکەم لە شەڕە ناوچەییەکاندا سەرکەوێت. ئەمریکا خاوەن هێزیکی بەربڵاو و هەمەلایەنەیە و بنکە سەربازنییەکانی لە هەموو جیهاندا جێگیر کراون و هیزی سەربازی ئەو وڵاتە توانای جووڵەی گونجاوی لە هەموو جیهاندا هەیە. ئەمریکا زیاتر لە ٧٢٥ بنکەی سەربازی لە هەموو جیهاندا دامەزراندووە. هاوپەیمانێتی سەربازیی بەشیکە لە هیزی سەربازی ئەو وڵاتە. ڕێکخراوەی ناتۆ گەورەترین ڕێکخراوەی سەربازی جیهان بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا دامەزرا و تا ئێستاش بەردەوامی هەیە. توانای ئامادەکردن و ڕەوانەکردنی هێز لە هیچ وڵاتێکدا بە ڕادەی ئەمریکا نییە. سەرەڕای ئەوە سوپای ئەمریکا بە خێرایی لە حاڵی نوێبوونەوەدایە. هیچ وڵاتێک ناتوانێ لە شەڕێکی ئاسایی لەگەڵ ئەمریکادا لایەنی سەرکەوتوو بێت. خاوەندارێتی ئەو ڕێژەیە لە هێز، ئەو توانایە بە ئەمریکا بەخشیوە لە هەموو قەیرانەکانی جیهاندا دەستێوەردان بکات و نیگەرانی تۆڵەکردنەوە نەبێت. کەوابوو واشنتۆن هێشتا هیزی باڵادەستی جیهانە. ئەم وڵاتە چ لە ڕوی بودجە و چ پراکتیکەوە لەگەڵ وڵاتانی تر بەراورد ناکرێ. بودجەی بەشی توێژینەی پەنتاگۆن نزیکەی ١٠٤ ملیارد دۆلارە، بۆیە هۆکارێک نابینرێت بۆ ئەوەی ئەو هێزە لە داهاتوویەکی نزیکدا تووشی گۆڕانێکی ئەوتۆ بێت. بە ڕاستی ئەگەر دوژمنان و ڕکابەرانی سەربازی ئەمریکا وڵاتانێکی وەک کوریای باکوور و کۆماری ئیسلامی بن، واشنتۆن چ پێویستییەکی بە دۆست هەیە؟

ئەوانە تەنیا بەشێکن لە تواناکانی ئەمریکا و کۆی ئەو باسانە سەبارەت بە هیز و توانای ئەو وڵاتە نیشاندەری ئەوەن کە هیزی ئەو وڵاتە لەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری گۆڕەپانی نێونەتەوەیی زۆر سەرترە. ئەگەرچی ئەمە بە مانای هەوڵی وڵاتانی تر بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە خاوەندارێتی ئەو ڕادەیە لە هێز دەبێتە هۆی بەربڵاوی بەرژەوەندییەکان. کەوابوو چۆنیەتی هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئەو بەرژەوەندیانە دەتوانێ کاریگەری لەسەر زۆربەی وڵاتان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و ڕێبەران و تەنانەت دانیشوانی سەر گۆی زەوی دابنێت. بۆیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە گرنگە چ کەسایەتییک و بە چ ڕوانگەیەکەوە فەرمانی جێبەجێکردن و کەڵکوەرگرتن لەو هێزە لە بوارە جیاوازەکان و هەروەها لە ئاستە جیاوازەکانی نیوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیدا دەدات.

بۆ نموونە بۆ بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوە زەبەلاحەکانی جیهان کە توشە و تفاقیان لە ئەمریکایە و لە بودجەی ئەو وڵاتە دەخۆن و هەروەها بۆ ڕێبەرانی زۆرێک لە وڵاتان کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوانەن گرنگە بزانن ئایا سەرۆک کۆماری ئەمریکا بەردەوامی بەو یارمەتیانە دەدات یان نا؟ زۆر گرنگە لەوە ئاگادار بن ئایا سەرۆک کۆماری داهاتوو بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکات یان بە پێچەوانەوە ئەو ڕێکخراوانە بە بیانووی جۆراوجۆر تووشی قەیران و نیگەرانی دەکات. بۆ زۆربەی وڵاتان و کۆمپانیاکانی جیهان گرنگە بزانن ئایا سەرۆک کۆماری ئەمریکا بڕوای بە بازرگانی ئازاد هەیە یان لەژێر کاریگەری بیرۆکەی مێرکانتیلیزم و ئابووری نەتەوەیی و بازرگانی داخراوتردایە. بۆ هەموو دانیشتوانی جیهان گرنگە بزانن ئایا کەسایەتییەک نزیک لە دێموکراتەکان دەسەڵاتی کۆشکی سپی بە دەستەوە دەگرێ کە یارمەتی پێکهێنانی گەورەترین ڕێککەوتننامەی کەشوهەوای جیهانی دەدات یان کەسایەتییەک نزیک لە کۆماریخوازەکان دێتە سەر دەسەڵات و لەو ڕێککەوتننامەیە دەکشیتەوە و لە بنەڕەتدا بڕوای بە گەرمبوونی زەویی و پیسی کەشوهەوا نییە. بۆ هەموو جیهان گرنگە بزانێ ئایا سەرۆک کۆماری ئەمریکا گرنگی بە ڕێککەوتننامەی دوو لایەنی دەدات یان چەند لایەنی یان لە بنەڕەتدا گرنگی بە هیچ جۆرە ڕێککەوتننامەیەک نادات. بۆ زلهێزانی جیهان گرنگە بزانن ئایا ئەمریکا هەوڵی دامەزراندنی جۆرێ لە سیستەمی دژە مووشەکی پێشکەوتوو دەدات کە بتوانێ مووشەکەکانی وڵاتانێکی وەک چین و ڕووسیا پووچەڵ بکاتەوە و جیهان بباتە نیو پێشبڕکێ لە بواری چەکوچۆڵدا یان تەنیا هەوڵی پووچەڵکردنەوەی مووشەکەکانی وڵاتانی شەڕانگێز وەک ئێران و کوریای باکوور دەدات. هەروەها بۆ هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان جێگای پرسیارە کە ئایا سەرۆک کۆماری داهاتوو بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکات و پارێزگاری لە هاوپەیمانان دەکات و لە کاتی قەیراندا لەگەڵیان دەمێنێتەوە یان بەجێیان دێڵێت و دەیانخاتە مەترسییەوە؟ بۆ نەیاران و دوژمنان و دژبەرانی جیهانی و ناوچەیی ئەمریکا گرنگە ئاگاداری ئەوە بن ئایا کەسایەتییەک مافی بڕیاردانی لە کۆشکی سپی پێ دەدرێت کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنان پەنا بۆ گوشار و گەمارۆی ئابووری دەبات یان کەڵک لە هێزی سەربازی وەر دەگرێت یان بە پێچەوانەوە بۆ سڕینەوەی گرژییەکانی لەگەڵ دوژمنان بڕوای بە دیپلۆماسی و گفتوگۆ هەیە؟ بۆ زۆربەی وڵاتانی مۆسڵمان پرسیارە کە سەرۆک کۆماری داهاتووی ئەمریکا خوێندنەوەی بۆ پرسی تیرۆریزم و ئیسلام چۆنە و ئایا ئەوانە لێک جیا دەکاتەوە یان پێکەوەیان دەبەستێتەوە و ڕێگری لە هاتوچووی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانە دەکات بۆ ئەمریکا. بۆ نوخبە و خوێندکارانی جیهان گرنگە کە ئایا سەرۆک کۆماری ئەمریکا ئاسانکاری دەکات بۆ ڕاکێشانی خوێندکاران و نوخبەی وڵاتانی تر یان ئاستەنگ و گرفتیان بۆ درووست دەکات؟ بۆ هەموو جیهان گرنگە بزانێ ئەمریکا لە ڕێگای موسیقا و هونەر و فیلم و پەرەپێدان بە ئایدیا و بەها و بایەخەکانی خۆی جیهان داگیر دەکات یان لە ڕێگای فرۆکە و فیشەکەوە؟ تەنانەت هەم بۆ زانایانی بواری تەندرووستی و هەم بۆ نەخۆشەکانی جیهان گرنگە کە بزانن ئایا ئەمریکا بودجەی ڕێکخراوەی تەندرووستی زیاد دەکات یان دەیبڕێت؟ بۆ هاووڵاتیانی ئەورووپا گرنگە کە بزانن ئایا سەرۆک کۆماری ئەمریکا هەوڵی پاشەکشێکردن بەو هێزانە دەدات کە لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمەوە لە ئەورووپا جێگیری کردوون یان وەک ساڵانی پێشوو لەوێ دەیانهێڵێتەوە. لەوە گرنگتر بۆ بڕیاردەرانی سیاسی و سەربازیی ئەورووپا گرنگە لەوە ئاگادار بن کە ئایا سەرۆک کۆماری ئەمریکا گرنگی بە ڕێکخراوەی ناتۆ وەک گەورەترین زامنی دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەییان دەدات یان بە ڕێکخراوەیەکی دەزانێ کە کاتی بەسەر هاتووە و ئیتر گرنگی ساڵانی ڕابردووی نەماوە؟ بۆ هاوپەیمانان و بە تایبەت بۆ وڵاتانی ئەورووپا پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە کە ئایا دەسەڵاتداری داهاتووی کۆشکی سپی کە ڕێبەرایەتی جیهانی لە ئەستۆیە، ئەوان لە پرۆسەی بڕیاردان سەبارەت بە کاروباری جیهانی بەشدار دەکات یان بە پێچەوانەوە هیچ گرنگییەکیان پێ نادات و بە شێوەی تاکلایەنانە بڕیار دەدات. بە واتایەکی تر ئایا ئەمریکا ڕێبەرێکی ڕەوایە یان زلهیزێکی خۆسەپێن؟ هەروەها ئەو مەسەلەیە کە ئایا سەرۆک کۆماری ئەمریکا وەک «ڕکابەرێکی ستراتیژیک» دەڕوانێتە وڵاتێکی زلهێزی وەک چین یان وەک «شەریک/ هاوبەشێکی» ستراتیژیک بۆ هەموو وڵاتانی جیهان گرنگە، چونکە دەتوانێ کاریگەری لەسەر دارشتن سیاسەت و چۆنییەتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو دوو زلهێزە هەبێ.

کەوابوو هەموو ئەو پرسیارانە وا دەکەن هەموو وڵاتان و تەنانەت دانیشتوانی جیهان گرنگی بە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بدەن و هەر چوار ساڵ جارێک چاوەڕێی ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنانە بن. سەرەڕای هەموو پێشبینییەکان سەبارەت بە کەمبوونەوە و داکشانی هێزی ئەمریکا لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر بەڵام پێش بینی ئەوە دەکرێ تا داهاتوویەکی نادیار پرۆسەی «چاوەڕوانی جیهان بۆ دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا» بەردەوام بێت.

# بنەماشکێنی و بونیادنانی شووناسی نەتەوەیی لە قۆناخی "گوزار"دا



دیاکۆ مرادی

پرۆسەی مێژوویی پێکهێنانی سووبژەی «کورد»ی بە گشت سەرکەوتنەکان و نەهامەتەکانی لە زەمەن و قۆناغی جۆر بە جۆر و تێپەڕاندنی مێژوویەکی دوور و درێژ تا کوو ئێستا توانیوێتی «شوناس —ی تاک» و «شوناس —ی نەتەوەیی» بکاتە تەوەرەی سەرەکی لێکۆڵێنەران و سیاسەتوانانی گووتاری سووبژەی «کوردی» بە ڕوانینێکی سەردەمیانە و پۆست مۆدێرن و ئاوانگاردی مەیدانی خەباتی فکری و ئەندێشەی تاکی ڕەها.

سووبژەی «کورد» لە ناو ناخی «تاک»ی کورد، بە تێپەڕاندنی هۆکارە پێکهێنەرەکانی دوای ململانەیەکی ماندوویی نەناسانە لە نێوان زلهێزەکانی دەرەکی و ناوەکی واتای بەخشییە «تاک»ی خاوەن «من»ی خودئاگا و خۆناس کە ئاقارەکەی شۆڕشی دەروونی بڕوا بە خۆیی»شوناس–ی تاک» و بەرهەمەکەی « شوناس–ی نەتەوە»یی بوو لە جیهانی فکری –ئایدیالۆژی و دەسەڵاتی زەینی جوگرافیایەکی دیاری کراو و سازدانی نیشتمانێک بەناوی «کوردستان».
بە واتایەکی تر هاوکات بە هاتنە کایەی مۆدێرنیتە گووتاری ناسیونالیسم دێتە ئارا و «تاک»، «نەتەوە»، »شوناس» و «من–ی ڕەها» هەڵدەستێت بۆ بیر کردنەوە و دەنگ هەڵدەبڕێ، کە واتا من هەمی دێکارت ئاڵو و گۆڕێکی بونیادی لە ئەندێشەی تاکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێک دەهێنێ. هەر لەو سەردەمەدا «نەتەوە» و «شوناس–ی نەتەوەیی» دەبێتە بنەما و ژێرخانی گوتاری سیاسی و هەڵدەستێت بە واتا دان بە دەستەواژەی «دەوڵەت».
پێکهاتە و ستروکتووری گوتاری سیاسی مۆدێرنیتە بناغەی دەسەڵاتە سونەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دێنێتە گۆڕان و تووشی قەیرانی سیاسیان دەکات، هەر بەم هۆیە دەسەڵاتی سوننەتی ڕۆژهەڵاتی بۆ مانەوە لە دەسەڵات بە خێرایی گیرۆدەی گۆڕانێکی بەپەلە و ناهاوسەنگ دێن. ئەو شێوازە «دەوڵەتی — دەسەڵاتی– سونەتی بە ستروکتووری مۆدێرنیتە» بەو واتایا کە ئەم شێوازە بە خاوەندارییەتی پاشخانی فکری سونەتی و بەکەلک وەرگرتن لە ئەندێشەی مۆدێرنی شوناسی تاک و شوناسی نەتەوەیی، و ئاکامی ململانە و تێکهەڵچوونی ئەندێشەکان، بوو بە سازدانی شێوازی دەسەڵاتی پەرەنەسەندوویی، نائەمنی، شەڕ و سەرەڕۆیی تاکەکان و دەستە و گرووپ و حیزب، کە بەداخەوە بەرهەمەکەی تەنیا واتا دان بوو بە دیکتاتۆر، ئیستبداد و تۆتالیتاری لە گشت لایە ئاشکرا و شاراوەکانی دەسەڵات.
کۆلۆنیالیزم، دەسەڵاتی سونەتی کە پێکهات بوو لە شێواز گەلێک بۆ نموونە ئیمپراتوری و دەسەڵاتی ناوچەیی و شار و شارۆچکە و دێهات، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەڵدەستێت بۆ پێکهێنان و ساز کردنی پەیکەرەی شێوازی سیاسی مۆدێرن لە ڕۆژهەڵات.
کە واتا کۆلۆنیالیزم وەکوو پەیکەرەتاشی دەسەڵاتی ئۆبژەساز، پەیکەرەی «دەوڵەت»ی بە ستروکتوور و ئەندێشەی مۆدێرنیتە و بە کەلک وەرگرتن لە تەکنیک گەلێکی دەسەڵات، قەوارەی ژیوپۆلیتیکی ناوچەی ڕۆژهەڵات تێک دەدات و بەردی بناغەی «دەوڵەت–ی مۆدێرن» بە درووست کردنی جوگرافیای سیاسی نوێ و ژیوپۆلێتیکی دەستکرد دادەمەزرێنێ. بەڵام غافڵ لەوی کە بنەمای سازدەری دەوڵەتی مۆدێرن پێویستی بە بوونی «نەتەوە» بە مانای مۆدێرنی بوو. کە واتا قەوارەی دەوڵەتە دەستکردەکانی ڕۆژهەڵات دوور لە قەوارەی نەتەوایەتی بوو و تەنیا بە پێی قازانج و بەرژەوەندی بازاڕی سەرمایەداری و کاپیتالیستی و لیبراڵی ڕۆژئاوای تینوی کەرەسەی خاو — مادە خام– هێڵبەندی کرابوو.

ئۆبژە تامەزرۆکانی کۆلۆنیالیزم، بە سەرلێشێواوی مەعریفی و مێژوویی، خۆی بە خاوەنی گشت گەشە پێکهاتووەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە کۆنەوە تا وەکوو سەردەم دەزانی و بەو بڕوایە گەیشتبوون کە ئێمەیان لەودیوی مێژوو گوازتەوە نێو بازنەی مێژوو.
بەڵام سووبژەی «کورد» و «ئێمە»ی «کورد»ێکی پێگەیشتوو و خاوەن «خود — ئێگۆ» وخاوەن «جوگرافیایەکی دیاری کراو» بە بناغە و بنەمای نەتەوایەتی، لەو ململانەی بەرژەوەندی خوازانەی ئەندێشەکان و دەسەڵاتەکان بە فەرامۆشی سپێردراین و «ئیمە»یەکی دەستکرد، بە «شوناس»ێکی جەعلی و لە ڕێگای پێکهێنانی دەوڵەت–نەتەوە و بیرۆکراسی و بەرژەوەندی ئابوری و دەسەڵاتی قازانج و سەرمایە دابەش کرد و «ئێمە»ی «کورد»یان کرد بە خاوەن ناسنامەیەکی لەپڕ بەدیهاتوو و بێ واتا.

ئەو شێوازە دابەشکردنە و جوگرافیا دەستکردانە و ئەو دەسەڵاتە ئیستبدادی و کۆلۆنیالیزمە مۆدێرنانە کە لە قەوارەی بەرژەوەندی سەرمایە و قارانجی ئابووری ژیوپۆلێتیکە دەستکردەکان بۆ گەشەی کۆلۆنیالیزمی ئەوکات پێکهاتن، دەستەواژە و ناسنامەی «هاووڵاتی»یان هێنایە کایە کردن، و چارەنووسێکی پڕ لە چەرمەسەری و نەهامەتی بۆ سووبژەی»کورد» هێنایە دی.چەمکی «هاووڵاتی»بوون بە مانای ڕۆژئاواییەکەی کە واتای دەدا بە مافە ڕەوا و سەرەتاییەکان و بەشداربوون لە دەسەڵات و دابەشکردنی قازانجەکان نەبوو، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئەو دەسەڵاتە سونەت–مۆدێرنەی ڕۆژهەڵاتی بوو بە هۆی دامەزراندنی دیکتاتۆریەت و سەرکووتکەری و تەوای بایەخەکانی تاکی ڕەها و نەتەوە ژێردەستەکان کە نەکەوتنە ناو بازنەی مێژوو، دایپڵۆسی و زمان، کلتور، مێژوی هاوبەش، جوگرافیای سیاسی و بەگشتی کیانی شوناسی تاکی خۆئاگا و ڕەهای زەوت کرد تا بتوانێ هەستێت بۆ ساز کردنی دەوڵەت–نەتەوی لە پڕپێکهاتوو و بی بنەمای مەعریفە و مێژوویی، و قۆڵیان هەڵماڵی بۆ دەست پێکردنی پرۆژەی «هاووڵاتی–سازی» کە بەداخەوە ئەو قۆناغە تا وەکوو ئێستا بۆتە بەشێک لە تراژیدیای قۆناغی «گوزار–گذار» بۆ «شوناسی تاکی خۆئاگای کورد» و «شوناسی–جمعی و کۆ–ی نەتەوەیی– گەلی کورد».

ئەو پرۆسە قێزەونە لە جوگرافیای سیاسی دەستکردی ڕۆژهەڵات کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و قازانجی سەرمایە و دابین کردنی کەرەسەی خاو و خاوەندارێتی بەرهەمە ژێر زەوییەکان لە لایەن دەوڵەتانی کۆلۆنیایی و بە مامەڵە کردن بە داهاتووی گەلانی ژێردەست و سەقامگیر کردنی دەسەڵاتی گەندەڵ و دژە مرۆڤی ئەو ناوچە هەستیارە ئاکامەکەی بوو بە خووڵقانی ئەنفال و ژینۆساید لە گشت بووارەکانی جەستەیی–فیزیکی، ژیوپۆلێتیکی — جوگرافیایی و ئێکۆساید – ئێکۆسیستەمی، بیۆلۆژیکی، کلتوری و زمانی، ئابوری، ڕەگەزی،... تاد. بەڵام کارەساتەکە هەر بەوە کۆتایی نەهات و بەداخەوە ڕەنگدانەوەی ئەو پرۆژەیە بە شێوازێکی نەرم ئامێری فکری و ئەندێشەیی و هەروەتر بە هۆی نەبوونی تەحلیلی درووست خۆی خزاندە ناو دیالۆگ و گووتاری سیاسی کورد و دەستەواژەی کوردی کێوی، عەرەبی قەرەج و ئێرانی ڕەسەن هاتە ئاخاوتن لە ململانەی وردە هێزگەلێکی ناوەکی و دەرەکی، تا پرۆژەی بە ئۆبژەکردنی چەمکی «هاووڵاتی» و «هاووڵاتی سازی» تووشی وەستان نەبێت.

دوو ئەندێشە و زلهێزی، ڕۆژئاوایی بە نوێنەرایەتی ئامریکا و ڕۆژهەڵاتی بەنوێنەرایەتی یەکێتی سۆڤیەت هەر کام بە نوسخە و گەلاڵەی تایبەتی» واتا گەلاڵەی چواردە خاڵی ویلسۆن و نوسخەی مافی چارەی خۆنووسینی لێنین» سووژەگەلێکی دەستەمۆیان هێنایە ئارا و هەستان بە ئۆبژەسازی چەمک گەلێک کە یان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ڕێساکانی جیهانی ئازادی سەرمایە و کاپیتاڵی بێتە دی یان لە قەوارەی ئینتێرناسیونالی سوسیالیستی بێتە کایە کردن. ئەو دوو گەلاڵەیە لە ململانە سەپاندنی شێوازی تایبەتی سووژەسازی خۆیان لە شەڕێکی سارد و بێ قڕەدا و بەتەبایی و ڕێکەوتنێکی شاراوە هەر کام سنووری خۆیان دیاری کردبوو و بازنەی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی قازانجی یەکتریان بە فەرمی ناسیبوو. لەو ناوەدە تەنیا سەری ئەو نەتەوانە بێکڵاو ماوە کە لە دەرەوەی بازنەی مێژوو دابوون. یەکێک لەو بەرژەوەندی هاوبەشانەی کە ئایدیالۆژی چەپ و ڕاستی بە تەبایی گەیاندبوو، بڕوا بە چەمکی «دەوڵەت» بوو وەک یەکەیەکی سیاسی بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ژیانی تاکی کۆمەڵگا. هەر ئەو جۆرەی مێژوو نیشانی دا ڕەوتی کۆمۆنیستی بە هۆی قەیرانی سیاسی و ئەندێشەیی و بەخووڵقانی سیستمێکی توتالیتاری بە تەنافی قەوارەی دیکتاتۆریەت، خۆی هەڵواسی و ڕەوتی کۆنسێرڤاتیسمی، ڕاست و ناسیونالیستی تۆخ لە زەلکاوی ئەندێشە و سیستمی شووئێنیستی و فاشیستی خۆیدا خنکا. کە واتا «نەتەوە» سووبژەیەک بوو لە پرۆژەی ئۆبژەسازی «دەوڵەت –نەتەوە»ی ئەوان دا.
لە ڕوانگەی ئەندێشەی لیبڕاڵ و لیبراڵ–دێمۆکڕاسی «نەتەوە» تەنیا کەرەستەیک بوو بۆ واتا دان بە چەمکی «دەوڵەت» و «قەوارەی سیاسی»، و «تاک» تەنیا بە مانای «ئیندیویدۆئێل» و بە هەندێک مافی دیاریکراو خۆی دەردەبڕی و لە چوارچێوە و جقزێکی «تەنیا و بەتەنێ» قەتیسان کردبوو و ئەندێشەی ڕەها و بیر کردنەوەیان لێ زەوت کرد و «شوناس–ی تاک» و «شوناس–ی نەتەوەیی» و «شوناس–ی کلتوری و زمانی و مێژوی ها وبەشیان» زیندەبەچاڵ کرد، تەنیا و تەنیا سەبارەت بە واتا دان بە «دەوڵەت و دەسەلات».
لێبڕالیزمەکان بە خوێندنەوەی ویلسۆنی لە قەوارەی «دەوڵەت — نەتەوە» هەستان تا «شوناس — کورد» لە چوارچێوەی شوناسی لیبراڵی لە نێو سنوورە دەستکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دا بتوێنێتەوە. بەداخەوە ئەو پێناسەیە ئێستاش بە شێوەی غوودەیەکی سەرەتانی کەوتۆتە ناو بیری هەندێک لە ڕووناکبیران و سیاسەتوانانی کورد وەک ڕێگا و چارەسەرییەک بۆ دەربازبوون لە قەیرانی شوناسی «تاک» و شوناسی «نەتەوەیی» کورد.

ئەو سێ ڕێبازە سەرەکییەی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەک بێ وچان هەوڵیان داوە سووبژە و سووژەیەک لە «کورد» بەرهەم بێنن کە ببێتە ناوەندی سەقامگیری دەسەڵاتە سیاسیە دەستکردەکان بە مۆر و تەمری ئایدیالۆژیکی خۆیان تا پرۆسەی ئۆبژەسازی «دەوڵەت–نەتەوە» سەبارەت بە قازانج و بەرژەوەندیەکانیان تووشی داڕمان و خەسار نەبێت.
لەو مەزادخانەیەدا یەکیان نکۆڵی لە ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی کلتوری نەتەوەیی دەکرد و ئەویتر بوونی چین و توێژە کانی پێکهاتووی کۆمەڵگا و کێشەی چینایەتی ئینکار دەکرد و ئەمەی تریش تەشەنەی بە شوناسی «تاکی — بەربەست» دەدا بۆ پێکانی ئامانج و تینویەتییە لەبن نەهاتووەکانی. هەر کامیان بە شێواز و تەکنیک گەلێکی فکری و ئەندێشەیی تایبەت هەوڵیاندا سووژەگەلێک لە شوناسی «کورد» بە قەوارە و پەیکەرەی پرۆژەی ئۆبژە لە دەوڵەت–نەتەوە سازبکەن کە مۆرکی ئایدیالۆژیای دەسەڵاتی فکری خۆیانی لە سەر نەخشێندرابێت. بەڵام گشت تەکنیک و شێوازەکان بێبەری بوون لە شوناسێکی «تاک — ی ڕەها» و شوناسێکی «نەتەوەیی» خۆئاگا و خۆپێکهاتەیی و خۆبوونیاد و خۆسەروەر. لەو نێوەشدا بەشمەینەتەکانیش ئەو نەتەوانە بوون کە لە دەرەوەی بازنەی مێژوو دابوون و هەن، هەتا ئێستا.

**هۆیەکانی شکستی سازدانی سووبژەی «کورد» لە پرۆژەی ئۆبژەی «دەوڵەت — نەتەوە»ی ئەندێشەکان:**
مارکسیزم بە خوێندنەوەی لێنینی «شوناسی کۆمەڵایەتی» لە هەمبەر «شوناسی تاک» هێنایە ئاراوە کە لە سەر بنەمای چین و توێژەکان و کلاسی ئابوری پێکهاتبوو و لە کۆتادا تووشی گرفتی ئەندێشەیی و بوونیادی، بۆ شوناسی «کورد» هات. لەو ئەندێشەیەدا جیاوازی چینایەتی سەرەکی ترین گرفتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەهاتە ئەژمار و ڕەهەندەکانی تر وەک کلتور، زمان، مێژووی هاوبەش، داهاتووی هاوبەش دەکەوتنە پەراوێزەوە، کە واتا گووتار و بەرهەمی ئەو ئۆبژەیە وەک دەسەڵاتی پێکهاتە و قەوارەی «دەوڵەت»، دەبوو بە سووبژەیەکی فەرامۆش کراو لە ناو پرۆژەی «دەوڵەت — نەتەوە» تەوەر و دابڕاو لە چەمکە سەرەکییەکانی زمانی و کلتوری و شوناسی «تاکی کورد» و شوناسی «کۆ و نەتەوەیی» و جا بۆیە ئەو شوناسە»تاک» و شوناسە «نەتەوەییەی» کوردی پێویست بوو خۆی بە پێی پێگەیەکی چینایەتی و سیستمێکی بەرهەمهێناندا داڕێژێتەوە و سەر لە نوێ خۆی لە قەوارەیەکی چینایەتی بەرهەم بێنێتەوە. بەڵام بنچینەی کۆمەڵگای کوردەواری و کوردستان لە سەر بنەماکانی کلتوری، زمانی، مێژووی هاوبەش، یان بە واتایەکی تر لە سەر بنەماکانی «نەتەوەیی» پێکهاتبوو.
کۆنسێرڤاتیسم کە هەڵگری بیری ئایینی لە چوارچێوەی ئەندێشەی ڕاستی سونەتی بوو هەستا بۆ سازدانی سووبژەیەکی ئایینی لە شوناسی «کورد». ئەو شوناسە ئایین خواز و سونەت تەوەرە بەپێچەوانەی شوناسی پێشکەوتووخواز، ڕەها و خاوەن بیر و خاوەن هەڵوێست، لە پێناو وەگەرخستنی سونەت و کۆ کردنەوەی تاکەکان لە دەوری پەیکەرەی سونەت خوازی و زیندووکردنەوەی ئایین هەوڵی دا و ئێستاش بەردەوام هەوڵ دەدا جەستەی شوناسی «کورد» لە سەر نوێ بونیاد بنێتەوە و دەستەواژەی گەلی کوردی موسوڵمان، پارێزەرانی کلتوری سونەتی کوردەواری، نەتەوەی ئایین خوازی کورد، بکاتە گووتاری شوناسی نەتەوەیی.
کۆنسێرڤاتیسمەکانی سازدەری ئۆبژەی دەسەڵاتی سونەت و ئایین بە کەلک وەرگرتن و خۆ بەستنەوە بە تیورییەکانی مۆدێڕن وەک سیستمی ئابوری سوسیالیستی، سیستمی کۆمەڵایەتی لێنینیستی و پارێزەرانی بەرژەوەندی نەتەوەیی لیبرالیزمی، خۆیان هەڵگری ئاڵای ڕاستەقینەی ویست و خواستە نەتەوایەتی و سونەتی و مێژوویی و ئایینی گەلی بەشمەینەتی کورد بزانن.
بە گشتی ڕێبازی کۆنسێرڤاتیزم خاوەنی هیچ جۆرە تیورییەکی ڕوون و ئاشکرا لە مەڕ سیاسەت و ئابووری کۆمەڵگا نەبووە، بەڵام خۆی لە قەوارە و قاوغی ڕێباز و سیستمێکی سەردەمیانە نیشان دەدات.
بە سووچە نیگایەک لە ڕابردوو و سونەت و ئایین، هەنگاو هەڵێنان بەرەو داهاتویەکی گەشەپێدراو و گەشەسەندوو و بەرچاوڕوون، لە تەکنیکەکانی کۆنسێرڤاتیزمەکانە بۆ فۆرمۆڵە کردن و سازدانی گووتاری سووبژەی شوناسی تاک و نەتەوەیی» کورد» لە پرۆژەی ئۆبژە سازی «دەوڵەت» و سیستمی پێکهاتوی «دەسەڵات».

**مۆدێرنیسمی سونەت–کلاسیک**
شێوازگەلێکی مۆدێرن بێ خوێندنەوە لە کۆمەڵگا و جوگرافیای سیاسی و کیانی مێژوویی «کورد» لە پێکهێنانی دەستکردانەی سووژەی کورد دەورێکی زۆریان گێڕاوە و کارێگەریەکی ئەرێنی و نەرێنی زۆر بەرچاویان هەبوو لە نووسینەوەی

...بۆ ل ٩

## درێژەی لاپەڕەی ٨

مێژووی دیاریکراو ویاریدەدەر بوون لە قۆناغی سەپاندنی ناسنامەی داتاشراو بۆ دروست کردنی شوناسی زەینی «کورد» لە پرۆژەی «هاووڵاتی سازی» لەو ناوچەیەدا، کە بەداخەوە زۆر یەک لە هێزەکان -خوازراو یان نەخوازراو- بوونە دەستەمۆی قوومار و ململانەی ئەو ئەندێشانە تا لەمپەر بکەوێتە چەرخەکانی قۆناغی «گوزار»ی «نەتەوە سازی» کورد.

ئەو شێوازگەلە بێووچان گووتارێکیان خستە گۆڕەپانی سیاسی ناوچە تا بە سووبژە کردنی «کورد» لە یەکەیەکی سیاسی دیاریکراو «دەوڵەت-نەتەوە» جێگیر بکات و بە پێی شوناسێکی جیهانی پێناسەی بکات. ئەو شوناسە جیهانی و چەق بەستوو لە چوارچێوەیەکی سیاسی و جوگرافیاییە لە ڕاستیدا هەر ئەو فکریەت و ئەندێشەی پاشخانی زەینی «هاووڵاتی» بوون لە ناچەکە و جیهان وەتەنی لیبراڵی، کۆمۆنیستی و ئایینی و کۆنسێرڤاتیسمی «دێهکەدەی-دهکدە جیهانی» بوو کە وەک یوتوپیایەک خستیانە بەر دەم سووبژەی «شوناسی، تاک و نەتەوەیی»، کە تەنیا مەبەستیان بوو ئەو سووبژەیە لە نێو گووتاری زاڵ و یوتوپیای ئایدیالۆژیک دا بتوێنەوە تا واتا بدەن بە «دەسەڵاتێکی بێ سنووری جیهانی».

لەم پرۆژەیەدا ئەرکی بەرهەمهێنانی مرۆڤی نوێ و ڕاهێنانی تاکەکان خرایە بەر دەست تەکنۆلۆژیا، کە خاونی بیر کردن و هەست، ئیحساس و بەرپرسیارێتی نەبوو. لە ئاکامی «دەسەڵاتی سونەت»ی ڕۆژهەڵات و «تەکنولۆژیای» ئەندێشەی سەرمایە و مۆدێرنیزم و کەڵکەڵە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمۆنیزم، و تاک و مرۆڤی کەرەستە تەوەری لیبڕاڵی «مۆدێرنیسمی پەرەنەسەندوو» یان « مۆدێرنیسمی دواکەوتووانە» هاتە گۆڕەپانی گووتارە سیاسیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. ئەو سیستمە ناڕوونە لە ڕۆژهەڵاتدا بوو بە ئەستوونی «دەسەڵات — نەتەوە»ی دەست کرد، هەر وەتر جێگای ئاماژە پێدانە کە لە ئەنجامی ئەو کۆنتاکتەی ئەندێشەی سونەتی و تەکنەلۆژیای مۆدێرن، دەسەڵاتی سەرکوتکەر، دەسەڵاتی بەندیخانە و ئەشکەنجە، دەسەڵاتی سێدارە و دەسەڵاتی لە ناو بردنی دژبەر بوونی پێبەخشرا تا پاراستنی ئەمنیەتی مللی و بەرژەوەندی «هاووڵاتی-نەتەوەیی» مانا پەیدا بکات.

بەڵام بەپێچەوانەوە لە سیستمی دەسەڵاتی خۆماڵی کراوی ڕۆژئاواییدا بە پێی مێژوو، زمان، کلتور، جوگرافیا و ژیوپۆلێتیک و ڕیئاڵ پۆلێتیکی سەردەمیانە و بە کەلک وەرگرتن لە زەینی مرۆڤی ڕەهای بیرمەند و مێشکی مۆدێڕن و بە داهێنانی کەرەستە و زانستی مۆدێرن، «دەسەڵات»لە ڕۆڵی ئۆبژەسازکەر دێتە دەرێ و دەبێتە سووبژەیەک بۆ تاکەکانی کۆمەڵگای ئۆبژەسازکەر کە لە ڕێگای پەروەردە و کۆنترۆڵ و دانانی دیسیپلینەوە تاکێکی ڕێسامەند بەرهەم بێنێ کە واتا بدات بە کەرامەتی مرۆڤ و خۆشبەختی کۆمەڵگا. کە واتا گووتاری غالب و باڵادەست لە ڕێگای خوڵقاندنی هۆشیاری کاریگەری لەسەر مرۆڤی ڕەها و بیرمەند دادەنێ و زەینی پاشەکەشکراوی ئۆبژەی تاک بە زانیاری و هۆشیاری مانایەک دەبەخشێتە سووبژەی دەسەڵاتێکی کۆنترۆڵکراو.

بەداخەوە سووژەی «کورد» هەم لە ژێر دەسەڵاتی سەرکووتکەرانی سەردەمی سیستمی کلاسیک دا دەچەوسێتەوە و هەم لە ژێر گووتاری دیسیپلینکار و پارستەسازی بە واتایەکی تر سیستمی دەسەڵاتی مۆدێرن هەوسار کراوە. بەو مانایە سووبژەی «کورد» لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی سیستمێکی «مۆدێرنیتەی کلاسیک» یان « مۆدێرنیتەی دواکەوتوانە» دایە کە لە گشت بووارێک بۆ نمونە مافی دیاری کراوی «هاووڵاتی» بوون دا چەوساوەتەوە.

جا بۆیە سووبژەی «کورد» لە دژی پێوەندی ئەندێشەکان کە بۆتە سازدەری سیستمێکی «مۆدێرنی کلاسیک» بە ئەندێشە و فکری دەسەڵاتی سونەتی و کلاسیک و بە پشت بەستن بە مێژوی ئیمپڕاتوریەت. وە سەر لە نوێ سازدانی قەوارە و چوارچێوەی داڕێشتراوی سیستمی «دەولەت»ی ڕۆژئاوایی کە هەر کام بە شێوازێک و بە مەبەستێک قۆڵیان هەڵماڵیوە بۆ ئاسێمێلیزە کردنی « کورد»، هەر چەند گووتاری مۆدێرنیتە بە کەلک وەرگرتن لە خوڵقاندنی هۆشیاری دەست کرد بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردن و بەدیسیپلین کردنی «تاک» و «کۆمەڵگای» کورد، تێکۆشاوە سووبژەیەکی سنوردار لە « کورد» بەرهەم بهێنێ. بەڵام سووژەی «کورد» لە بەرامبەریاندا دەوەستێ و دەنگ هەڵدەبڕێ و هەنگاوی کردەیی داوێت بەرەو خۆبوون و خۆسەروەری. کە بۆتە سەرەتای سەرهەڵدانی سووژەی «کورد». ئەو سەرهەڵدانەی سووبژەی «کورد» لەڕاستیدا دەربڕینی دەنگی ئەو داڵ-ە تاکانە بوو کە خۆیان لە چوارچێوەی مەدلولە کانی شووناس دا مانا دەکردەوە. بەرهەمی پێوەندی داڵ و مەدلوولەکان گووتاری «شووناس»ی « تاک» و «نەتەوە»یی سووبژەی «کوردی» هێنایە کایە کردن.

### قۆناغی بەرهەمهێنانی ئۆبژەی «کورد»

ئێستا و لەو سەردەمەدا سووژەی کورد هاتۆتە دۆخ و قۆناغێکی نوێ. لەو قۆناغەدا تاک بە خۆناسین و خۆدەربڕینی شووناسی تاکێکی ڕەها و کۆمەڵ و کۆمەڵگایەکی خاوەنداری شووناسێکی نەتەوەیی خۆ بوو و سەربەخۆ و خۆسەروەر، کە سەردەمانێک نکۆڵی لێدەکرا، ئێستا هاتۆتە گۆ. ئێستا بێ ووچان و بەردەوام سووبژەی «کورد» لە هەوڵی دۆزینەوەی شووناسی خۆی دایە و تێدەکۆشێ ئەو شووناسە خۆسەروەریە لە ژێر هێژمۆنی گووتاری بەرهەمهێنراوی دەسەڵاتی کلاسیک و دەوڵەت-نەتەوەی دەستکرد و بەرژەوەندخوازی مۆدێرنیتە دەربازبکات. کە واتا هەرەوەزێکی هەمەلایەنەی پێویستە تا ئەو قۆناغە ئاستەمە بەسەرکەوتووانە تێپەڕێنێ.

شووبژەی «کورد» توانیوێتی سەرکوتکاری سیستمی دەسەڵات-سونەت و «هاووڵاتی سازی» دەوڵەت-نەتەوە بە جیاوازییەوە ببەستێتەوە و هەوڵ بۆ پێکهێنان و سازکردنی دەسەڵاتێکی خۆسەروەرانە بە پاڵپشتی تاکی هۆشیار و خاوەن بیر و ڕا بدات، دەسەڵاتێک کە بە جێ گۆڕکێیەکی ئەرێنی نێوان سووبژە و ئۆبژە واتا بدات بە بوونی گووتاری ئۆبژەی «کورد» بۆ پێکهێنانی سووبژەی «دەسەڵات»ی کوردی وێڕای هۆشیاری شووناسی نەتەوایەتی تا لە مێژوودا وەک یەکەیەکی نەتەوە بمێنێتەوە و بەردەوام بێ.

شووناسی کورد لە دەستپێکی مۆدێرنیتەدا شووناسێکی دژبەرانە -تقابلی- بوو، بەو مانایە کە هەڵگری ئەو تایبەتمەندیە خۆناسینە و ناسنامەیە دەستکردەییە بوو کە دژبەرانی خاوەندارێتیان دەکرد. شووناسی کورد لە بەرامبەر شووناسی دژبەرەکانی بە شێوەیەکی نەرێنی فرچکی گرت کە بەرهەمی زەینی خەزنکراوی هۆشیاری تاکی ڕەها و بەرهەمهێنەری ڕۆژئاوایی یان گەڵاڵەی سیستمی دەسەڵاتداری مۆدێرنیتە بوو کە هەڵگەڕانەوەی شووناسی سووبژەی «کورد»ی لە سیستمی مۆدێرنیسمی سونەتی ڕۆژهەڵاتانەی لێکەوتەوە.

قەیرانی شووناس لە پرۆژەی نەتەوەسازی دا، سووبژەی شووناسی «کورد»ی خستە قۆناغێکی تازە لە گۆڕەپانی «گووتاری مانەوە» لە شووناسی زاڵ دا. بەپێچەوانەوە «گووتاری مانەوە» بوو بە هەوێنی دەرباز بوون و خۆ ڕزگار کردنی شووناسی کورد لە ئاسێمیلە بووندا. هەر چەند لە قۆناغی «گووتاری مانەوە» لە ژێر شووناسی زاڵ دا، کورد خاوەنی خۆسەروەری پرۆژەی خۆداهێنەر نەبوو، بەڵام هاوکاتیش نەکەوتە ناو قووماری شەڕێکی دەستکرد و ئەبەدی بەمەبەستی توانەوەی شووناسی کورد. هاوکات لە گۆڕەپانی ئەو گووتارەدا «شووناسی کورد» سەرقاڵ نەبوو بە خۆداڕشتنەوەی شووناسی خۆی بە گوێرەی لە ناو چوون و گۆڕانکاریەکانێک کە بەسەر شووناسی داگیرکەران و دژبەرانی دا دێت. گووتاری مانەوە بۆ چەمکی «شووناسی کورد» دۆخێکی دژوار و تایبەتی خوڵقاند، مان یان نەماو، گرینگ ئەوەیە!؟

ئەم گووتارە بە جۆرێک گیرۆدەی تەنگەبەرییە مەعریفیەکانی کردین و دەرکەوتە ڕاستەوخۆی سووبژەی «کورد»ی وەکو بەرهەمێکی فیکری و کردەییەکی سیاسی لە نێوان چەشنێک بێ مێژوویی ، پێکهاتەخوازی و بونیادگەراییدا هەڵی دەسووڕاندین و تووشی قەیرانگەلێکی نەخوازراوی کردین.

بەڵام بە خۆشییەوە، جێگای ئاماژەیە کە «شووناسی کورد» لەو کێبەرکێیە و بەزاندنی قۆناغە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت قۆناغی «گووتاری مانەوە» بوو بە خاوەن ئەزموونگەلێک کە بتوانێ شووناس و گووتاری جیهانی بوون و گلۆبالیزمی خۆی - وێڕای پاراستنی گشت چەمکە سازکەرەکانی شووناسی تایبەتی نەتەوەیی- وەک لەمپەرێک نەزانێ بۆ گەیشتن بە شووناسی خۆناساندراو و خۆبەرهەمهێنەری نێونەتەوەیی «کورد».

گووتاری ئێستا لە قۆناغی گووتارێکی بنەماشکێنانە دایە تا ئەو ناسنامە و شووناسە چەق بەستووەیە کە بناغەی گووتاری لۆگۆسێنتریستی «مانەوە» و «بەرگری»ە تێکی بقرمێنێ و هەستیت بۆ بونیادنانی شووناسێکی خۆسەروەر و خۆداهێنەر و سەپێندراو و سەلمێندراو. گووتاری «کورد» پێویستە بەو قەناعەتە بگات کە بە ئەندێشەی مێتافیزیک ناتوانێ لە بۆشایی «حزوور»ی ئەو ئەتمۆسفۆر و فەزایەدا کە پێکهاتووی بەرهەمی «جیاوازیی» و «غەیبەتە» بەردەوام بێت، سەبارەت بەوی کە چەمکی «حزوور» شرۆڤەکەری ئەندێشەی «بوون» و «تێگەیشتنە»، بۆیە هەڵگەڕانەوەی کۆدژەکان و بەرامبەرییەکان وەک «داڵ و مەدلوول» تەنیا هەڵگەڕانەوە و دووپاتکردنەوەی ئەندێشەی مێتافیزیکی نییە بەڵکو بونیادنانێکی سەر لە نوێیە. بۆ نموونە بەگژ داچوونی تیۆری بنەماشکێنی دریدا بە مێتافیزیکی ڕۆژئاوایی کە پەیکەرەکەی لە سەر بنەمای «لۆگۆس» داڕشترابوو، بنچینەی ئەو مێتافیزیکە بە بناغەیەکی پتەو و نەگۆڕی بردە ژێر لێکۆڵینەوە و سەرچاوەی بیرۆکەکانیشی کە لەو گووتارە هەڵقووڵابوون و لە ناو بازنەی ئەو گووتارە دەخوولانەوە، تووشی وەستان و بەخۆداچوونەوە و سەر لە نوێ داڕشتنەوەی کرد. جا بۆیە زۆر گرینگە سووبژێکتیویتیەی «کورد» سەر لە نوێ خۆسەروەری و هەست بە دەربازبوون بوونیاد بنێتەوە و گشت گیری تێگەیشتنی ئەندێشەی ئۆبژەسازی شووناسی «کورد» بنووسرێتەوە.

کە واتا پرۆژەی ئێستامان بوونیادنانێکی بنەماشکێنانەی شووناسی «تاک» و «نەتەوەیی» کوردە بۆ ڕزگار بوون لە دووجەمسەری دێکارتی کە بەرهەمی لۆگۆسێنتریسمی مێتافیزیکی ڕۆژئاوایی خاوەن بیر و مێشکێکی سونەت-کلاسیکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی «دەوڵەت-نەتەوە»دەستکردەکان. گووتاری «کورد» لەم قۆناغەدا خۆتەیارکردن و خۆ ساغکردنەوەیە، بە کەلک وەرگرتن لە ئەندێشەی پێکهاتە شکێنی و بنەماشکێنی دژ بە ناوەندی خەزنپێکراو و سەلمێندراوی ئەندێشەی«هاووڵاتی بوون» و «یەکپارچە سازی تێگەیشتن» لە یەکەیەکی نەتەوەیی سەپێندراوە، بۆیە گرینگە بە گرژ گووتاری لۆگۆسێنتریستی «مانەوە» و «بەرگری» ڕۆچین. دیارە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە بەو واتایە نییە کە شووناسی کورد داببڕێ لە تەواوی ئەو بارودۆخەی کە تێیدا بەدیهاتووە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە بە هۆشیارییەکی مەعریفی و مێژوویی بە «گشت گیری تێگەیشتن» لە سووبژەی «کورد» بگەین و تەواوکۆیی و لێکتێگەیشتن بێتە هۆی گەشەپێدان بە سووبژێکتیویتیەی شووناسی نەتەوەیی «کورد».

کە واتا گووتاری بنەماشکێنی هەڵگەڕانەوەیە لە هەمبەر گووتاری زاڵی ڕێساکار و پارستەسازی زلهێزەکان و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی گووتاری حافزەیەکی دژبەر، بۆ بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی حافزە و بیرگری گووتاری پێشوو. سووبژێکتیویتیەی «کورد» پێویستی بە هەڵگیرسانی شۆڕشێکی خۆساغکەرەوە و سەرهەڵدانی تێگەیشتنێکی مەعریفیە بە دژی گووتاری زاڵی پاراستەسازی و کۆیلەتی زەینی و جەستەیدا.

ئالێرەدا «بەرگری» بەرهەم هاتوو لە تێگەیشنی گشت گیر و کۆدەنگ، دەبێتە گووتاری زاڵ. ئەو گووتارەی -مەبەست گووتاری «بەرگری» خۆسەروەری، خۆبوونیادنەرە- کە سەر لە نوێ لە شکڵ و قاوغێکی تر بوونیاد نراوەتەوە، کاریگەری ڕاستە و خۆی دەبێ لە سەر زمان و کرداری ئۆبژەسازکەری شووناسی تاک و شووبژەی کۆ-ی «کورد» و لە گۆڕەپانی خۆناسین و خۆناساندن بەستێنێک لە ژیان و چالاکی و سەرهەڵدان دێنێتە کایە کردن و گووتاری «مانەوە» دەخاتە پەراوێز، تا چیتر تووشی سەر سووڕمان نەبێ لە نێوان بابەتی تایبەتی -خا× و پارتیکیولار- و بابەتی جیهانی — یۆنیڤێرساڵ. بە مانایەکی تر ئەگەر بەردەوام لە ناو گووتاری «مانەوە» قەتیسمابێ، «شووناسی کورد» لە ناو بازنەی بابەتی تایبەتی و بەرتەسکی خۆیدا دەخولێتەوە یان بەپێچەوانەوە لە ناو یوتوپیای ئینتزاعی «جیهان زێدی- جهان وتنی» دەتوێتەوە.

کە واتا گووتاری «کورد» سەرقاڵی خۆ دووپات کردنەوە دەبێ و بەردەوام لە دەرەوەی بازنەی مێژوو فەرامۆش دەکرێ و ناتوانێ دژوازە دەروونییەکانی بە خۆهاویشتن و پەلهاویشتن بە ئایدیالۆژییەکان تاووتوێ بکات، یان بە پێشێل کردنی شووناسی دژبەرەکان و بە فەرامۆش کردنی ئەزموونەکانی قۆناغی پێشوو ببێتە بەرهەمهێنەری ئۆبژەسازکەری شووناسی تاکی خۆئاگا بۆ داڕشتنی سووبژەی «ئێمە»یەکی «گشت گیری تێگەیشتوو».

سووبژەی «کورد» بۆ تێپەڕاندنی سەرکەوتووانەی ئەو قۆناغە پێویستە پردێک بونیاد بنێ لە نێوان بابەتی تایبەتی و یۆنیڤێرساڵ تا سووبژێکتیویتیەی «کورد» بە خۆئاگایی گشتی و ئۆبژێکتیویتیەی«تاک «ی بەرهەمهێنەر، شووناسی سەر لە نوێ بونیادنێنراوەکەی، بکاتە گووتاری «گشت گیری تێگەیشتن» بۆ خۆناسین و خۆناساندن. بەو جۆرەی کە هەم بابەت و گووتاری تایبەتی خۆی جیهانی و یونیڤێرساڵ بکات و هەم خاوەن پێگەی شووناسی نێونەتەوەیی و جیهانی بێ بە پشت بەستن بە گووتاری تایبەتی خۆی، «گووتاری شووناسی نەتەوەیی».

# پێکهێنانی ژیان هاوبەش و بێمافیی ژنان

ژیلا ئەحمەدی

هاوسەرگیری بابەتێکی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییە. خانەوادە بە درێژایی مێژوو ئاڵۆگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە و دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و هەروەها شوێنی ژیان و سەردەم خولقێنەری چەندین جۆر ژیانی هاوبەش و خانەوادە بوون وەکوو یەکهاوسەری، چەن هاوسەری، باوک سالار، دایک سالار و هتد. لەباری قەبارە و دابەشکرانی ئەرکەوە خانەوادەکان بە دوو جۆر دابەشکراون. بنەماڵەی گەورە کە زۆربەی جار سێ جیلی لە خۆی دەگرت کە پێکەوە دەژیان و لە باری کولتووری و دابەشکرانی ئەرکەکان و هەروەها لە باری ئابوورییەوە جیاواز بووە لە بنەماڵەیەی بچووک کە ئەمڕۆ بەشی سەرەکیی بنەماڵەکان پێکدێنێ. لە چاو کۆمەڵناسانەوە دوو ڕوانین بەرانبەر بە بنەماڵە وەکوو ئۆرگانی بچووک و بنچینەی هەیە، یەکەم ڕوانینێک کە بنەماڵە وەکوو گرووپێک نۆرماڵ وئیدەئال دەزانێ و بنەماڵە زۆر بە سەرتر لە کۆمەڵگا دەزانێت و دووهەم ڕوانینێک کە پێیوایە پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگا وبنەماڵە دەبێتە هۆی مانا پەیداکردن و خولقێندرانی بنەماڵە و خانەوادە بە شێوەی سرۆشتی بوونی نییە. بە درێژایی مێژوو لە هەموو شێوازەکانی خانەوادەدا و لە هەموو جۆرەکانی خانەوادەی سوننەتیدا ژنان قوربانی و ژێردەستە بوون. نموونەکانی ئەو قوربانی بوونە لە هەندێک ڕەسمی کۆن و دژە مرۆڤدا بە زەقی دیارن یەکێک لەو ڕەسمانە بەشوودانی زۆرەملی ناو بنەماڵەکان بوو، کچێک کە لەدایک دەبوو ناوی کوڕێکی بنەماڵەیان لە سەردادەنا و کاتێک کچە گەورە دەبوو دەبوایە شووی بەو کوڕە بکردایە و ڕەزامەندی کچەکە و تەنانەت کوڕەکەش گرینگ نەبوو. لە یاسای کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێگە بە کچانی ١٣ ساڵ بۆسەرەوە و کوڕانی ١٥ ساڵ بۆ سەرەوە دراوە ژیانی هاوبەش پێکبێنن بەڵام ئەگەر خێوی کچەکان (باوک یان باپیر یان برا) ڕازی بن دەتوانن کچانێک کە تەمەنیان لە ١٣ ساڵیش کەمترە ناچار بە هاوسەرگیری بکەن ئەمە لە حالێکدایە بەپێی کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی مافەکانی منداڵان کەسانێک کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمتر بێ منداڵن و بۆیان نییە بچنە ناوی ژیانی هاوبەشەوە و کۆماری ئیسلامیش ئەو کۆنڤانسیۆنەی قەبووڵ کردووە. شێوازێکی دیکەی پێکەوە ژیان کە دژی ماف و سەربەخۆیی ژنانە هاوسەرگیریی کاتییە کە لە مەزهەبی شیعەدا باوە و پێی دەگوترێ سیغە. ئەو دیاردەیە کە زۆربەی جار ناوی لەشفرۆشیی یاسایی و ئایینی لێنراوە، ژنانی هەژار و بێدەرەتان دەکاتە قوربانی و مافەکانیان پێشێل دەکا و لە ڕاستیدا ناچاریان دەکا بەرانبەر بە بڕە پارەیەک بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵ پیاوێک بژین و تەسلیمی خواستەکانی بن. بە پێی ئەو ئامارانەی لە کتێبی «خانەای بر روی آب « واتە ماڵێک بەسەر ئاوەوە لە نووسینی کامیل ئەحمەدی، لە ٢١٦ کەس کە لە سێ شاری تاران ، ئیسفەهان ومەشهەد سیغە کراون، ٨٤٪ پێش ١٨ ساڵان ناچار بە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بوون و دواتر لە هاوسەرەکانیان جیابوونەتەوە و ڕێژەیەکی یەکجار بەرزی ئەو کەسانە لەبەر پێویستیی ئابووری ڕوو لەو کارە دەکەن. لە زۆربەی نزیک بە تەواوی شێوازەکانی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشدا ژنان بێمافن و وەکوو ملکی پیاوان چاویان لێدەکرێ و زۆربەی ئەو ڕەسم و سوننەتانەی لە مەسئەلەی هاوسەرگیریدا هەن هەر بە پێی ئەم ڕوانینە دانراون. مارەیی و شیربایی و زێڕ و ... کە هەرکامەیان کۆتێک لە دەست و پێی ژنانن و هاوکات بێمافییان لە ژیانی هاوبەشدا و نەبوونی مافی جیابوونەوە و سەرپەرەستیی منداڵ و ... ژیانی هاوبەش دەکەن بە دیاردەیەک کە بە کردەوە بازاڕێکە کە تێدا ژنان بێڕێزییان پێدەکرێ و مافەکانیان زەوت و پێشێل دەکرێن. ڕەسمی خوێن بەس کە بۆ کۆتایی هاتن بە شەڕێ نێوان دوو تایفە و عەشیرەت کە خوێنی تێدا ڕژابوو بریتیی بوو لە دانی ژنێک وەک قەرەبوو بەو لایەنەی کەسی لێکوژراوە. ژن بە ژنە و گەورە بە بچووک و زۆر ڕەسمی کۆنی دیکە هەموویان ڕوانینی کۆمەڵگای سوننەتی و پیاوسالار بەرانبەر بە ژنان نیشان دەدەن کە پڕە لە بێڕێزی و مافخوارانی ژنان. دیاری کرانی مافی چەند هاوسەری بۆ پیاوان کە لە یاسای ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتووە یەکێکی دیکە لەو یاسا و ڕەسمانەیە کە تا ئەو پەڕی خۆی دژە ژن و نامرۆڤانەیە.



# مافی مرۆڤ و توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان

وەرگێڕان: ئەسعەد دورروودی

پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ئەرکێی سەرەکیی دموکراسی و سیستمە دموکراتیکەکان لە هەموو جیهانە. ڕزگاریی ژنان بەدەست توندوتیژییەوە یەکێک لە سەرەتاییترینی ئەو مافانەیە.

مافەکانی مرۆڤ بەشیک لە مافە گەردوونییەکانی خەڵکە و هەموو کەسێک دەگرێتەوەو هەموو ئینسانێک بە بێ لەبەرچاوگیرانی ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە یان ئەو کولتوورەی تێدا دەژی و تەنانەت دۆخی تایبەتی ژیانی ئەو مافانەی هەیە.

مافەکانی مرۆڤ دەسەڵاتی دەوڵەتەکان بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگادا بەرتەسک دەکاتەوە و هەندێک ئەرک دەخاتە سەر شانی دەوڵەت و دەسەڵاتەکان. بۆ نموونە دەسەڵاتەکان دەبێ پارێزەری مافەکانی تاک بن و ڕێگە نەدەن تاکەکانی دیکە ئەو مافانە زەوت بکەن هەروەها دەوڵەتان ئەرکی سەرشانیانە بەستێن و دۆخێک بڕەخسێنن کە تاکەکان بتوانن تێیدا داوای مافەکانیان بکەن و پێیان بگەن.

مافی ژن مافی مرۆڤە

بۆ ئەوە مافی ژنان هەمان قورسایی و گرینگیی هەبێ کە مافی مرۆڤ بە گشتی هەیەتی ستراتێژیی جیاواز هەیە. لە لایەکەوە هەوڵدراوە ڕوانگەی یەکسانی خوازانە تێکەڵ بە هەموو ناوەندەکان، گرووپە کارییەکان و بەشەکانی دیکەی کاری کۆمەڵگەی جیهانی بکرێ و لە لایەکی دیکەوە بەڵگە و ئامرازی تایبەت بۆ کاری تایبەت لە سەر مافەکانی ژنان داڕێژراوە و بەکاردەهێنرێن. کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی هەمووجۆرە هەڵاواردنێک بەرانبەر بە ژنان (پەسەندکراوی ١٩٧٩)، ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان (پەسەندکراوی ١٩٩٣) و کۆنڤانسیۆنی ئیستامبوڵ (پەسەندکراوی ٢٠١١) چەند نموونەی ئەو ئامراز و هەوڵانەن.

توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان وەکوو هۆکارێکی سەرەکیی پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤی ژن دێتە ئەژمار. هەروەها ئەو توندوتیژییە گرفتێکی بەرچاو و جیدیی کۆمەڵایەتیە کە پێویستی بە کارێکی بەرین بۆ نەهێشتنی و هەروها هەوڵێکی جیددی بۆ یارمەتیدانی ژنانی قوربانیی توندوتیژی هەیە.

دەسەڵات بەرپرسی توندوتیژی نواندنی تاکەکانە

دەسەڵات و دەوڵەت ئەرکی پاراستن و جێگیرکردنی مافەکانی مرۆڤ و کار بۆ بەهرەمەندبوونی تاکەکان لەو مافانەی لە ئەستۆیە. ڕادە و ئاستی ئەو بەرپرسایەتییە بابەتێکی جێگەی مشتومڕ و لێدوانی ناو کۆمەڵگایە. بەشێک لە باسەکانی سەر مافەکانی مرۆڤ پەنجە لە سەر ئەوە دادەنێ کە باسکردن و داڕەشتن و پێشخستنی ئەو مافانە لەسەر بنەمای ئەزموونی پیاوانە. لەو باسانەدا ڕەخنە لە شێوەی دابەشکرانی حەوزەی خوسووسی و گشتی دەگیرێ کە باسێکی سەرەکیی بەشی ماف لە ئاستی نێونەتەوەییدا بووە و دەگوترێ ئەو شێوازە دابەشکردنە وایکردووە کە مافەکانی مرۆڤی ژن هەموو جارێک وەکوو باسێکی کۆمەڵگای جیهانی بیری لێنەکراوەتەوە و کاری بۆ نەکراوە.

هەنگاوێکی گرینگ بۆ بەرگرتن بە توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان ئەوەیە کە دەسەڵاتی دەوڵەت وا بەرین بکرێتەوە کە هەموو توندوتیژییە تاکەکەسییەکانیش بگرێتەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان (پەسەندکراوی ١٩٩٣) دەوڵەت لەسەر شانیەتی هەموو کارێکی پێویست بکات بۆ بەرگرتن، لێکۆڵینەوە و سزادانی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان، جا چ دەسەڵات و سیستم ئەو توندوتیژییەی نوادبێ چ تاکەکان.

مافەکانی مرۆڤ، ئامرازێک بۆ گۆڕان

گەرودوونی بوونی مافەکانی مرۆڤ وادەکا ئەو مافانە ببنە ئامرازێک کاریگەر و بەهێز بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و هەڵاواردن دژی ژنان. پێناسەکرانی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان وەکوو پێشێلکاریی مافی مرۆڤ ئاستی چاوەڕوانی لە دەسەڵات بەرزدەکاتەوە و ئەرکێکی زیاتری دەخاتە سەرشان. هاوکات وادەکا پرسی توندوتیژی لە پرسێکی تاکەکەسییەوە ببێتە پرسێکی گشتی و گرینگیی زیاتر پەیدا بکا و کاری زیاتری بۆ بکرێ.

**سەرچاوە:** ناوەندی نەتەوەیی بۆ ئاسایشی ژنان (زانکۆی ئووپسالای سوئد)



# لە پەراوێزی هێرشی ئێران و تورکیە بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان



**وریا ڕەحمانی**

زۆرێک لە خەڵکی ئێمە، تەنانەت کۆنەکارانی سیاسی و ڕێبەرایەتیی ئەحزابیش، لە شرۆڤەی ڕووداوە نەخوازراوەکاندا خۆیان لە واقیعە سیاسییەکان دەدزنەوە و لەسەر ئەساسی زێهنییەتی دڵخواز و داڕێژراوی خۆیان خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن دەکەن. هەربۆیەش زۆربەی کات دەرئەنجامی ئەو جۆرە خوێندنەوە و لێکدانەوانە ئاکامگیرییەکی دروست و گونجاوی لێ ناکەوێتەوە. هۆکاری سەرەکیی ئەو چەشنە ڕوویکردەش دەگەڕێتەوە بۆوەی کە ئەو بەڕێزانە بەرلەوەی کە خودی ڕووداوەکە و چۆنیەتیی بەرەوڕووبوونەوەی لەگەڵدا لەبەرچاو بگرن لەهەوڵی ئێقناع و ڕازی کردنی دەنگە جیاوازەکانی نێوخۆیین. ئەوەش وای کردوە کە چەشنێک لە عەوامگەرایی و پەردەپۆش کردنی دوور لە لۆژیک و وردبینی هاتبێتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردەوە کە هیچ دەرکەوتەیەکی واقیع بینانەی تێدا بەدی ناکرێ و تەنیا مەسرەفی نێوخۆیی هەیە.

ناشارەزابوون لە یاسا و ڕێسا سیاسییە نێونەتەوەییەکان و نائاشنابوون لەگەڵ #پرۆتۆکۆل و پەیماننامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بارودۆخێکی وا پێک دێنێ کە سیاسەتمەداری کورد تەعامولێکی نەگونجاوی لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا هەبێ. چون لە ئەساسدا خوێندنەوە و لێکدانەوەکەی لەسەر بنەمایەکی نادروست دارشتوە، هەربۆیەش دەرئەنجامێکی دروستی لێ ناکەوێتەوە و بەلارێدا دەچێ.

تەعامولی هەڵوێستی سیاسیی کورد لەگەڵ بابەتی هێرشی چەند جارەی ئێران و تورکیە بۆسەر بنکە و بارەگاکانی ئەحزابی ڕۆژهەڵات (#دێموکرات و #کۆمەڵە) و #پەکەکە و سنوور بەزاندنی خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەرتەشی ئەم وڵاتانەوە، زۆربەی کات تەعامولێکی ئەرزشی بووە و لەم سۆنگەیەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە. کەچی کەمتر هەوڵ دراوە لە دەلاقەی یاسا و ڕێسای ئاسایشی نێونەتەوەیی و پرۆتۆکۆلی هاوسێیەتیی وڵاتان بابەتەکە ببینرێ و لێک بدرێتەوە.

من نامەوێ باسی ڕەوابوون یا ناڕەوابوونی بابەتەکە بکەم چون هەر وەک ئاماژەم پێکرد ئەو بابەتە بابەتێکی ئەرزشی یە و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ. سرووشتییە کە ئەم هێرشە لە ڕوانگەی منی کوردەوە ناڕەوایە چون بە مەترسی بۆسەر مان و مەوجوودییەتی خۆمی دەزانم. کەچی لە ڕوانگەی فارس یا تورکێکەوە ڕەوایە چون لە سۆنگەی بەرگری لە ئاسایشی نەتەوەیی خۆیەوە دەیبینێ.

من دەمەوێ لەو پەیوەندەدا باس لە پرۆتۆکۆلێکی نێونەتەوەیی بکەم کە وەک ئەسڵێک بە واژۆی زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی دنیا گەیشتوە و پاڵپشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی لە پشتە.

بەگوێرەی ئەم پرۆتۆکۆلە پێویستە وڵاتان ڕێز لە سەروەریی نیشتمانی و نەتەوەیی یەکتر بگرن و نابێ ئیجازە بدەن کە لە خاکی ئەوانەوە هێرش بکرێتە سەر وڵاتانی دراوسێیان. تەنانەت ئەگەر لە خاک، ئاو یا ئاسمانی وڵاتێکەوە هەر چەشنە هێرشێک بۆسەر وڵاتێکی دیکە بکرێ، خودی ئەو مەوزووعە دەکرێ بە جۆرێک لە «#اعلان_جنگ» دابنرێ. هەر بەپێی ئەم پرۆتۆکۆلە ئەگەر وڵاتێک بەهەر هۆکارێک توانایی پارێزگاری کردن لە سنووری هاوبەشی نەبێ ئەوە ئەو وڵاتەی هێرشەکەی دەکرێتە سەر دەتوانێ کە بەپێی ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتەکەی دی بچێتە نێو خاکی ئەو وڵاتەوە و مەترسییەکە لەسەر خۆی بڕەوێنێتەوە و تەنانەت #سنووری_حائل دروست کەن.

هێرشی تورکیە بۆسەر خاکی ڕۆژئاوای کوردستان و دروست کردنی سنووری حائل لەنێو خاکی سووریەدا وەهەروەها هێرشی چەندجارەی ئاسمانی و زەوینی بۆسەر خاکی #هەرێمی_کوردستان بەمەبەستی پێکانی هێزەکانی ڕۆژهەڵات و پەکەکە لەلایەن ئێران و تورکیەوە لەو بازنەیە دایە کە ڕەهەندێکی یاسایی لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکاندا وەردەگرێ.

لە چوارچێوەی ئەو پرۆتۆکۆلەدا هەر سێ وڵاتی #ئێران، #ئێراق و #تورکیە بەیەکەوە پەیماننامەی مافی هاوسێیەتیی هاوبەشیان واژۆ کردوە و تێیدا «متعهد» بە ڕێزگرتن و پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی و نیشتمانیی یەکتر بوون.

لەو پەیماننامە هاوبەشەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەگەر لە یەکێک لەم وڵاتانەوە هێرش کرایە سەر وڵاتەکەی دی و وڵاتی خانەخوێ توانایی پێشگیریی نەبوو، ئەوا ئەو وڵاتەی کە هێرشەکەی کراوەتە سەر بۆی هەیە کە بە مەرجی ئاگادارکردنەوەی وڵاتەکەی دی تا قووڵایی ٧٠ تا ١٠٠ کیلۆمتر سنووربەزاندن بکات.

لەراستیدا خودی ناسین و تێگەیشتن لە عورف و یاسا سیاسییە نێونەتەوەییەکان دەتوانێ لەمەڕ پەیڕەوکردنی هەڵوێستی گونجاو لە هەمبەر ڕووداوە جۆراوجۆرەکاندا یارمەتیدەر بێ و مەجالێکی چالاکیی واقعبینانەتر برەخسێنێ.

بەم پێیە ئەو هێزە سیاسی و حیزبە کوردییانە یا دەبێ #چالاکیی_چەکداری نەکەن یا ئەگەر دەشیکەن دەبێ بنکە و بارەگاکانیان بەرنە نێو ئەو وڵاتانەوە کە لە دژی خەبات دەکەن. چون لە حاڵەتی پێچەوانەدا وڵاتانی ئێران و تورکیە پاساوی سیاسی و یاسایی بەردەوامیان بۆ هێرش کردنە سەر ڕۆژئاوا و هەرێمی کوردستان دەبێ و ئەو سیکلەش هەر نابڕێتەوە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم کە هەڵوێستی سیاسیی کورد ئەگەر دەیەوێ چارەسەرییەکی گونجاو بۆ بنبڕ کردنی ئەو گرفتە بدۆزێتەوە و ڕێگە لە دووپاتبوونەوەی چەندجارەی ئەم کێشەیە بگرێ ناتوانێ تەنیا بەپێی بەها و ئەرزشە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆی سەیری بابەتەکە بکا و یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارەکان نادیدە بگرێ. کورد ناتوانێ بەدەر لە یاسا و عورفی سیاسیی نێونەتەوەیی بجوڵێتەوە و چاوەڕوانیی پشتگیریی جیهانیی هەبێ. هەر بۆیەش پێویستە کە هەرچی زیاتر خۆی و خەباتەکەی لەگەڵ پارامێترەکانی دنیای سەردەمدا بگونجێنێ و بەها نەتەوەییەکانی خۆی لەگەڵ بەها نێونەتەوەییەکان ڕێک بخات.

لەراستیدا کورد پێویستە خوێندنەوەیەکی دوبارەی بۆ خۆی هەبێ و لە چوارچێوەی عورف و یاسای سیاسەتی نێونەتەوەییدا پێناسەیەکی نوێ لە خۆی و ئەرزشەکانی بکات، بۆوەی دنیای دەرەوەش ببینێ و ڕێزی لێ بگرێ و بیخوێنێتەوە.

# شەڕێک بۆ وەبیر هێنانەوە ی ئیمپراتۆریەکانی ڕابردوو

**ئاروین سەعیدپوور**

شەڕی قەرەباغ لەو قۆناغە تێپەڕیوە کە وەک شەڕی سنوورەکان چاوی لێبکرێت، ئێستا شەڕی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان شەڕی مان و نەمانە و هەروەها بۆ وڵاتانی ناوچەکە وەک ئێران، تورکیا و ڕوسیاش کاتی ڕەخنە کردنی زۆرتر و بەدەست هێنانی قازانجی زیاترە.

هەر بەم بۆنەوە ئێستا دەتوانین بڵێین کە شەڕی قەرەباغ تەنیا بە هۆی ئەوەوە نیە کە لایەنێک تەقەی لە لایەنێکی دیکە کردبێت بەڵکوو چەن مانگ پێش لە هەڵگیرسانی شەڕەکە، تورکیا و ئازەربایجان بە تەواوی پیلانیان بۆ دانابوو و بە تەواوی جموجۆڵی سەربازی و چەکی قورسیان بۆ دابین کردبوو.

ستالین لە ساڵی ١٩٢٣ ناوچەی قەرەباغی کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەرمنین پەیوەستی ئازەربایجان کرد و وەک بەشێک لە خاکی ئازەربایجان ناساند. بەڵام لە دوایی ڕووخانی سۆڤیەت قەرەباغ بە بێ پەیوەست بوونەوە بە ئەرمەنستان خۆی سەربەخۆ ڕاگەیاند. بەڵام ئێستا ئیلهام عەلیوف سەرۆک کۆماری ئازەربایجان دەیهەوێت هەدیەکەی ستالین وەربگرێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دەیهەوێت جێ پێیکی تازە بۆ خۆی لە قەفقاز بکاتەوە و ئەمەیش وەک بەدوا چوونی خەونەکانی دەبینێت وەک شەر کردن لە سوریا، عێراق و لیبی بۆ زیندوو کردنەوەی خەلافەتی عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لێرەدا حەول دەدەم هەڵوێستی هەندێک لە وڵاتانی ناوچەکە باس بکەم:

لە کاتێکدا وڵاتی ئەمریکا سەرقاڵی هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆماریە و هاوکات خەریک کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق، سوریا و ئەفغانستان؛ لەگەل هەردوو وڵاتی ئەرمەنستان و ئازەربایجان برادەرایەتی و تێکەڵاوی نزیکی هەیە، بۆ نموونە لەگەل ئەرمەنستان پەیمانی سەربازی بەستووە و هەروەها یەکێکە لە کڕیارەکانی نەوتی ئازەربایجان و هەتاوەکو ئێستایش ٥ میلیارد دۆلار چەکی سەربازی پێ فرۆشتووە.

روسیا هاوکات لەگەل ئەوەیکە لەگەل ئێران پەیمانی برایەتی بەستوە و لە سوریە وەک هاوپەیمانی یەک شەر دەکەن، لەگەل تورکیا و ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیشدا پەیوەندی چڕوپڕی هەیە، بۆ نموونە دوایی گۆشارەکانی ناتۆ بۆ پاشەکشە کردن بە تورکیا لە سەندنی چەکی قورس لە روسیا، بەڵام تورکیا لە سەر بریاری خۆی مایەوە ناتۆ نەیتوانی ڕێگەی پێ بگرێت. وەزیری دەرەوەی روسیاش هەمووکات هەوڵی کشانەوەی تورکیای لە هێزەکانی ناتۆ داوە و هەمووکات ڕایگەیاندووە « ڕاستە تورکیا هاوپەیمانی ئێمە نیە بەڵام هەمووکات وەک شەریکی خۆمان چاومان لێکردوە».

ئێران لەم شەڕەدا چیتر پشتیوانی شیعە ناکات و ناراستەوخۆ پشتیوانی لە ئەرمەنستان دەکا، ئەڵبەت ئەمە هۆی ترسە ناوخۆییەکان و هەر بەم بۆنەوە زۆرینەی دانیشتوانی ئازەری ئێران ناڕەزایەتی و دژایەتی خۆیان بەرامبەر بە وەزعەکە دەربڕیوە.

ئیسرائیل پەیوەندی چڕوپڕی لەگەل ئازەربایجان دا هەیە و هاوکات بنکەیەکی سیخوری بە دژی ئێرانیش لە ئەرمەنستان، بۆیە لەم شەڕەدا ئیسرائیل هەوڵ دەدات خۆی وەک هاوپەیمانی ئەمریکا و دۆستی روسیا، ئازەربایجان و ئەرمەنستان و هەروەها دوژمنی ئێران پێناسە بکات.

ئامانجی سەرەکی شەری قەرەباغ گۆرانی نەخشەی سیاسی قەفقاز و هەروەها سەپاندنی شکست بەسەر ئەرمەنستان بەرامبەر ئازەربایجان دایە و لە ئاکامدا کردنەوەی ژێئۆپۆلیتیکی نوێ بۆ کایەی زیاتری روسیا.

پێکهاتەی قەومی و نەژادی لە ناوچەی قەفقاز دەتوانێت ڕێگە خۆشکەری ئەم گۆڕانکارییانە بێت. ناوچەی قەفقاز پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە لە چەندین قەومیەتی جیاواز و ئایینی جۆراوجۆر کە هەرکام لەمانە خاوەن مێژوو و کولتورێکی تایبەت بە خۆیانن. تۆماس دی واڵ، کارناسی بریتانی لە کتێبەکەی دا لە ژێر ناوی باغی ڕەش ( black garden) دەڵێت: ژیانی ئاسایی و بە دوور لە شەری میللەتەکانی ناو سۆڤیەت خەونێک زیاتر نیە. ڕەنگە بە ڕواڵەت لەگەل یەکتر بژین بەڵام بە حەقیقەت هەرکام لەم میللەتان لە جیهانێکی جیاوازدا سەیر دەکەین و خاوەن مێژوو و کولتوری خۆیانن.

حەیدەر عەلیۆف باوکی سەرۆک کۆماری ئێستای ئازەربایجان لە دێهاتێکی ئەرمەنستان لەدایک بووە، بە گەنجی بوە بە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و ئەمەیش بو بە هۆکاری ئەوەیکە پلەی سەرۆک کۆماری ئازەربایجان بەدەس بێنێت و لە ئاکامدا بۆ کوڕەکەی بە جێ بهێڵێت. هەروەها سێرگەی لاورۆف، وەزیری دەرەوەی روسیاش ئەرمەنیە و ناوی ڕاستەقینەی سێرگەی کالانتەریانە و خەلکی روسیا نیە.

نەبوونی ئەمریکا لە ناوچەکە بوەتە هۆی زیندو کردنەوەو خەونەکان بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریە کۆنەکان.

ئازەربایجان خەونی دامەزراندنی ئازەربایجانی گەورە دەبینێت وتەنانەت ناراستەوخۆ باس لە پەیوەست بوونەوە لەگەل دانیشتوانی ئازەری ئێران دەکەن.

ئێران خەونی دروست کردنی ئیمپراتۆری پارس دەبینێت و هەوڵ دەدات هەمووی لە ژێر عەبای ویلایەتی فەقیە کۆبکاتەوە.

روسیا کە نە دەتوانێت و نە دەیهەوێت سۆڤیەت زیندوو بکاتەوە بەڵام هەموو کات پیلان کانی وا داڕشتووە کە ئەو وڵاتانەی لە سۆڤیەت جیا بوونەوە بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی لە کایەی سیاسەت لە ناوچەکە وەک مۆرەیەکە بەکاریان بێنێت.

ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیاش بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندوە کە خەونی زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی لە سەردایە و هەتا وەکوو ئێستاش لە عێراق و سوریا و لیبی شەڕی بۆ دەکات و ئەم جارەش نۆرەی ئازەربایجانە.

بەڵام لێرەدا خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ئەردۆغان لە دوایی هەڵگیرسانی شەری قەفقاز، روسیا و سەرۆک کۆمارەکەی( پوتین) ڕووبەڕوو چەن پرسێکی گرینگ کردووەتەوە:

یەکەم: روسیا دەتوانێت ڕاستەوخۆ بچێتە ناو شەڕەکە و کۆتایی بە هەمووی بێنێت. بەڵام ئەمە کارە ڕەنگە کاردانەوەیەکی قورسی بۆی هەبێت.

دووهەم: ئەگەر روسیا نەچێتە ناو شەڕەکە و تەنانەت هەڵوێستیش بەرانبەر بەم هەلومەرجە نەگرێت دەتوانێ لە پانتایی سیاسەتی جیهانی نیشان دەری ئەمە بێت کە چیتر روسیا توانای کۆنترۆڵی ناوچەکەی نیە، بە تایبەت لە دوایی شەڕی سوریا و پەیوەست کردنی بەشێک لە خاکی ئۆکرانیا بە روسیا کە هەوڵی داوە خۆی وەک زلهێزێکی جیهانی پێناسە بکات.

سێهەم: روسیا دەتوانێت نێوبژیوانی لایەنەکانی شەڕ بکات بەڵام ڕەنگە تۆزێک درەنگ بێت یان دەرئەنجامێکی خێرایی بۆ ڕاوەستانی شەڕەکە نەبێت.

# بۆچی هانا ئارنێت گرنگیی هەیە؟



محەممەد حەکیمی

کاتێ ئەم بابەتەم خوێندەوە، زۆر گرنگ و تایبەت هاتە بەرچاوم، هەر چەن بابەتەکە ساڵی ٢٠٠٦ نووسراوە، بەڵام بە هۆیی گرنگی ئەو بابەتە لەگەڵ دۆخی ئەمڕۆی جیهان بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم بابەتەم وەرگێرایە سەر زمانی کوردی.

وەرگێر ئەم وتارەی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە ڕۆژی لە دایک بوونی هانا ئارنێت، فەیلەسوفی ئالمانی نووسیوە ولەو کاتەدا کتێبێکی چاپ و بڵاو بوەتەوە کە دەتوانێت یەکێک بێت لە گرنگترین بەرهەمەکانی سەبارەت بە ئەندیشەی ئارنێت.

کتێبی بۆ ئارنێت گرنگی هەیە، «ئلیزابێت یونگ بێرۆئل» تەنە بە ئامانجی بەرز ڕاگرتنی فەیلەسوف لە سەدەی بیستەم نەنووسیوە. نووسەر کە قوتابی بە ناوبانگی ئامریکایی هانا ئارنێتە، کە بە جوانی بە پێی نووسین و بیر و بۆ چونەکانی لەو کتێبەدا تێکۆشاوە ٣١ ساڵ دوای مەرگی ماموستایی، ئەو لە بەرانبەر کۆمەڵێک پرسیاردا دابنێت کە ڕووداوەکانی جیهانی ئەمڕۆ دروستی دەکەن: ئەگەر هانا ئارنێت ئێستا زیندو دەبوو، بە پێی پێوەری ئەندیشەی خۆیی، سەبارەت بە ڕووداوەکەی ١١ی سێپتەمبر، دیاردەیەک وەک «ئەلقاعدە»، ئیسلام خوازی، هێرشی هێزەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان و ئێراق و لە ئاکامدا دەوڵەتی «جۆرج بوش» چون بیری دەکردەوە و چ داوەریەکی دەکرد.

هانا ئارنێت، نازناوی فەیلەسوفی سیاسی قەبوڵ نەدەکرد و زیاتر دەیویست وەک کەسێکی سیاسی و پسپۆری سیاسی بناسرێت. ئەو بەریی بوو لە سونەتی فەلسەفەی ڕۆژئاوا و خۆیی لە بەردەم ڕووداوگەلێکی یەکە و تەنها وەک شەڕی دووهەمی جیهانی، دروست بوونی فاشیزم لە وڵاتی ئالمان، کورەکانی سوتاندنی مرۆڤ و دەسەڵاتە توتالیترەکانی ئوروپا و روسیە دەدیی.

ئارنێت لەسەر ئەو باوەرە بوو کە ڕووداوە نوێکان لەگەڵ مانا کۆنەکان و ئێستایی لە فەلسەفەی سیاسیناخوێندرێنەوە و تێگەئیشتنیان سەختە. لەم ڕوەوە، ڕوانگەیەکی سەبارەت بە توتالیتاریسم یا دەسەڵاتی هەموو شت خواز هێنایە ئاراوە و توتالیتاریسمی بە جۆرێک لە دەسەڵاتی نوێ شرۆڤە کرد کە لەگەڵ هەموو ئەوانەی دیکە کە لە کتێبی «روحی یاسا» هاتبوەوە جیاواز بوو. دەرکی ناوەرۆکی دەسەڵات و کردەوەکانی، توندوتیژی، و شۆڕش لە ناوەندی ئەندیشە و بیرکردنەوەی فەلسەفی ئارنێتدا قەرایان گرتبوو لەم ڕۆەوە سەیر نییە دوای سێ دەیە لە مردنی، ڕوانگەکانی ئەو بۆ دەرکی ئەوەی ئەمڕۆ لە جیهاندا تەگوزەرێ، بێتە مەیدان و بخرێتە بەر باس و لێکۆلینەوە.

### لە ڕوویتیەوە تا بێ شەرمی

نووسەری کتێبی بۆ ئارنێت گرنگی هەیە لە سەر ئەوە باوەریە کە جیهانی ئەمڕۆ بەرەو تاریکی هەنگاو دەنێت وبە تایبەتی وڵاتی ئەمریکا لە چوارچێوەکانی دێمۆکراتیک و ئازادیخوازانەکانی دوور دەکوێتەوە؛ ئەو وڵاتەی کە ئارنێت لە هەموو شوێنێک زیاتر خۆشی دەویست و دوای ١٢ ساڵ ناشارۆمەندی پەنای بۆ ئەو وڵاتە بردبوو، بەڵکوو بنەما و دامەزرێنەری سەبارەت بە ڕێز گرتن لە چوارچێوەی گشتی دەناسی و پێناسە دەکرد.

«یونگ بێرۆئل» پێش وتاری کتێبەکەی بە «Ihe Banalily of Evil» شرۆڤەیەک لە هانا ئارنێت، دەست پێدەکات. ئەم شرۆڤەی ئارنێت بۆ کتێبیک بە کار هێنا بە ناوی «ئایشمەن لە ئورشەلیم»کە ڕاپورتێک بوو سەبارەت بە دۆخی ناڵەبار و ناشرینی شەڕ» بۆ «ئادلوف ئایشمەن» یەکێک لە ئەفسەرەکانی نازی، کە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی، دەستووری ناردنی جولەکەکانی بۆ کورەکانی بنیام سوتاندن دابوو.

ئەوەی وا لە «یونگ بروئێل» بۆ وتنی ئەم شرۆڤە لە ناوچەوانی کتێب دەکات، تەنها گرنگی ئەم وشە لە بیرۆکەی هانا ئارنێت نییە؛ بەڵکوو خراپ تێگەئیشتن و کارکردنی خراپ بەو وشە لە ڕاگەیاندنەکانی ئەمریکاشە. ناوبراو نموونیەک لە زەمیمەی ڕۆژنامەی «نیویورک تایمز دێنێتەوە کە لە لاپەرەی یەکەمی خۆیدا وینەیەک لە «ئادلۆف ئایشمەن» لە دادگا لە بەرانبەر وێنەیک لە سەدام حسەین» لە ئێراق چاپ کرد و بە ئاماژە بە شرۆڤەکەی هانا ئارنێت نووسی: «ڕووتی تا بێ شەرمی» «یونگ بروئێل» دەنووسێت ئەو وتارەی لەو ڕۆژنامەدا چاپ بوە شرۆڤەیەکی ناراست و هەلەیە لە شرۆڤەی هانا ئارنێت.

### شەڕ دژی تیرۆریزم وشەیەکی بێ مانا

«یونگ برۆئێل» لە گرنگترین مەنشەکانی ئەندیشەی هانا ئارنێت ئەوە دەزانێت کە لە بەرانبەر هەر شتیکدا تەک بوونی بدۆزێتەوە و بە بێ لێکچونی ئەو لە ڕووداوێکی ڕابردوو بە دوای شێوەیەکی نوێ بوو. لە، ڕوەوە لێکچوونی دادگای سەدام بە دادگای ئایشمەن، لە ڕوانگەی نووسەرەوە نە تەنها دژی سونەتی ئەندیشەی هانا ئارنێتە بەڵکوو لە چوارچێوەی ماشینی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی جۆرج بوشی بۆ سەلماندی ڕاستی شەڕی ئێراق شتێکی دروستە.

نووسەر بە بە وردی باس لەوە دەکات کە ئارنێت ئەوەی لە « ڕووتی شەڕ» ویستی بوو ڕێک لە خاڵی بەرامبەریی ئەو شتە بوو کە جۆرج بوش لە ناوەندی شەڕدا لە بەرچاوی گرتبوو. هەروەها ئەوەی وەک خەبات و بەربەرەکانێ لەگەڵ تیرۆریزم ببوە قسەیەک سەبارەت بە سەلماندنی توندوتیژی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و تەنانەت لە ناوخۆیی ئەمریکادا، هیچ شتێکی لەگەڵ ئەندیشەی هانا ئارنێت کە شەڕ لەگەڵ توتالیتاریزم بوو نییە؛ چونکا ئەگەر ئارنێت لە ساڵی ٢٠٠١ دا دەژیا، هێرس بۆ سەر دوانە بازرگانیەکانی ئەمریکای لەگەڵ هێش بۆ سەر ژاپون و «پرێل هاربێر»، «pcarl Harbor» لە ساڵی ١٩٤١ی زایینی وەک یەکی نەدەناساند و نەدەزانی و شەڕی لەگەل تیرۆریزمی وەک وشەیەکی بێ مانا دادەنا و دەزانی.

نووسەر جەخت دەکاتەوە کە تیرۆر، دوژمنێک نییە، ڕێکار و کەرەسەیە. ئەو یادێک لە ئارنێت دەکاتەوە کە لە دوو کتێبی خۆیدا سەبارەت بە شۆڕش و سەبارەت بە توندوتیژی نووسیوەیەتی لە دوو بەشی ڕاست و چەپی سیاسی، هەم ئەوانەی کە تەمەنیان بۆ دژایەتی شۆڕش دانا و هەم ئەو کەسانەی کە ژیانی خۆیان بە هیوای ڕێخستنی شۆڕش دانا، توندوتیژی زۆر ئاسان و ئاسایی پێناسە دەکرێت، هەروا کە سیاسیەکان و شۆڕشوانان و ئێستاش تیرۆریستەکان بە هیچ شێوەیەک بیر ناکەنەوە کە زەرەر و زیانی توندوتیژی زیاترە یا قازانجی ئەو، بە تایبەتی لە بارودۆخیکدا کە هیچ دوژمنێکی دیار یا تەنانەت وەک تارمایی بوونی نییە.

### جۆرج بوش و توتالیتاریسمی ئەمریکایی

لە ڕوانگەی ئارنێتەوە توندوتیژی ئەو شتەیە کە بۆ دارشتنی مێژوو بە کار دەبردرێت. ناوبراو لە نێوان کردەوە و دروست کردن لە نێوان توندوتیژی و دەسەڵات جیاوازی دادەنا و لەسەر ئەو باوەرە بوو کە بە کار بردنی توندوتیژی نیشانەی دەسەڵات و هێز نییە؛ بەڵکوو نیشانەی لاوازییە؛ و تەنانەت توندوتیژی کاتێ دێتە ئاراوە کە سیاسەت لە ناو چووبێت و بێ مانا بێت. بە واتەیەکی دیکە، سیاسەت، درێژەی شەڕە، بەڵام بە کەرەسەیەکی دیکە. کاتێ توندوتیژی هاتە ئاراوە، چیدی سیاسەت باوی نامێنێت؛ چونکا سیاسەت بە پێوەری بوونی فەزای گشتییە و فەزای گشتیش پەیوەندی بە شارۆمەندان لەگەڵ یەکتر هەیە و مەرجی پەیوەندی، ئەمنیەتە بە بێ توندوتیژی.

«ئلیزابێت یونگ برۆئێل» دەنووسێت لێکچواندنی ١١ی سێپتەمری ساڵی ٢٠١ بە هێرشی پرێل هاربێر، ئەم ڕوانگەیە نیشانی خەڵکی ئەمریکا دەدات کە ئەم کردەوە تیرۆریستییە هێرش بۆ سەر ئەمریکا بوو و لامی ئەوەش دەبێ شیرێ بێت؛ دەلێی «ئەلقاعدە» دەوڵەت نەتەوەیکە وەک ژاپۆن و بە ناوەندی وەک «ناوەندی شەرارەت» پەیوەندی هەیە و کەسانێک وەک «ئسامە بن لادەن» یا «سەدام حسەین» تاتالیتاریزم گەلێک وەک هیتلێرن.

نووسەر بە ڕاپورتی ڕوانگەی هانا ئارنێت سەبارەت بە توتالیتاریزم هوشدارەکەی ئەو دەڵێنەوە کە توتالیتاریزم بە لە ناوچونی ئالمانی نازی لەگەڵ شەورەوی «ئستالینیستی» لە بەین ناچێت و ڕەنگە کۆمەڵێک فاکت لە جێگە گەڵی تر بە تایبەتی وڵاتی ئەمریکای سەردەمی «مەک کارتیزم» یا سەردەمی «جۆرج بوش» کە لە ڕوانگەی «یونگ برۆئێل»ەوە خراپتر لە سەردەمی «مەک کارتی» گەورە بێت.

### سەدەی بیست و یەکەم موتەکەی توتالیتاریزم

گەورەترین مەترسی و هەرەشە کە لە جیهانی ئەمڕۆ لە ئێرانی ناوکی تا ئامریکای لە ژێر سەیتەرەی پاوانخوازەکاندەکات، لە ڕوانگەی نووسەرەوە، نزیکتربوونی مۆتەکەی توتالیتاریزمە؛ ئەوەی کە ئارنێت تەمنیک لە تێگەیشتن و دەرک و شەڕ لەگەڵ ئەو تێپەراند.

ئاماژە سیاسیەکانی سەرەوە، ناوەرۆکی سەرەکی کتێبەکە نین؛ تەنها وزەی بەهێزی نووسەرە بۆ گەرانەوەی ڕخنەیی لە ڕوانگەکانی «هانا ئارنێت». «ئلیزابێت یونگ برۆئێل» لە سێ بەشی کتێبەکەدا تێکۆشاوە پلانی گشتی ئەندیشەی سیاسی هانا ئارنێت دروست و بیکات بە ڕاپورتی فەلسەفی و خوێندنەوەیەکی ڕێک و پێک لە چارەنووسی بیرۆکەکانی ئارنێت بە پیی یەکەمین کتێبی ناوداری ڕەگەکانی توتالیتاریزم. لە دوائیدا کتێبی دۆخی مرۆڤ و لە ئاکامدا دوایین کتێبی ناتەواو و کەمتر ناسراوی «ژیانی مێشک» فەرا دەست دەدات.

ناتوانی بیرۆکەی سەرەکی کتێبەکە کورت بکەیتەوە؛ بە هەموو ئەمانەوە، شرۆڤە و چارەنووس و کاتی کورت بەڵام دەقیق و گرنگ «یونگ برۆئێل» لە سێ پرسی بیرکردنەوە و داوەری کردن و ویستن لە نیزامی فکری هانا ئارنێت و هەروەها دەستگیری لە فەلسەفەی پژوهانی دەکات کە بۆ یەکەمین جار دەیانەوێت لەگەڵ ئەم بیرمەندە سیاسییە ئاشنا دەبن و هەم کەسانێک بە کار دێنێت کە بەرهەمەکانی ئارنێتی زیاتر خوێندبێتەوە.

# هەڵبژاردنەکانی بۆلیڤی، سەرکەوتنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی



**ئاژوان_کرماشان**

کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی بۆلیڤی ڕۆژی هەینی ٣٠ی ئۆکتۆبر ڕایگەیاند کە پاڵێوراوی پارتی بزووتنەوەی سۆسیالیست بە ڕێژەی ٥٥ لە سەد سەرکەوتنی بەدەس هێناوە.

بە گوێرەی هەواڵەکان و بە پێ ئەو ڕاگەیاندنە ، «لوئیس ئالبرتو ئارسە»کاندیدێک کە ئێوو مۆرالیس پشتیبانی لێ ئەکرد توانی ٥٥ لە سەدی دەنگەکان بە دەس بێنێت. «کارلۆس مسا»ڕەقیبی سەرەکی ئارسە تەنیا توانی ٣١.٥ لە سەدی دەنگەکان بۆ لای خۆی بکێشیت.

بەم ئاکامە بزووتنەوەی بەرەو سۆسیالیزم ئەتوانێ بێ ئەوەی کە لە گەڵ پارتەکانیتر ڕێکبکەوێت خۆی دەوڵەت ڕابگەیێنێت و بۆ جارێکیتر دەسەڵات لەو وڵاتە بە دەس بگرێت.

بە پێ ڕاپۆرتی «ئێشپیگل ئانلاین»ئەم سەرکەوتنە چاوەڕوان نەکراو نەبوو،لە بەر ئەوە کە مۆرالیس و یاریدەرانی لەو پارتە زۆر ژیرانە ،وەزیری پێشووی ئابووری خۆی کە سیاسەتمەدارێکی میانە ڕەوە وەک کاندیدی سۆسیالیستەکان بۆ ئەم خولەی هەڵبژاردن پێشنیار کرد.

لۆییس ئارسە بۆ یاریدەر و جێگەوەی خۆی « دەیوید چوکە هوانکا» ی کە دەنگی بەشێکی زۆری خەڵکانی بوومی بۆلیڤی هەیە هەڵبژارد.

ئارس سیاسەتوانێکی میانە و زۆر ڕوو خۆش دەناسریت و لەو زەمانەی کە وەک وەزیری ئابووری خزمەتی گەلی بوولیوی کردووە سەردەمێکی زێڕین و سەرخۆ بۆ کۆمەڵانی خەڵکی هەژار بووە و خەڵکی ئەو وڵاتە خۆشیان ویستووە.

ساڵی پار هێزە ڕاست و دەست و پێوەندەکانی ئەمپریالیسم و لیبرالیسم بە یارمەتی ئەرتش و ژێنراڵەکان مۆرالیس یان مەجبوور بە کەنارەگیری لە پۆستی سەرۆک کۆماری کرد.

لە دوایین هەڵبژاردنەکانی ساڵی پار مورالیس دا توانیبووی « کارلوس مەسا» سیاسەت وانی نێزیک بە واشنگتۆن شکست بدات. ناڕازیانی دەوڵەت ولاینگرانی بەربژاری شکستی خواردوو لە حەوتەکانی ڕابردوو بە تاوانبار کردنی دەوڵەت بە گزێکاری ودەس بردنە ناو دەنگەکان،ڕوویان هێنایە ناڕەزایەتیەکانی سەرشەقام هەتا ئەمەکە مورالیس ڕایگەیاند کە لە بەڕێوە بردنی هەمدیسانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری پشتیوانی دەکات. بە پێی ئەمە ، زەخت وگوشاەکان لە لایەن ئەمریکاوە درێژەی هەبوو وچەند کاژێر دوایی مورالیس بە دەستوەردانی هێزە چەکدارەکان ناچاربوو بە دەس لە کارکێشان. « ئادریانا سالواتیە را» سەرۆکی ئەنجومەنی بولیوی یش دوابەدوای وازلەکار هێنانی سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتە لەپلەکەی کشایەوە. سیاسەتەکانی دژە ئیمپریالیستی مورالیس ورەخنە گرتنی ناوبراو لە ڕێکاری واشنگتۆن ، بووە هۆ و هەتا بولیوییش هەروەک برێکی تر لە وڵاتانی سەربەخۆی ئەمریکای لاتین لەگەڵ کردەوەی ڕۆخێنەری کۆشکی سپی ڕووبەڕوو بێتەوە. مورالیس لە کاتی ڕاگەیاندنی دەس لەکار کێشانەکەی ، دۆخی ئەمڕۆی بولیوی مێژوویی وبێ وێنە وەسف کرد وپیداگری کرد کە ناوبراو ئەرکمەندە لەدوای ئاشتیەوە بێت لە وڵاتەکەی. مورالیس لە بەربژاری شکست خواردوو ورێبەرانی ناڕازیان داوای کرد لە خەڵک لە پێناوی بەرژەوەندی خۆی کەڵکی ناڕەوا وەرنەگرێت وفێلیان لیی نەکات. ناوبراو لە هەموو خەڵکی بولیوی وسەرانسەری جیهان داوای کرد هەتا بزانن وتێبگەن کە گرووپەکانی وابەستە چلۆن لە دژی دێموکراسی پیلان دەگێڕن .چاودێران جەختیان لەوە دەکردەوە کە مۆرالیس هەڵەیەکی ستراتیژی گەورەی کرد کاتێک خۆی بۆ چوارەم خولی سەرۆک کۆماری کاندید کردەوە ، لە کاتێکدا دەیتوانی جێگیرەکەی ئەلفارۆ گارسیای تێکۆشەرو سەرکردەی پارتیزانی پێشتر» سەرکردەی بزوتنەوەی مارکسیستی تۆباک کاتاری پۆلیڤیا بوو» کاندید بکات ، سپی پێستێکی ڕۆشنبیری ناسراو مێژوو نوسێکی بە بڕشت و چەپگەرایەکی جێگیر بوو ،مۆرالیس پێش هەموو شتێک قوربانی چوارەم خولی کاندید بوونیەتی لە دەرەوەی دەستوورەوە ، بە پێگەیەکی لاوازەوە چووە هەڵبژاردنەوە ، دابەزینی دەنگەکەشی لە « ٥٣٪ , ٦٤٪ , ٦١٪» ەوە بۆ ٤٧٪ بۆ خۆی پاشەکشەیەکی ١٤٪ یی بوو لە ئەنجامەکانی خولی پێشوو ، دەنا ئەوەی دەوترا ساختە کردن دوور بوو لە ڕاستییەوە ، هەمووان دەزانن لایەنگرانی ئەو هاووڵاتیانی ڕەسەنی ناوچە هەژارو دورەکانەو سندوقەکانی دەنگدانی ئەوان درەنگتر دەگەنە ناوەندەکانی جیاکردنەوە ، ئەگەر دەکرا گزی هەڵبژاردن لە ٧٨ ناوچە , لە کۆی ٣٤٥٥٥ ناوچەی دەنگدان کرابێت , کە دەکاتە تەنها ٢٢ ,٠٪ی ناوچەکان , ئەمەش ئەنجامەکەی ناگۆڕی , چونکە ئەو ٤٩ ,١٠٪ لەپێش نزیکترین کاندیدەوە بوو « ٤٧, ٠٨٪ -Evo Morales Carlos Mesa ٣٦, ٥١٪ » , ئۆپزسیۆنی ڕاستگەرا چییان بکردیە نایان توانی جیاوازییەکە لە ٤٩ ,١٠٪ ەوە دابەزێنن بۆ کەمتر لە ١٠٪ , کە بە پێی یاسا ئەو ژمارەیە حەسمی سەرکەوتنەکەی دەکرد , بۆیە بە ناچاری نەخشەی کودەتاکەیان داڕشت ,کە پێش هەڵبژاردن دەنگۆی کودەتاکە بڵاو کرایەوە ,١١ ساڵ پێشتریش هەمان هەوڵدان هەبووە , ساڵی ٢٠٠٨ ویستیان کودەتا بکەن , فیلیپ جولدبێرج باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە وڵات دەرکرا , ئەوکات مۆرالیش ئاستی جەماوەری لەسەروی ٦٠٪ ەوە بوو , بۆیە ئەستەم بوو سەرکەوتنی , ئێستاش بە دەستوور نایانتوانی بە سانایی کودەتا بکەن , بۆیە نەخشەی کودەتاکەیان داڕشت لە ڕێگای سوپاوە , کە ١٤ ساڵ بو زاتی کودەتای وایان ناکرد , چونکە لە مێژوودا پۆلیڤیا سەرۆکی جەماوەری وای بەخۆوە نەبینیبوو , زیاتر لە ٥٠٪ ی دەنگەکان بهێنێتەوە. بۆیە ئەمەی کرا کودەتایەکی سەربازی سیاسی بوو لە بەرگی تازەدا , کە پرۆسەی ئیستقالەی کودەتایی و تۆقاندن و پەیڕەو کردنی یاسای لە گەڵدا بوو , وەلێ ئامانجە کۆنەکە ئەوەیە چەپ و دانیشتوانی ڕەسەن بڤەن لە کۆشکی کۆماری , مۆرالیس وجێگیرەکەیان وادار کرد دەست لەکار بکێشنەوە , دواتر ڕێگا نەدرا سەرۆکی ئەنجومەنی پیران و جێگیرەکەی و سەرۆکی پەرلەمان بچنە کۆبونەوەی ئەنجومەنی پیرانەوە کە مافی بون بە سەرۆکیان هەبوو , هەموو سەر بە پارتی ماسی سۆسیالستی بوون , بۆیی جێگیری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانیان دیاریکرد بە سەرۆک لە کۆبونەوەیەکی نا شەرعیدا کە زۆر کەمتر لە نیوەی ئەندمانی ئەنجومەنی پیران ئامادە بوون , هێشتاش پەرلەمان ئیستقالەی سەرۆک و جێگیرەکەی پەسەند نەکردووە , کە پارسەنگ لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پیران بەلای مۆرالیسەوەیە « ٨٨ لە کۆی ١٣٠ پەرلەمانتار , ٢٥ لە کۆی ٣٦ ئەنجومەنی پیرانی بەدەستەوەیە» , هاوکات کاتی خۆی پەرلەمان دەست لەکار کێشانەوەی کارلۆس میسای لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕەتکردۆتەوە , ئەمەش پێشینەیەکی شەرمەزارییە بۆیان , بەدوای ئەو سیناریۆ کرچ و کاڵەدا حکومەتێکی سەربازی فاشیستانەیان ڕاگەیاند , لە مۆرەکانی ڕاستگەرا سپی پێستە ئۆلیگارشییەکان , لە گەڵیشیدا ئەرتەشیان سەربەستکرد لە سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان , ژمارەی قوربانیان و برینداران و زیندانیان لە ٩ ڕۆژی دوای کودەتاکە دەیان جاری ٢٠ ڕۆژ خۆپیشاندانی ئۆپۆزسیۆنە لە سەردەمی مۆرالیس کە ئەوکاتیش زۆرینەی ناڕازییە ڕاستگەا فاشیستەکان ئەنجامیان دا.

پاش چوونە دەرەوی مۆرالیس لە وڵات ئەو و لایەنگرانی چەپ کە میراتگری گیڤارای مەزنن بە خەباتی مەدەنی و کۆمەڵایەتی توانییان سەرۆکی وڵات کە بە حۆکمی کوودەتا دەسەڵاتی هەبوو مەجبوور بەم هەڵبژارتنانە بکەن.

«ئارسە» خۆی وەک کەسێ کە بە نیازە لە بۆلیڤی دێمۆکراسی و هیوا بۆ کۆمەڵانی خەڵک زندوو بکاتەوە ناساند و توانی لە دڵی خەڵکێک کە هیوایان بە بەرنامەکانی بزووتنەوەی بەرەو سۆسیالیزم گەرمە ،جێ کاتەوە و بۆ جاری دووەم لایەنگرانی کووبا لەم ناوچەی ئەمریکای لاتین سەرکەوتن بە دەس بێنن.

بەڵام بۆ ئارسە کات زۆر ئاسان نییە و لەم سەردەمە کە کۆڕۆنا و کێشەکانی ئابووری زەختی لە سەر خەڵکە ئەو ئەبی بتوانێ کەشتی زیان لێکەوتووی ئەو وڵاتە بەرەو لێواری ئارامی بەرێت و درۆشمەکانی بزووتنەوەکەیان بە کرداری بکات .

هەرچەن لایەنگرانی فاشیستەکان دوای هەڵبژاردنی ئارسە ڕژانە شەقامەکان بەڵام نەیانتوانی دەنگی ڕێژەی زۆرینەی خەلک بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و بۆیە زوو ناڕەزاییەتیەکان کۆتاییان پێ هات.

«دیەگۆ پاری رودریگز «وەزیری پێشووی بوولیوی لە دیمانەیەک دا لە گەل سایتی ئەندێشەی تازە ئاماژەی بەوە کرد کە یەکگرتوویی خەڵک و دەسەڵاتی نەیهێشت کە کوودەتاچییەکان مانۆڕ بدەن و سەکۆتیان کەن و لەم خەباتە بزووتنەوەی بەرەو سۆسیالیزم » (MAS)بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموون و هەڵەکانی پێشوو متمانەی خەڵکانی هەژار بۆ خۆی ڕاکێشتی و لایەنگرانی ئەمریکا مەجبوور بە پاشەکشە بکات.

میگل دیاس—کانل، سەرۆکی کووبا لە پەیامێک بۆ ئارسە نووسی:

«پیرۆزبایی لە بزووتنەوەی بەرەو سۆسیالیزم (MAS) دەکەم کە توانی دەسەڵات بۆ گەل بسێنێتەوە ،ئەو هێزەی کە ئیلگارشی داگیرکەر بە هاودەستی ڕێکخرای وڵاتانی ئەمریکاییی و یارمەتیدانی ئەمپریالیسم داگیری کردبوو...ئامانجی خەڵکی بۆلیڤیس دیسانەوە لە دایک بوو»

# تاران پایتەختی سێدارە (بە شی پێنجەم)

عـــەزیز ئاجیکەند

ڕێکەوتی ١٠ی ئۆکتۆبر ، رۆژی جیهانی خەبات لە دژی سزای ئێعدام بوو. ڕۆژێک کە هەموو لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ شەقامەکانی پایتەختەکانی وەڵاتانی زلهێز بە دروشمەکانی نا بۆ ئێعدام و هەلوەشاندنەوەی ئەم سزایە نامرۆیانەیە ، دەهێنە لەرزین . ئۆکتۆبری ئەمسالیش دروشمەکان لە چەشنی سالانی ڕابردوو لابردنی ئەو سزایەو مەحکووم کردنی وڵاتانی لایەنگری کووشتنی بە ئەنقەستی ئینسانەکان بوو. لە رۆژی ١٠ی ئۆکتۆبردا جارێکی تر وڵاتی ئێران لە سەرەوەی دروشمەکانی نەیارانی سزای ئێعدامدا بوو. ئەمجاریش مەرگ بۆ دیکتاتۆرو مەرگ بۆ روحانی و مەرگ بۆ جەنابی رەئیسی قاتڵەبەناوبانگەکای کووشتاری زیندانیانی سیاسی لە هاوینی سالی ١٣٦٧ ی هەتاویدا ، تەنیا لە شەقامەکانی تاران پایتەختی سێدارو گۆشەو کەناری شارە جۆربەجۆرەکانی ئێراندا قەتیس نەمایەوەو بەلکوو بوو بە دروشمی ڕاستەوخۆی هەموو مرۆڤدۆستەکانی ڕێپێوانی ١٠ی ئۆکتۆبری ئەمسال . ئەگەرچی ئەمسال بەڵاو نەهامەتی پەتایەکی کوشەندەی لەچەشنی « پەتای کرۆنا » بەرۆکی بە دانیشتوانی گۆی زەوی گرتوە و زۆربەی حەشیمەتی ئەم جیهانەی نووقمی ترس و دڵەراوکێی و لە چوارچێوەی ماڵدا قەتیس کردووە بەلام لە رۆژی لابردنی سزای ئێعدام ، مرۆڤدۆستان لە سەرتاسەری جیهان بەیکدەنگ بە بێ ترس و سلینەوە لە بەرانبەر ئەم پەتایە ، ڕژانە گۆرەپانی گەورەترین و بەناوبانگترین مەیدانەکانی پایتەختەکان و جەستەی شەقامیان هەژاند و دەنگی خۆیان بۆ لابردنی ئەم سزایە و بەخشینەوەی ژیانی دوبارە بە ئینسانەکان بەرزکردەوەو بەم جۆرە شانۆیەکی تریان لەدژی پیاو کوژانی دەولەتانی دیکتاتۆر و دەسەڵاتدار خوڵقاند.

ئێستا کە کۆتایی دەیەی دووهەمی سەدەی ٢١تەجرەبە دەکەین ، هێشتاکەش هەروا پتر لە ٥٠ وڵاتی جیهان نوقمی حوکمی ئێعدامە . وەها ڕاستێک نە تەنیا نیشانەی کارەساتێکی گەورەی مرۆییە بەڵکوو هاوکات گیان سەخت بوون و پانتایی مێژوویی و جیهانیی ئەم دیارەدەیەمان پێ نیشان دەدات. وڵاتی ئێران بە بەردەوامی لە ریزی یەکەمی ئەو وڵاتانەدایە . ئێمە لە بابەتەکانی پێشووی ( تاران پایتەختی سێدارە ) کە بە هەول و هیمەتی هاورێیانی ستافی بڵاوکراوەی( دوا رۆژ ) ئامادەکرابوو بە روونی ئاماژەمان بە رێژەی لە سێدارەدراوانی مرۆڤەکان لە یەکەمین رۆژەکانی بەدەسەڵات گەیشتنی حکومەتی کۆماری ئیسلامی تا ئەم ڕۆژانەی دوایی کردو ئێستاش تێدەکۆشین درێژە بەین بە بابەتەکەمان .

* ٣هەزارو ٨٠٠ کەس لە سەرەتای دەسپێکردنی دەسەڵاتی ( حەسەنی روحانی ) وەک سەرۆک کۆمار تا مانگی ڕەشەمەی سالی ١٣٩٨ لە سێدارە دەدرێن ...

زۆر روون ئاشکرایە کە زۆربەی زوری سزای لە سێدارە لە وڵاتی ئێراندا بە شیوەی نهینی بەرێوەدچن و زۆر بەداخەوە کەس لێیان ئاگادار ناکرێتەوە . رێژەی ئەو ئێعدامانەی دیواری سانسۆری کۆماری ئیسلامی دەشکێن زۆر کەمتر لەو رێژەیەن کە ئینسانەکان بەداخەوە لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە مافی ژیان کردن بێبەش دەکرێن . ئەو هەواڵانەی کە دیواری سانسۆری ڕژیمی کۆماری ئیسلامیان بەزاندوە باس لە ٣هەزارو ٨٠٠ کەس دەکەن کە ٢١٩ کەس لەم ژومارەیە لە بەر چاوی خەڵک و لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی شارەکانەوە ، بەرێوە چوون .
هەروەها جێی ئاماژە پیدانە کە لەم رێژەییەدا ٤٥ کەسیان تەمەنیان خوار لە ١٨ ساڵ دابووەو ٩٨ کەسیان ژن و ١٢٥ کەسیشیان سەر بە زیندانیانی سیاسی بوون کە زۆربەی هەرە زۆریان کورد و خەلکی شارەجۆراوجۆرەکانی کوردوستان بوون .

لە جەریانی روداوەکانی مانگی خەزەلوەری سالی ١٣٩٨ ( ٤٣ ) کەس لە ژنانی ئازار چێشتوو لایەنگری ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بەدەستی پیاو کووژانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر دردندانە خەڵتانی خوێن دەکرێن و پاشانیس تەرمی زۆربەی ئەو گیانبەخت کردوانە ڕادەستی بنەماڵەیان ناکرێتەوە و بە نهینی و دور لە چاوی خەڵکەوە دەنێژرێن ..
ئەو ژن و کچانەی کە ئاوا لە لایەن پیاوکووژانی کۆماری ئیسلامیەوە بێبەزەیانە خەڵتانی خوێن و پاشان دەکوژرێن و دواتر لە لایەن گوی لەمستانی دەسەڵاتەکەی روحانی بە ئاژاوە گێر ناو دەبرێن بریتین لە :
زەهرا خانی قوبادلوو خەڵکی شاری تەورێز ، ئامینە شەهبازی فەرد خەڵکی کەرەج ، ئازەر میرزاپوور زەهایی خەڵکی کەرەج ، بیتا خودادادی خەڵکی کەرەج ، مەهناز مێهدیزادە خەڵکی کەرەج ، نیکنا خەزایی خەلڵی کەرەج-مێهشەر ، شەهلا رەزایی پوور خەڵکی کەرەج ، عیسمەت حێدەری خەڵکی کرماشان ، ویدا شەکیبایی موقەدەم خەڵکی کرماشان ، وێنا هوشەنگی خەڵکی کرماشان ، کچێکی منداڵ بە ناوی چنعانی خەڵکی ماهشەر ، فاتمە حەق وەردی خەڵکی ئەهواز ، فەریبا ئال خەمیز خەڵکی ئەهواز ، فەریحە کەریم زادە خەڵکی ئەهواز ، حەلیمە سەمیری خەڵکی ئابادان ، حۆسنیە عەسیقی خەڵکی ماهشەر ، حۆسنا بامیری خەڵکی ماهشەر ، کەوسەر بەغلانی خەڵکی ئەهواز ، مەریەم عیسماعیلی خەڵکی ئەهواز ، مەریەم عیدانی خەڵکی ئەهواز ، ،مەعسومە داراب پوور خەڵکی ئەهواز ، مەحدەسە موقەدەم خەڵکی ئەهواز ، نەسرین بەخلانی خەڵکی ئەهواز ، ریحانە مەلەکی خەڵکی ئەهواز ، سۆهیلا فەلاحزادە خەڵکی ئەهواز ، ، شەهلا بالیدی خەڵکی ئەهواز ، شەبنەم دیانی خەڵکی بێهبەهان ، وەلید خەڵکی ماهشەر ، زەهرا ساجیدی خەڵکی ئابادان ، زێنەب عەساکەرە خەڵکی ئابادان ، زێنەب نیسان پوور خەڵکی ئەهواز ، ، زیبا خۆش گوار خەڵکی سنە ، ئازادە زەربی خەڵکی شەهریار ، فاتمە حەبیبی خەڵکی بەهارستان ، گوڵنار سەمسامی خەڵکی شەهریار ، مەریەم نووری خەڵکی روبات کەریم ، مەرزیە عەباسزادە خەڵکی روبات کەریم ، مینا شیخی خەڵکی تاران ، نیکتا ئیسفەندانی خەڵکی تاران ، پەروانە سەیفی خەڵکی روبات کەریم ، سمانە زولقەدر خەڵکی تاران ، سپیدە حەسەنی خەڵکی تاران .
* لە سێدارە دانی ٤٠٠ هاوڵاتی کورد لە ماوەی ٥ ساڵدا بە پشتبەستن بەو ئامارانەی کە لە بڵاوکراوە گشتییەکاندا بڵاوکراونەتەوە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا هەتا ١٠ی ئۆکتۆبر ٢٠٢٠، حوکمی سێدارەی ( ٤٠٠ ) هاووڵاتیی کورد لە بەندیخانەکانی ئێران جێبەجێ کراوە .
پێنج کەس لەو ژومارەییەی کە لە سێدارە دراون تەمەنیان لە ژێر ١٨ ساڵدا بووە کە هەموویان لە بەندیخانەکانی کوردستان لەسێدارە دراون . ناوی لە سێدارەدراوەکان بریتین لە :
زەینەب سکانوەند لە بەندیخانەی ئورمیە، فەرهاد ئەکبەری لە بەندیخانەی ئیلام، حەمید ئەوسەتی لە بەندیخانەی کرماشان، ئەمین محەمەد پوور لەبەندیخانەی ئورمیە و شایان سەعیدپوور لە بەندیخانەی سەقز.
لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا حوکمی سێدارەی ١٢ هاووڵاتیی کورد لە سەر شەقام و یان شوێنە گشتییەکان جێبەجێ کراوە کە ٣.٪ی کۆی گشتی ئەو ئامارە بووە . ٨ حاڵەتی لە ساڵی ٢٠١٧ تۆمارکراوە. لەو ماوەیەدا پێنج هاووڵاتیی کورد لەئیلام، دوو هاووڵاتی لە سەرپێڵی زەهاو و لە شارەکانی ڕوانسەر، ئیسلام ئاباد (شاباد)، سەڵماس و خۆی و مەشهەد . پیویستە بوترێ کە سەرجەمی ئەو سێدارانە لەبەر چاوی خەڵکەوە بوون .
زیاترین ڕێژەی لەسێدارەدانی هاووڵاتییانی کورد لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا لە پارێزگای ئورمیە تۆمار کراوە کە ١٨٧ حاڵەت بووە و لە پارێزگاکانی کرماشان و سنە ٦٩ و ٦٧ حاڵەت تۆمار کراوە . هەروەها لە پارێزگای ئورمیە: ١٨٧ حاڵەت کە دەکاتە ٤٨.٪ی کۆی حاڵەتەکان. پارێزگای کرماشان: ٦٩ حاڵەت کە دەکاتە ١٧.٥٪ی کۆی حاڵەتەکان ، پارێزگای سنە: ٦٧ حاڵەت کە دەکاتە ١٧.٪ی کۆی حاڵەتەکان، پارێزگای لوڕستان: ٣٥ حاڵەت کە دەکاتە ٩.٪ی کۆی حاڵەتەکان.
پارێزگای ئیلام: ٢٠ حاڵەت کە دەکاتە ٥.٪ی کۆی حاڵەتەکان ، پارێزگاکانی خوراسانی ڕەزەوی و باکوور: ١١ حاڵەت کە دەکاتە ٣.٪ی کۆی حاڵەتەکان، پارێزگای گیلان: ١ حاڵەت کە دەکاتە ٠.٢٥٪ی کۆی حاڵەتەکان. پارێزگای قەزوێن: ١ حاڵەت کە دەکاتە ٠.٢٥٪ی کۆی حاڵەتەکان.
تەنیا لە ساڵی ١٣٩٨دا ٥٦ هاووڵاتی کورد پەتی سێدارە خرایە ملیان و گیانیان لەدەسداو ...
هەروەها لە ماوەی ئەو سالەدا سزای لەسێدارەدانی ٤ بەندکراوی ژنی کورد لە بەندیخانەکانی شاری مەهاباد و ورمی و سنە جێبەجێ کراون .
لە سێدارەدراوان بریتین لە :
مەلیحە سالەحیان ، ئاراستە ڕەنجبەر ، نازدار وەتەنخواە و لەیلا زەرەفشان .
دوو لاوی کوردی تریش کە خەلکی ( بۆکان و سۆنقۆر ) بوون و تەمەنیان لە کاتی لەسێدارەداندا کەمتر لە هەژدە سالدا بوە لە بەندیخانەکانی کرماشان و ورمێ دا سزاکەیان جێبەجێ کراوە .
سێ بەندکراوی تریش کە تەمەنیان لە سەروی ٥٠ سالەوە بوو بریتین بوون لە : عالەم کەریمی خەڵکی شاری سنە ، حۆسین کەچنانلوو خەڵکی خۆی و هەروەها عەبدووڵا محەمەدزادە خەڵکی ورمێ تەمەنی ٧٠ سال کە لە زیندانەکانی سنە و ورمێ لە سێدارە دراون .
* مانگرتنی گشتی رۆژی چوارشەممە ٢١ ی مانگی خەرمانان سالی ١٣٩٧ی هەتاوی
بەرەبەیانی رۆژی شەممە ١٧ ی مانگی خەرمانانی سال ١٣٩٧ی هەتاوی ، سێ لاوی بەندکراوی سیاسی، لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج کە لەسەر بنەمای پەروەندەیەکی ساختە و کۆمەڵێک تۆمەتی هەڵبەستراوی دەزگا ئیتلاعاتیەکانی ڕژیم حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاندبوو، تەنیا بە ئامانجی تۆڵە سەندنەوە لە خەڵکی کوردستان، و چاوترسێن کردنیان بەکردەوە دەرهات. ڕامین حسێن پەناهی، لوقمان و زانیار موڕادی بوونە قوربانی وەها سیاسەتێکی جەنایەتکارانە.
بەم بۆنەوە مانگرتنێکی گشتی لە کوردوستان بەرێوە چوو . ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی مانگی خەرمانان، لاپەڕەیەکی دیکە هاتە سەر مێژووی خەباتی پەڕ لە هەوراز و نشێو، پڕ لە فیداکاری و ڕەنج، پڕ لە ئەزموونی دەوڵەمەند و دەستکەوتی بەنرخی خەڵکی کوردستان. لەم ڕۆژەڕدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هاوئاهنگییەکی شکۆدار و کەم وێنەدا مانگرتنێکی گشتیان بەرێوە برد .
بەرەبەیانیی ڕۆژی شەممە ١٧ی مانگی خەرمانان، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە درێژەی جەنایاتی بێ ئەژماری خۆیدا سێ لاوی زیندانی سیاسیی، ڕامین، لوقمان و زانیاری لەسێدارە دا و هەمان ڕۆژ ناوەندەکانی هەر دوو حیزبی دیمۆکراتی لە قووڵایی خاکی کوردستانی عێراق کردە ئامانج و دایە بەر هێرشی مووشەکی. لە ئاکامی ئەم هێرشەدا ژمارەیەک لە کادرەکانی ڕێبەری و پێشمەرگەکانی ئەو دوو حیزبە خەڵتانی خوێن کران. ئەم دوو کردەوەیە کە بە ئانقەست و هاوکات بەڕێوەچوو، پەیامێکی ڕوونی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تێدا بوو. پەیامەکە بە کورتی ئەوە بوو: پێتان وانەبێت ئێمە ئەوەندە لاواز بووین کە ئێوە بتوانین لەسەر شەقام و مەیدان و پارکی شارەکان، مارشی جەماوەری بەڕێوەبەرن و سروودی شۆڕشگێڕانە بڵێنەوە.
چوار ڕۆژ دواتر ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی مانگی خەرمانان، وەڵامی خەڵکی کوردستانیش بە کۆماری ئیسلامیی هەر بەو ڕادەیە ڕاشکاوانە و ڕوون بوو. ئێوەش نابێ پێتان وابێت کە ئێمەتان وەها ترساندووە کە گویا هەر بەڵایەک ویستان دەتوانن بەسەرمان بێنن بە بێ ئەوەی تاوانەکەی بدەنەوە.
لە ٢١ی خەرمانانندا ، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە خەڵکی ئێران و بە هەموو جیهانیان نیشان دا کە کۆماری ئیسلامیی لە کوردستان چەندە لەو کۆمەڵگایەدا بێگانەیە، ڕژیمێکی داگیرکەرە کە تەنیا بە زەبری سەرە نێزە بەسەر ئەو خەڵکەدا حکوومەت دەکات. کۆماری ئیسلامیی لە قووڵایی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ناخی ئەو کۆمەڵگایەدا لە ئارادایە ئاگادارە، بە چاوی خۆی دەبینەێت کە چلۆن وشیارانە، هەنگاو بە هەنگاو ئەو کۆمەڵگایە بە ئاراستەیەکدا دەڕوات کەسەرئەنجام ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی نەتوانێ حکوومەتی بەسەردا بکات. کۆماری ئیسلامیی پێوا بوو کە بەم جۆرە کردەوانەی کە ڕۆژی ١٧ی مانگی خەرمانان بەڕێوەی برد، دەتوانێت پێش بە حەرەکەتی خەڵکی کوردستان بەم ئاڕاستەیەدا بگرێت. لێرە لە کوردستان ئەوە تەنیا کولوکۆ وتۆڕەیی پنگەخواردوو نییە کە لە ناکاو بتەقێتەوە و نەزانێ کە بەرەو کوێ دەڕوات، لێرە وشیاری، تەجرووبە و ڕێکخستن و ڕێبەرییە کە دەور دەنوێنێت. خەڵکی کوردستان، هێزی خۆیان و هێزی دوژمن دەناسن و دەزانن کە تواناییەکانی خۆیان لە کوێ و چلۆن بەکار بێنن. دەزانن کە چلۆن هەر کردەوەیەک و هەر دەستپێشخەرییەک و هەر سەرکەوتنێک بکەنە بە پردەبازێک بۆ دەستکەوتێکی زۆرتر و سەرکەوتنێکی گەورەتر.مانگرتنی گشتی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانندا ، وەک ئەزمونێکی جەماوەری و کاریگەر کە لە کوردستان پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە، دەبێ چاوی لێبکرێ و دەرس و ئەزموونی بە نرخی لێوە وەربگیرێ .
* سالی ١٣٩٩ ، لە سێدارەدانی هاوڵاتیانی کوورد بەردەوامە ...
لە شەش مانگی نیوەی یەکەمی ئەمسالدا ، حوکمی سێدارەی ٣٤ بەندکراوی کورد لە بەندیخانەکانی کوردستان و ئێران جێبەجێ کراوە کە بە شێوەی نێونجی هەر دوو مانگ ١١ هاووڵاتیی کورد لەسێدارە دراون.
لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا واتا لە (٢١ی ڕێبەندان هەتا ٢١ی خەرمانان)، حوکمی سێدارەی لانیکەم ٣٤ بەندکراوی کورد لە بەندیخانەکانی ئێران و کوردستان جێبەجێ کراوە .
چوار کەس لەو کەسانەی کە لەو ماوەیەدا لەسێدارە دراون بریتین لە : مستەفا سەلیمی، هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، دیاکۆ ڕەسووڵزادە و سابیر شێخ عەبدوڵڵا .
هەروەها، دوو کەسیان بە ناوەکانی ئەمیر محەمەدپوور خەڵکی بۆکان و شایان سەعیدپوور خەڵکی سەقز لەکاتی ئەنجامی تاوان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ بووە و حوکمی سێدارەیان بە سەردا سەپاوە.
لە کۆی ئەو ٣٤ کەسەی کە لەسێدارە دراون ٤ کەسیان بە تۆمەتی چالاکی سیاسی، ٢ کەسیان بازرگانی کردن بە مادە سڕکەرەکان و ٢٨ کەسیان بە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەست ئەو حوکمەیان بە سەردا سەپابوو.
بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، لە پارێزگاکانی سنە و ئورمیە هەر کامەیان ١٢ هاووڵاتی، لەپارێزگای لوڕستان ٥ هاووڵاتی و لە پارێزگای کرماشان ٤ هاووڵاتی و لە پارێزگای گیلان هاووڵاتییەکی کورد لەسێدارە دراون.
* ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی لە سێدارەدانەکان لە گۆشەو کەناری ئێران ...
ڕژیمی جەنایەتکاری ئیسلامی، لە درێژەی جینایەتی خۆیدا و بە بێ گوێ گرتن بە نارەزاییتیە گشتییەکان نەوید ئەفکاریی ئێعدام کرد. تا هەم تۆڵەی کوژرانی یەکێک لە مەئموورە ئەمنییەکانی خۆی لە جەرەیانی ئاخێزی شاری شیرازدا بکاتەوە و هەم لاوانی شۆڕشگێڕ و کرێکاران و خەڵک، کە بە مانگرتن و نارەزایەتیی خۆیان، خۆفی مەرگیان خستووەتە ناو دڵی ڕژیمەوە، چاوترسێن بکات. خوێنرێژانی کۆماری ئیسلامی بە پێی سێناریۆیەکی لەپێشدا ئامادەکراو، سەرەتا لەژێر ئەشکەنجەدا، ئێعترافی قەتڵیان لە نەوید وەرگرت تا بەڵکوو بتوانن بە ئێعدام کردنی لەژێرناوی قاتڵ، لە هەڵگیرسانی ئاگری تووڕەیی پنگ خواردووی خەڵک ڕێگری بکەن. بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵێکی سەرشۆڕانە، ئێعدامی نەوید داغی نەنگێکی دیکەی لە ناوچاوانی ڕژیمی ئیسلامی دا و نەوید ئەفکاری بوو بە یەکێک لە سەمبۆلەکانی ئازادیخوازی لە ئێران. ئێعدامی نەوید ئەفکاری شەپۆلێکی بێ وێنەی لە تووڕەیی و نارەزایەتی خەڵک و ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و ناوەندە وەرزشیەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لێکەوتووەتەوە.
بە وتەی حەسەن یونسی، پارێزەری نەوید ئەفکاری، لە ئێستادا پتر لە ٣٠ بەندکراوی سیاسی حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە. لەم دوایانەدا، ناوی ١٠ کەس کە بەهۆی بەشداری کردنیان لە نارەزایەتیەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ بە ئێعدام مەحکووم کراون، بڵاوکراوەتەوە. ٥ کەس لە بەشداربووانی نارەزایەتیەکانی ٩٦ لە ئۆستانی ئیسفەهان بە ئێعدام مەحکووم کراون. دادگوستەریی ئیسفەهان ڕایگەیاندووە کە لە پەروەندەکانی پەیوەندیدار بە نارەزایەتیەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨دا، بۆ ٨ کەس حوکمی ئێعدام دەرکراوە. هەروەها یەکێک لە دەستبەسەرکراوانی نارەزایەتیەکانی بەفرانباری ٩٦ بەناوی مستەفا ساڵحی لە زیندانی دەستگردی ئیسفەهان ئێعدام کرا. لە لایەکی دیکەوە ئەمیر حسێن مۆرادی و سەعید تەمجیدی و محەممەد ڕەجەبیش کە لە بەشداربووانی نارەزایەتیەکانی خەزەڵوەری ٩٨ بوون بە ئێعدام مەحکووم کراون. سەرچاوە هەواڵنێریە سەربەخۆکان، ناوی لانیکەم ٣٣ بەندکراوی سیاسیی دیکەیان لە زیندانە جۆراوجۆرەکانی ئێران بڵاوکردووەتەوە کە لە ئێستادا حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و لەژێر تیغی مەرگ دان.
دەزگا تەبلیغاتیەکانی ڕژیمی ئیسلامی، فریوکارانە، دەرکردن و بەڕێوەبردنی سزای ئێعدام لەژێرناوی ئامرازی هێنانە خوارەوەی ڕێژەی تاوان و جەنایەت، بردنەسەرەوەی ئاستی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی و دابین کردنی عەداڵەتی ناو کۆمەڵگا، پاساو دەکەن. بەڵام ئەزموونی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ئەزموونی خودی ئێران و ئامار و داتاکان پێمان دەڵێن کە لە هیچ کۆمەڵگایەکدا سزای ئێعدام و قەتڵی سیستماتیکی دەوڵەتی، ناتوانێ ڕێژەی تاوان و جەنایەت کەم بکاتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئێعدام، هەستی تۆڵەکردنەوە و توندوتیژیی بەهێزتر دەکات. کاتێک قەتڵ لە بەرامبەر قەتڵ، لە ڕێگەی دەوڵەتەوە، ڕێگەپێدراو بێت، ئاساییە ئەگەر کەسانێکیش هان بدرێن کە بەدەستی خۆیان ئەم بەناو عەداڵەتە بەڕێوەبەرن. هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام بە مانای ئەوەیە کە گیانی مرۆڤ، خۆی لەخۆیدا، جێگای ڕێزە و حوکمی هەڵوەشاندنەوەی ئێعدام لە یەکەم هەنگاودا گیان ژمارەیەکی زۆر دەپارێزێ.

**درێژەی هەیە ...**

# یادێک لە هاوڕێی خۆشەویست و ڕابەر دکتۆر جەعفەری شەفیعی

دواڕۆژ

کۆمەڵە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوەو پاش ماوەیەکی کورت، بەهۆی هەڵسوڕانو چالاکی ئەندامانو رابەرانیەوە توانی ببێتە رێکخراوێکی جەماوەریو جێگای متمانەی خەڵکی کوردستان، ببێت بە رێکخراوێک کە بە هەڵسوڕانو تێکۆشانی شێلگیرانە بۆ بەدیهێنانی داخوازییە رەواکانی گەلی چەوساوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە ئاڵاهەڵگربوونی ویستو داخوازی رەوای کرێکارانو زەحمەتکێشانو ژنانو سەرجەم چینو توێژەکان، پەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی هاوچەرخی بزوتنەوەی ئازادخوازیی خەڵکی کورددا تۆماربکات.

ئەوەی ئاشکرایە ئەم شانازیو سەرەوەرییەش بەدی نەدهات ئەگەر باشترین پیاوانو ژنانی ئەم نیشتمانە لەم رێبازەدا گیانبازییان نەکردایەو بۆ کۆتایی هێنان بە ئازارو مەینەتییەکانی هەژارانو زەحمەتکێشانی کوردستان فیداکارییان نەکردایە. رەنگە ئەرکو خەباتی رابەرانی ئەم بزوتنەوەیە لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەو لە بارودۆخێکی پڕ خەفەقانو دیکتاتۆری رژیمی پاشایەتی، چارەنوسسازو سەرەکی بێت، هەربۆیە هەڵدانەوەیەکی لاپەڕەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەو هاوڕێیانە دەتوانێت زیاتر لە گەڵ ماندوونەناسیو فیداکارییو خۆنەویستی رابەرانی کۆمەڵە ئاشنامان بکات.

هاوڕێ دکتۆر جەعفەری شەفیعی یەکێک لەو سیما ناسراوو خۆشەویستانەی خەڵکی کوردستانو کۆمەڵەیە کە بە درێژایی تەمەنی سیاسی خۆی، بە هەڵسوڕانو ماندونەناسی خۆی، گەلێک قازانجو دەستکەوتی بۆ بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد بەرهەم هێناو بە گیانبەختکردنیشی خەسارێکی بێ وێنەی بە کۆمەڵەو ئەم بزوتنەوەیە گەیاند کە تا ئێستاش ئاسەوارەکانی هەر دیارن .

هاوڕێ رابەر دوکتۆر جەعفەری شەفیعی ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە کۆشی بنەماڵەیەکی مەزهەبی لە شاری بۆکان چاوی بەژین پشکوت. خوێندنی سەرەتایی تا وەرگرتنی دیپلۆم لەو شارە تەواو کردو بۆ درێژەدان بە خوێندن چووە شاری تەورێزو لەوێ لە رشتەی پزیشکی لە زانکۆی تەورێز درێژەی بە خوێندندا.

ئەو ساڵانە زانکۆکانی ئێران پڕبوون لەسەرهەڵدانی بیرێکی نوێی شۆڕشگێڕانە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی. لەدوای کودەتای ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی زۆربەی رێکخراوو حیزبەکانی وەک حیزبی تودە بەتوندی سەرکوت کران، هەر لەو دەمەدا بوو کە سیاسەتەکانو ئایدیۆلۆژیای حیزبی تودەو چەپی ئێران لە زانکۆکانداو لەنێو توێژی رۆشنبیر درایە بەر رەخنەو لێکۆڵینەوە. شێوازەکانی خەبات دژی دیکتاتۆری شا بۆ جارێکی دیکە لێکدرایەوە. سەرەڕای ئەمەش سەرهەڵدانی شۆڕشە چەکدارییەکانی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ لەلایەن سمایلی شەریفزادەو هاوڕێکانی لەکوردستان، کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر توێژی خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران دانا. دکتور جەعفەر کە هەستکردن بە کارو رەنجی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشو ئازادیخوازبوون وەک پرەنسیپێکی ژیانی چاولێدەکرد، بیری نوێی شۆڕشگێرانەی ئەوە سەردەمە کاریگەریەکی قووڵتری لەسەر بیرو هزری ئەم هاوڕێ خۆشەویستە دانا. هاوڕێ جەعفەر لەگەڵ چوونی بۆ زانکۆ لە ساڵی ١٣٤٩ پێوەندی لە گەڵ بزووتنەوەی خوێندکاری گرتو بە خێرایی بووبە یەکێک لە رابەرانی بزووتنەوەی خوێندکاری زانکۆی تەورێز.

هاوڕێ جەعفەر شەفیعی هاوکات لە گەڵ خەباتی بزووتنەوەی خوێندکاری لە تەورێز لە گەڵ خەباتی سوسیالیستیو بزووتنەوەی چەپ ئاشنا بوو، هەر لەو سەردەمەدا بوو کە بە پێی سیاسەتو رێنوێنییەکانی کۆمەڵە، هاوڕێ دکتۆر جەعفەرلەگەڵ کرێکارانو زەحمەتکێشان پێوەندییەکانی نزیک کردەوەو بوو بە خۆشەویستو رابەری ئاشنای کۆمەڵە لە نێو کۆڕوکۆمەڵە کرێکارییەکانی وەک ماشین سازی، کرێکارانی کەوشو کرێکارانی قاڵی بافی تەبرێز.

دوکتۆر جەعفەر لەماوەیەکی کورتدا توانی ببێتە سیمای خۆشەویستی ناو کرێکارانو زەحمەتکێشانی کوردستانو هەر زۆر زوو پەیوەندی سیاسیو خەباتکارانەی خۆی لە گەڵ کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی چەوساوەو زەحمەتکێشی کوردستان گریدا. هەڵسووڕانی پزیشکی ئەم هاوڕێیە بەستێنێک بوو بۆ پاراستی نەهێنیەکانی تەشکیلاتو لەهەمان کاتدا پەرەسەندن وبەهێزتر گرتنی پێوەندیەکانی لە گەڵ خەڵک.

دەستگیرکرانی هاوڕێ جەعفەری شەفیعی لە لایەن رژیمی پاشایەتیەوە لە ساڵی ١٣٥١ی هەتاویی، مەیدانێکی تری خەباتو خۆڕاگری ئەم هاوڕێیەمان بوو. جەلادانی ساواک پاش شەش مانگ ئەشکەنجەو ئازاردانی، نەیان توانی زمانی نەهێنی پارێزی بکەنەوە. دکتور جەعفەر دوای ئازادبوونی لە زیندان شێلگیرتر لە جاران درێژەی بە خەباتی سیاسیو رێکخراویی خۆیدا. هاوڕێ جەعفەر دوای تەواوکردنی خوێندنی پزیشکی لە زانکۆی تەورێزو گەڕانەوەی بۆ کوردستان دوکتۆرێکی شۆڕشگێڕ بوو کە بۆ سارێژو چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی خەڵک، دێ بەدێ دەگڕاو لە گەڵ ئەوەشدا خەریکی وشیاری سیاسیو رێکخستنو سازدانی پێوەندی بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵک بە تەشکیلاتی کۆمەڵەوە بوو.

دکتۆر جەعفەر ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی لەسەر بڕیاری کۆمەڵە بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە. لەو ساڵەدا کە ئاخێزەکانی خەڵکی ئێران دژ بە رژیمی حەمە رەزا شا، رەهەندێکی جیدیتری بەخۆیەوەگرتبوو. رێبەرانی کۆمەڵە لە بڕیارێکداو بۆ ئامادەبوون بەرامبەر هەرچەشنە کردەوەیەکی سەربازییو بۆ بەهێز کردنی باڵی چەکداری کۆمەڵە، چەند کەس لە ئەندامانی خۆی رەوانەی کوردستانی عێراق کرد تا لە ناو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئامادەیی سەربازییو چەکدارییان بەهێزبکەن. هەربۆیە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی هاوڕێ دکتۆر جەعفەر لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تر بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردرانو بۆ ماوەیەک لە نێو ریزەکانی یەکێتیدا مانەوە.

لەو دەورانەشدا دکتۆر جەعفەر، بە ناوی دکتۆر عەزیزو وەک پزیشکێک ژیانی زۆرێک لە پێشمەرگەکانو خەڵکی ئەو ناوچەیەی لەمەرگ رزگارکرد، سەرەڕای ئەوە ماوە کورتەی چالاکی دکتۆر جەعفەر لە باشوری کوردستان تا ئێستا ناوو یادی ئەو لە نێو دڵی خەڵکی ئەو ناوچەیەو پێشمەرگەکانی ئەو کاتی یەکێتیدا لە بیر نەچووەتەوە.

هاوڕێ جەعفەر لە گەڵ راپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی رژیمی پاشایەتی گەڕایەوە بۆ مەکۆی شۆڕش، لە کوردستانی رۆژهەڵات. لەم راپەرینەدا هاوڕێ جەعفەر وەک رێبەرێکی جەماوەریو رێکخەرێکی خەباتکارو جێ متمانەی خەڵک، لە شاری بۆکان دەرکەوت. دوکتۆر جەعفەر لە سەروبەری شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانو بەتایبەت بەدوای هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی لە ٢٨ گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ بۆ سەر کوردستان، وەک رێبەرێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان دەوری گێڕاو بووبە سیمای ناسراوو خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک.

هاوڕێ جەعفەر لە کۆڕو کۆبوونەوەو میتینگەکانی شاری بۆکانو مەهاباد لە ساڵی ١٣٥٨ بە سوخەنرانیو بەشداری راستەوخۆی، سەرەنجی خەڵکی بەرەولای خۆی رادەکێشاو بەشداری راستەوخۆی لە بەرنگاری ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستانی دەکرد.

هەروەها دەستی دایە دامەزراندنی ( نەخۆشخانەیەکی خەڵکی )لە شاری بۆکان، کە خەڵکی ئاوایەکانی دەوروبەرو بە تایبەت هەژارانو زەحمەتکێشان بۆ سارێژو چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانیان روویان لەو نەخۆشخانەیە دەکرد کە دوکتۆر جەعفەر بۆخۆی لەوێ بەبێ بەرامبەر سارێژو چارەسەری برینو نەخۆشیەکانیانی دەکرد. دوکتۆر جەعفەر بەهەڵسووڕانی ماندوونەناسانەو تێکۆشانی بێ وچان، وەک سیمایەکی هەمیشە زیندوو، لە بیر وهزری خەڵکی ئەو ناوچەیە ماوەتەوە.

هەر لەو ساڵەدا دکتور جەعفەر وەک ئەندامی کۆمیتەی نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە وەفدی نوێنەرانی گەلی کورد بۆ وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بەشداری لە دانوستانەکان کرد. شۆڕشگێڕییو راشکاوبوون لە قسەو کردەوەدا یەکێک لە خەسڵەتەکانی دکتۆر جەعفەر بوو لە وتووێژەکان لەگەڵ وەفدی کۆماری ئیسلامی، لە خۆی نیشاندا. دکتۆر جەعفەر لە چەندین میتینگو کۆبوونەوە لە شاری بۆکان، جەماوەری خەڵکی لە راستییەکانی ئەو وتووێژانەو سەرجەم سیاسەتەکانی رژیم لە کوردستانو ئێران ئاگادار دەکردەوە، بەم جۆرە دەورونەقشێکی گەورەی لە ئاگاە سازی خەڵک سەبارەت بە رووداوەکان دەگێڕا.

دوای داگیرکردنی کوردستان لەلایەن رژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامییەوە لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، دوکتۆر جەعفەر لە دوو میتینگی گەورەو بەربڵاو، لە ئاوایەکانی دەوروبەری مەهاباد بەشداری کرد کە، وتە بەنرخەکانی ئەم رێبەرە لە خۆبردووە تا ئێستاش لە گوێی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا دەزرینگێتەوە. هاوڕێ جەعفەر لە ساڵی ١٣٥٨ وە تا کاتی گیان بەختکردنی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەبوو. هەروەها یەکێک لە دارێژەرانی سیاسەتی کۆمەڵە بوو، کە راستەخۆ لەهەموو گۆڕانکاریە سیاسیەکانی کوردستاندا، رێبەری بزووتنەوەی حەقخوازانەی ئەم گەلە ستەم لێکراوەی دەکرد.

بەشی هەرەزۆری هەڵسووڕانی هاوڕێ جەعفەری شەفیعی لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بەدواوە بەشێکی بەربڵاوی کاری تەبلیغی لە نێو کۆمەڵەی پێک دەهێنا. لەم ساڵەدا بووبە بەرپرسی رادیۆی کۆمەڵەو سەرنووسەری گۆڤاری پێشڕەوو هەروەها چاوەدێری سەرجەم دەزگا تەبلیغیەکانی کۆمەڵەی دەکردو بەگشتی ماوەی ٦ ساڵ سەرجەم تەبلیغاتی کۆمەڵە لە ژێر چاودێری هاوڕێ جەعفەردا بوو. هەربۆیە لە ژێر تەئسیری سەرجەم رووداوە سیاسیەکانی ئەو کاتی کوردستانو یەک لەوانە، لە ژێر تەئسیری کەسایەتی خۆشناوو خەباتکارانەی دوکتۆر جەعفەر کۆمەڵە لەماوەی ئەو٦ ساڵەدا توانی ببێتە حیزبێکی جەماوەریو نوێخواز، کە هەموو هەوڵی، ئاشناکردنی خەڵک، لە گەڵ مافە دیموکراتیکو مافە ئینسانیەکانی خۆیان بوو. دەورو نەخشی دوکتۆر جەعفەر بەشێوەیەکی بەربڵاو تا هەنووکەش لەسەر بزووتنەوە جەماوەری خەڵکو رەوتی سیاسی کۆمەڵەوە دیارە. دوکتۆر جەعفەری شەفیعی لە ماوەی ١٧ ساڵ تێکۆشانی سیاسی خۆیدا، تەنیا پزیشکێک نەبوو، کە سارێژی زامەکانی جەستەیی خەڵک بکا، بەڵکوو دوکتۆرێکی سارێژکەری رەنجو ناعەداڵەتیەکانی کۆمەڵگای پڕ لە چەوساندنەوەی کوردستان بوو.

٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٦هەتاوی، خەزانی ناوادەی پاییز، گڵای سەوزی تەمەنی پڕ بەرهەمی هاوڕێی خۆشەویستو تێکۆشەری دوکتۆر جەعفەری هەڵوەراند. لەم رۆژەدا هەواڵێکی دڵتەزێن لە نێو ریزەکانی کۆمەڵەو لە نێو چەوساوەکانی کوردستاندا بڵاو بووەوە، هەواڵەکە کوتو پڕو دەڵتەزێن بوو. بەڵێ رۆژی٧ی خەزەڵوەر، لە کاتێکدا کاک دوکتۆر جەعفەر بۆ ئەنجامدانی مەئمووریەتێکی تەشکیلاتی لە کوردستانەوە بەرەو بەغدا کەوتبووە رێو بە نیاز بوو لەوێوە بەرەو ئۆرووپا بڕوات، بە داخێکی زۆر گرانەوە تووشی رووداوی پێکدادانی ماشین هاتو دڵی گەورەو پڕ لە هیوای بۆ سەربەستیو رزگاری چەوساوەکانی کوردستان بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.

هەموو ئەو کەسانەی کە دوکتۆر جەعفەریان دەناسی بە بیستنی هەواڵی گیان بەختکردنی تاسان. هیچ کەس نەیدەتوانی خۆ لە بەر قورسایی ئەم خەمە گەورەیە رابگرێ. هیچ کەس نەیدەویستو باوەڕی نەدەکرد ئیتر دکتۆر جەعفەر لە ناوماندا نەماوەو هیچ کەس ئامادە نەبوو وشەی تالی مەرگ بە بەژنی بەرزی ئەم تێکۆشەرە ماندوو نەناسە ببڕێت.

بە داخەوە هاوڕێ دکتۆر جەعفەر لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا چاوە گەشو پڕ هیواکانی لێک ناو، دڵی گەورەو لێوان لێوی لە هیوای سەرکەوتن بۆ رزگاری ئینسان، بۆ هەمیشە لە لێدان کەوتو سەنگەری خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستانو چینی چەوساوەی بە ئێمە هاوڕێیانی سپارد.

گەورەترین رێزلێنان لە یادی هاوڕێی هەمیشە زیندوو، هاوڕێ جەعفەری شەفیعیو هەموو گیانبەختکردوانی رێگای ئازادیو عەداڵەت، تا گەیشتن بە لووتکەی بەرزی سەرکەوتن، درێژەدان بە رێگای پڕ لە شانازیو بە بایەخی ئەوانەو بێ گومان یادو بیرەوەریەکانی هاوڕێ جەعفەری شەفیعی بۆ هەمیشە لە نێو دڵی ئێمەدا زیندووە، چونکە خەبات بۆ رزگاری ئینسان هەمیشە درێژەی هەیە.



DwaRoj

سەرنووسەر:
ڕەزا کەعبی
بەڕێوەبەری نووسین و دیزاین:
هێمن بایەزیدپوور
ئێدیت و پێداچوونەوە:
محەممەد فەرهادزادە

بۆ خوێندنەوەی دوارۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj@komala.com

# یادێک لە فەخرەی نەوەڕە

# پێشمەرگەیەکی قارەمانی کۆمەڵە

دوارۆژ





لە ناوڕاستی ئاوایی نەوەڕە لە نزیک شاری سنە، یەکەم شتێک سەرنجت ڕادەکێشێت ئەو کۆڵەکەی بەجێماوی ماڵێکە کە دیارە ساڵانێکە خراپ بووە، بەڵام کۆڵەکەکانی ماڵەکە هێشتاکە لەسەر پێیە. لە خەڵکی ئاواییەکە کە دەپرسی بۆچی ئەم ماڵە بەمجۆرە ماوەتەوە، لە حاڵێکدا کە دیوارەکانی شار زۆری نەماوە بگەنە ئاواییەکە. خەمێکی گەورە هاوڕێ لەگەڵ غورورێکی مەزن لە روخساریان دایە و دەڵێن: ئەمانە کۆڵەکەی هەر ئەو ماڵەن کە شەهید فەخرە ١٦ کاتژمێر لەوێدا خۆڕاگریی کرد و یەکە یەکەی ئەم بەردگەلە شایەتحاڵی ئەو شەو و رۆژە مێژووییەن و کەس نایهەوێت ئەم بەرد و ئەم شایەتحاڵانە جێ بەجێ بکاج. چیرۆکی ژیانی فەخرە لە ساڵی ١٣٣٣ی هەتاویی هەر لەم گوندە دەست پێ دەکات. شەهید فەخرە کوڕی باخدارێکی نەوەڕەیە. تا پۆلی شەشم لە قوتابخانەی ئاواییەکە سەرقاڵی خوێندن بوو و دواتر لەگەڵ بنەماڵەکەی بەرەو شاری سنە کۆچیان کرد. هەر لە منداڵیەوە لای مامە و ئامۆزاکانی کە سەرقاڵی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیل بوون، دەستی کرد بە کار کردن. کاتێ گەورەتر بوو، بووە شۆفیری کامیۆنی دە تۆن لە هێڵی سنە بۆ تاران. ماڵێکی لە نزیک ساڵۆنی تەختی کڕی و هاوسەرگیری کرد و منداڵکیان بوو کە ناویان نا سیروان. ناوێک کە لە چۆمی بەناوبانگی سیروان سەرچاوەی گرتبوو. هەموو هەوڵی فەخرەدین پێش لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ تەنیا لە رێگای دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ ژن و منداڵەکەی بوو و هەموو هەوڵێکی دەخستەگەڕ تا بتوانێت ژیانێکی گونجاویان بۆ بڕەخسێنێ. هەر لەو ساڵانەدا بوو کە شەهید فەخرە لەگەڵ کاک سەید ئەیوب نەبەوی لە خۆشناوترین چالاکانی سیاسی شاری سنە ئاشنا بوو. ئەم ئاشنایی و وتووێژە بەردەوامانە لەگەڵ کاک ئەیوب نەبەوی لەسەر بابەتەکانی رۆژ و دۆخی خەڵک کاریگەریەکی زۆری لە سازدان و پوختەکردنی بیرۆکەکانی شەهید فەخرە هەبوو و ئەوی دواتر لە رێگای خەبات و بەرگریی لە مافەکانی خەڵک لە بەرانبەر کۆنەپەرستەکانی کۆماریی ئیسلامی پتەوتر کرد. پاش شۆڕش و لە کاتی هێرشی رژیم بۆ سەر خەڵکێک کە خوازیاری دەستڕاگەیشتن بە مافەکانیان بوون، فەخرە بە خەڵکی خەباتکار پەیوەست بوو. ئەو لە رێپێوانی خەڵکی سنە بەرەو مەریوان و پشتیوانی لە کۆچی مێژویی مەریوان بەشدارییەکی چالاکانەی هەبوو و یەکێک لە رێکخەرانی ئەو حەرەکەتە گەورە و مێژووییە بوو. پاش دەرکردنی فتوای خومەینی بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ فەخرە بنەماڵەکەی گەڕاندەوە بۆ ئاوایی نەوەڕە و خۆی بووە ئەندامی شوورای گەڕەکی تازاوا لە شاری سنە. پاشان بوو بە ئەندامی تەشکیلاتی کۆمەڵە و لە نێو تەشکیلاتدا بەشداریەکی چالاک و گرنگی هەبوو و بۆ پێشمەرگەکان چەک و تەقەمەنی و خواردنی ئامادە دەکرد و بە ئەسب لە رێگای سەخڵەت و دژوارەوە ئەو پێداویستیانەی دەگەیاندە دەستی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە. پەیوەندیەکی چڕوپڕی لەگەڵ بنەماڵەی پێشمەرگەکاندا هەبوو و چەندین جار بۆ گەیاندنی پەیامێکی بچووک بۆ بنەماڵەکان و پێشمەرگەکان بێ هیچ ترس و دڵەڕاوکەیەک دەگەڕایەوە ناوشار و چەندین کیلۆمیتر رێگای بۆ گەیاندنی نامە و پەیامەکان دەپێوا. شەهید فەخرە هەوڵی دەدا پاش تەواو کردنی هەر مەئموریەتێک سەردانی بنەماڵەکەی دەکرد و پێداویستیەکانی بنەماڵەکەی خۆیشی جێبەجێ دەکرد. نەیدەویست لەو بارودۆخەدا باری ژیانی خۆی بخاتە ئەستۆی کەسی دیکە. ئاکۆ کوڕە دووهەمەکەی لەو ساڵانەدا چاوی بە ژیان پشکووت. بنەماڵەکەی لە گەورە بوونەوەدا بوو و فەخرە هەوڵی دەدا مەودای هەر جار چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی کورت تر بکاتەوە و چاوەڕێی لەدایکبوونی منداڵە سێهەمەکەی بوو. کۆتاییەکانی هاوینی ١٣٦٠ فەخرە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی گەڕایەوە بۆ ئاوایی نەوەڕە. لەو کاتەدا رێژەی بەکرێگیراوانی رژیم لە کون و کوژبنی شار و گوندەکان رووی لە زیادبوون بوو تا خەباتکارەکان و پێشمەرگە و چالاکانی سیاسی بدۆزنەوەو تەسلیمی دوژمنیان بکەن. گەڕانەوەی ئەو شەوەی فەخرە لە چاوی محەممەد ئەمین کەڵاتە و چەند بەکرێگیراوی ناسراوی دیکە کە شەو و رۆژ لە هەوڵی دەستگیر کردنی هێزی پێشمەرگەدا بوون، بە دوور نەما. ئەوان نەیانوێرا خۆیان بە تەنیایی هەوڵی گرتنی شەهید فەخرە بدەن و کاتژمێر ٤ی بەرەبەیان یەک ستوون لە هێزەکانی پاسدار و چەندین بەکرێگیراوی ناسراوی ناوچەکە گەمارۆی ئاوایی نەوەڕەیان دا. ئەوان هەموو ئاواییەکەیان گەمارۆ دا و پێیان وابوو دەتوانن فەخرە خافڵگیر بکەن. دوو کەس لە جاشەکان چوونە بەر ماڵی شەهید فەخرە و خۆیان وەک پێشمەرگە دەناسێنن، بەڵام فەخرە بە وشیاری و زیرەکی خۆی توانی پەی بەو تەڵەیە ببات کە بۆی دانرا بوو.

هاوکات کە دەرگای ماڵەکە دەکاتەوە تەقە لە سێ کەس لە بەکرێگیراوان دەکات کە دەسبەجێ دەکوژرێن، بە خێرایی چەکی هەرسێکیان هەڵدەگرێ و دەگەڕێتەوە ناو ماڵەکەو هەرکام لە چەکەکان لە پشت پەنجەرەیەک دادەنێ و بە تەنیایی لە بەرانبەر هێزەکانی سپاو بەکرێگیراواندا رادەوەستێ. پاسدارەکان پێیانوایە کە لەناو ماڵەکە چەندین پێشمەرگەی تێدایە بۆیە کەمێک لێی دوور دەکەونەوە. بنەماڵەی فەخرە لە ماڵەوەن بە یارمەتی خەڵکی ئاوایی لەماڵ دێنە دەرەوەو بەرەو شوێنێک ئەمن بەڕێ دەکرێن. لە کاتێکدا کە خەڵکی ئاوایی لە هەوڵی ئەوەدان کەیارمەتی بنەماڵەی فەخرە بدەن یەکێک لە بەکرێگیراوان، کوڕە گەورەی فەخرە بە ناوی سیروان کە لە باوەشی یەکێک لە خەڵکی ئاواییە رادەگرێ و دەڵێ ئەمە شێوەی زۆر لە فەخرە دەچێ بەڵام ئەو هاوڵاتیە سوێند دەخوا کە منداڵی خۆیەتی و بەهەر شێوە منداڵەکە رزگار دەکات.

عەلادەین برا بچکۆلەی فەخرە کاتژمێر ٦ بەرەو دەرەوەی ئاوایی بەڕێ دەکەوێ بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە پێشمەرگەکان بە مەبەستی یارمەتیدانی براکەی، بەڵام بەکرێگیراوانی رژیم دەیناسن و دەسبەسەری دەکەن و لە تۆڵەی ئەو شکستەی بەسەریاندا هات، ناوبراو بەرچاوی خەڵکی ئاوایی تیرباران دەکەن. هێزەکانی رژیم بە مەبەستی دەسبەسەرکردن و کوشتنی فەخرە بانی ماڵەکەیان رووخاند و چەند نارنجەکێکیان فرێدایە ناو ماڵەکەوە. فەخرە بریندار دەبێ و خۆی دەگەیەنێتە ژێرخانی ماڵەکە و چەند کاتژمێر دیکەش سەرەڕای ئەوەی بریندار بوو بە تەنیایی لە بەرانبەر هێزێکی گەورەی پاسدارو بەکرێگیراواندا خۆڕاگری کرد. لەم تێکهەڵچوونە نابەرابەرەدا کە ١٦ کاتژمێری خایاند ٨ تا ١٢ کەس لە هێزەکانی رژیم کوژران. هەموو تەقەمەنی فەخرە بەرەو کۆتایی رۆیشت و ئێستا تەنیا یەک فیشەک پێ ماوە. فەخرە سەرەڕای ئەوەی بریندار بوو بەڵام راوەستاوو بوێرانە لە ماڵ هاتە دەرەوەو خۆی گەیاندە سەربانی ماڵەکەو روو بە هەموو خەڵکی ئاوایی وتی، خەڵکە ئێوە ئاگادار بن کە رژیم هێزێکی گەورەی بۆ دەسبەسەرکردنی من هێناوە بەڵام من ناهێڵم ئەو شانازیەیان بە نەسیب بێ کە ئەوان کۆتایی بە ژیانی من بهێنن، بۆیە هەر دوای قسەکانی چەکەکەی دەنێ بە سەریەوەو کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێ و بەمشێوە گیانی بەخت دەکات.

هەواڵی تێکهەڵچوونی فەخرە لەگەڵ هێزەکانی رژیم دەگاتە هێزی پێشمەرگە. ئەوان بەرەو ئاوایی نەوەڕە رێکەوتوون بەڵام لە دەورووبەری ئاوایی کە هێزەکانی رژیم گەمارۆیان دابوو تووشی دەرگیری دەبن. کاتێکە پێشمەرگەکان دەگەنە ئاوایی نەوەڕە هەواڵێکیان پێ دەگا کە فەخرە چەند کاتژمێر پێش فیشەکی تەواو بووەو بۆ ئەوەی بە زیندوویی نەکەوێتە دەستی هێزەکانی رژیم بە دوایین فیشەکێ کە پێی مابوو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. هاوکات لەگەڵ گەیشتنی هێزی پێشمەرگە، رژیم ئەوێیان بەجێ هێشتبوو وە ئاوایی نەوەڕە خەمێکی قورس دایگرتبوو. خەڵکی ئاوایی کە شایەتی خۆڕاگری و خەباتی فەخرە و چۆنیەتی گیانبەختکردنی و هاوکات ئێعدامی براکەی بە ناوی عەلا ببوون، لەوەیکە پێشمەرگەکان درەنگ گەیشتبوون زۆر نیگەران و دڵگیر بوون و بە ساردی لەگەڵیان هەڵسووکەوتیان کرد. سەرلەبەیانی ئەو رۆژە پێشمەرگەکان رێوڕەسمێکی پڕ شکۆیان بۆ فەخرە و براکەی بەڕێوەبرد و تەرمی ئەو دوو گیانبەختکردووەیان بە خوێندنی سروودی شۆڕشگێڕانە و بە دەنگی کاڵێ ئاتەشین بە خاک سپارد.

لەم رێوڕەسمە باوک و کوڕی پووری فەخرەو هاوکات خوسرەو رەشیدیان چەند وتەیەکیان پێشکەشکرد و بەوشێوە رێزیان لە خەباتی ئەو دوو برا گیانبەختکردووە گرت. خەڵکی ئاوایی تا رادەیەک هێور بوونەوەو بە رێزەوە پێشمەرگەکانیان بەرێکرد. مانگێک دوای گیانبەختکردنی فەخرە تەشکیلاتی کۆمەڵە بە بۆنەی چلەمین رۆژی گیانبەختکردنی ئەم قارەمانە تێکۆشەرە، چالاکیەکی لە ژێر ناوی فەخرەی نەوەڕە لە سنە ئەنجامدا. ٧٢ پێشمەرگەی کۆمەڵە لەم چالاکیەدا بەشداریان کرد کە مەبەست لێی هێرش بۆ سەر ئیدارەی ئیتلاعاتی سنەو دەسبەسەرکردنی ١٢ کەس لە بەکریگیراوانی رژیم لە گەڕەکی کەڵکە جاڕی سنە بوو. هێزەکانی پێشمەرگە لە رێگەی ئاویەر هاتنە نێو شار و گەڕەکی کەڵکە جاڕیان گەمارۆ دا و دەسبەجێ فەتحوڵلا کولاقووچی چووە ناو مزگەوت و لەوێوە روو بە خەڵک رایگەیاند، خەڵکی قارەمان و بەشەرەفی سنە ئێمە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە هەموو گەڕەکی کەڵکە جاڕمان کۆنترۆل کردووە و لەم رێگەوە سڵاو دەنێرین بۆ خەڵکی خەباتکارو تێکۆشەری ئەم شارە. لە هەمانکاتدا بە ئارپیجیی هێرشکرایە سەر بینای پێشووی ساواک کە ئێستا ئیدارەی ئیتلاعاتی رژیمی ئیسلامیە. لەم چالاکیەدا جیا لەیەکێک لە بەکرێگیراوان کە لەم تێکهەڵچوونە کوژرا ١٣ کەسیان



دەسبەسەرکران و زیانێکی گەورەیان بەرکەوت. نیوەشەو کە چالاکیەکە بە سەرکەوتوویی کۆتایی دێت پێشمەرگەکان لە ناو ئاپۆڕەی گەرمی خەڵکی شاری سنە بەرەو بنکەو بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە لە شاخەکان دەگەڕێنەوە.

لە ناو ژووری زۆرێک لە ماڵەکانی ئاوایی نەوەڕە وێنەیەکی هاوبەش دەبینرێت کە لە ناویدا سیمایەکی ئاشنای تێدا بەدی دەکرێت کە دەسارێکی کوردی بەسەرەوەیەو لەسەر ئەسپێکی جوان دانیشووە. ئەویش وێنەی قارەمانی ئەفسانەیی فەخرەی نەوەڕەیە کە ناوو بوێری و قارەمانەتی لە هەموو کوردستان دەنگی داوەتەوەو بۆ هەمیشە لە بیروزەینی جەماوەردا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

ماڵی باوکی فەخرە نەوەڕە نۆژەنکراوەتەوەو ئێستا خۆشکەزاکەی و باوکی تێیدا ژیان دەکەن.

باشتر وایە بۆ عەلا تەمەنی ١٥ تا ١٦ ساڵ بنووسرێ بۆ ئەوەی لەگەڵ رێکەوتی سەر بەردی قەبرەکەی یەک بگرێتەوە.

وێنەیەک کە خەڵکی تێدایە دوای نۆژەنکردنەوەی ماڵی فەخرەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٣٦٤ و ٦٥ کە ماوەیەک بوو کارەبا راکێشرابوو بۆ ئەم ئاواییە.

ماڵێکە کە خەڵک لەسەری راوەستاون شانبەشانی ماڵی فەخرەیە کە ئەویش بەمزووانە دروستکراوە ( دوای رووداوی ١٣٦٠ )